لێزان



چاپی یەکەم 2000

* 30 وانە
* نووسینی: لێژان
* چاپی یەکەم
* تیراژ: 500 دانە
ساڵی: 2000

قسەیەک

یا ئەوەی دەیکەی شەرمی لێ مەکە
یا ئەوەی شەرمی لێ دەکەی مەیکە

ئەم (٥٠) ساڵەی رابردوومان پڕبوون لەکارەسات، لە کوێرەوەریی، لەمەرگەسات.. پڕبوون لەنهێنی، خەڵکێکی زۆر ئاواتی مەزنیان بردە گڵەوە، زۆریتریش بە نهێنی گەورەوە بەخاک سپێردران.

دەبوایە ببینە شایەتی ئەم چەرخە تەگریسە پڕ لە نهێنییە، وای نهێنی پاراستن چ ئازارێکە..! ئای کە چ ئاواتێکە..! چارەنووسەکەمان وای هێنا..

ئێمەش درەنگ، یا زوو دەڕۆین.. یا شتێک لەگەڵ خۆماندا نەبەینە گۆڕەوە کە ساقی نەوەکانی داهاتووە بیزانن.. ئەوانەی ئەمڕۆ بەزەبری کوشتن و چاوبەستەکێ خۆیان سەپاندووە، ئەوانەی ئەمڕۆ دەسەڵاتێکی درۆزنانەیان بۆ خۆیان بونیات ناوە، یا نەتوانن فێڵ لە داهاتووش بکەن، یا رێگەیان نەدەین لەوێشدا شکۆیەکی درۆزنانەی دیکە بۆ خۆیان و وەچەکانیان بەپێوە بنێن.

یا بازرگانەکانی شەڕ، یا بازرگانەکانی سیاسەت وەکو خۆیان بناسرێن، یا نهێنی ئەو جامبازانە نەپارێزرێ کە بە هەزارو یەک دەمامکەوە سەوا لەسەر بەها پیرۆزەکانمان دەکەن.

درکاندنی نهێنیش دیارە پێشمەرگایەتی دەوێ، بەڵام بۆ ئەوەی دوژمن تۆخەیی لێ نەکات، پێشمەرگە پێویستی بە(ناوی نهێنی) و تەنانەت دەمامکیش دەبێ.

حەزم دەکرد ئەم بەرهەمە بەناوی دیارو راستەقینەی خۆمەوە تۆمار بکەم، بەڵام

باوەڕ بفەرموون (لەترسی) پاڵەوانەکانی(!) ئەم ئاوانانەی کە لەم ئاوانامەیەدا ناویان هاتووە، ئەمویترا(ناوی) خۆم بخەمە سەر بەرگەکەی.

تراجیکۆمیدیاکە لێرەدایە.. پاڵەوانەکانی(!) ئەم بەڵگەنامانە، بۆ خۆشیان دەزانن ئاوانیان کردووە، بۆ خۆشیان وەکو مرۆڤی دیکەی ئاسایی شەرم لەئاوان دەکەنەوە، بۆیە نایانەوێ کەس بەڕوویاندا بدانەوە.

ئاوانی منیش (ئەگەر هەمبێ) هەر ئەوەیە کە چرکێ لەم پیساییە وەردەدەم.. ئەم گەمە پیسەش هەر پەیوەندیی بە چارەنووسەوە هەیە.. ئاخر منیش ناتوانم ئاوان ببینم و باسی نەکەم.. منیش ناتوانم ئاوانبار ببینم و پەنجەی بۆ درێژ نەکەم، ئاخر کەی خوایەرداوە ئێوە بە (کردەوە) ئاوان بکەن، بەڵام من بۆم نەبێ بە (قسە)ش باسی بکەم؟!.

ئاخر ئێوە دەزانن ئاوان دەکەن و شەرمیشی لێ دەکەن و، دەیشیشارنەوە.. منیش بۆم ناکرێ ئەو بارەگرانە لەگەڵ خۆمدا ببەمە گڵەوە..ئیدە ئێوە ئاوان مەکەن.. کە ئاوانیش دەکەن دەبێ بایی ئەوەندە ئازاو بوێریش بوونایە کە بە خۆتان دانتان بەئاوانەکانتاندا بنایە و لەئاشکراکردنیشیاندا بەر ئێمەوەمانان.

من قسەی خۆم کرد، ئێوەش پیاوبن(!)، یا ئەوەی دەیکەن شەرمی لێ مەکەن، یا ئەوەی شەرمی لێ دەکەن مەیکەن.

تێبینی:

ئەم بەڵگەنامانەی لێرەدا دەیبینن زۆربەیان لە(چاپخانە دەستیە شەخسییەکەی) مام جەلالدا دەستکەوتوون، کاتێک کە پارتی لە هاوینی ١٩٩٦دا قەڵاچوالانی ئازاد کرد.

1

پاش بیرە بیرەیەکی دوورو درێژ حکومەتی ئەمریکا لەهوزەیرانی ساڵی ١٩٩٥دا، بۆ بەدیهێنانی چارەسەرێکی سیاسیانەی ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتی، بڕیاری ئەوەی دا کە رۆڵێکی چالاک و کاریگەرانەتر بگێڕێ، لەترسی ئەوەی ئەوەک ململانێیەکەی نێوانیان لەناوچەکەدا پەرە بسێنێ و هێزەکانی ناوچەکەش تێوەی بگلێن و دەستی تێوەردەن و سیاسەتی «لێحتوای دووسەرە»و سیاسەتی پارێزگاری کردنی ئاسایش و سیاسیانەی ئەمریکا بەرانبەر بەکوردەی عێراق لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە.

یەکێتی - پێش ئەو دەمە لەڕێی ئینقلابێکی سەربازییەوە هەوڵێکی پایتەختی هەرێمی داگیر کردبوو، حکومەت و پەرلەمانی کوردستانی لەکارخستبوو، ئەو داگیرکردنە سەربازییەشی وەکو کارتی ئیبتزاز بۆ بەچۆکدا هێنانی پارتی و سەپاندنی مەرجەکانی خۆی بەکار دەهێنا، بەو هیوایەش کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی خۆی بەسەر کوردستان و گەلە ستەمدیدەکەیدا بسەپێنێ لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا درێژەی بە سیاسەتی دەرکردن و ئاوارەکردنی پارتییەکان دەدا. هەروەها بەو نیازەش کە بتوانێ پارتی لەپاشماوەی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر وەک هاوینە هەواری سەلاحەدین - شەقڵاوەو رێگای هامیلتۆن دەربکات، هەوڵی بەرفراوان کردنی ناوچەکانی بن دەسەڵاتی مەیدانی خۆی دەدا، بەمەش یەکێتی وسەرکردایەتیە «رۆشنبیرەکەی» خەونی کوردی - یان کردە بارمتەی چنگە دۆلارێکی برایم خەلیل.

ئەو دەمەش بوو کە بۆ پێکگەیاندنی سەرکردایەتیی هەردوولا و بەسەر کردنەوەی

تواناى دەستپێكردنى پرۆسەیەكى ئاشتەوایى بەسەر پەرشتى حكومەتى ئەمریكا، وەفدێكى ئەمریكى بەسەرۆكایەتى (رۆبەرت دوییچ)ى بەڕێوەبەرى داتیبرەى باكوورى كەنداو، هاتە كوردستان، هەردوولایەنیش رەزامەندییان لەسەر فیكرەكە پیشانداو، پێشوازییان لێكردو بەڵێنیشیان دا كە پابەندى پرۆسەكە بن و گرژى نێوانیان خاوبكەنەوەو، رەچاوى ئەو ئاگربەستەش بكەن كە پەیڕەو دەكرا.

بەڵام هەر ئەوەندەى كە وەفدە ئەمریكییە - توركییەكە كوردستانى بەجێ هێشت، ئیتر بۆ وەدەست هێنانى دەسكەوتى زیاتر لەسەر زەوى، (ى.ن.ك) لەچەند قۆڵێكەوە پەلامارێكى درندانەى بۆ سەر بارەگاكانى پارتى لە سەرى رەش و سەلاحەدین دەستپێكرد. ئەوەبوو لە ئەنجامى بەرگرى پاڵەوانانەى بێ وێنەى ئەو پێشمەرگانەى كە لە دەزگاى فەرماندەیى لەشكرى كوردستاندا رێكخرابوونەوە، ئەو پیلانەى تاڵەبانى زیندە بەچاڵ كرا.

بیانووى لایەنى ئەمریكى لەوەرنەكرتنى هەڵوێست لەم پەلامارە دڕندكارییەى یەكێتیش، ئەوەبوو كە ئەوان تازە ئەو دەستپێشخەرییەیان دەست داوەتێ، هێشتا پرۆسەى ئاشتیش دەستى پێنەكردووەو لەسەر زەوى چاودێریان نییە، تەنانەت ئەو ئاگر بەسەش كە ئەوان دەیانەوێ پیادەى بكەن، هێشتا بەرەسمى نەچەسپاوە. هەر بەوەندەش وازیان هێنا كە ئامۆژگارى هەردوولا بكەن و داواى رێزگرتنى ئاگربەس و خاوكردنەوەى دۆخەكەو خۆ گرتنیان لێ بكەن.

یەكەم دانیشتنى وتووێژیش ئەوەبوو كە لە ٨ تا ١١ى ئابى ١٩٩٥، لە درۆكهیدا دبلن بەسەرپەرشتى ئەمریكا، توركیاو كۆنگرەى نیشتمانیى عێراقى بەسترا. كە بە رێككەوتن لەسەر كۆمەڵێك بنەماى سەرەكى بۆ چارەسەركردنى كێشەكە كۆتایى پێهات كە بە رێككەوتنى بنەماكانى درۆكهیدا ناسراو، پێبەندبوونى هەردوو لاش بەئاگر بەسەوەى لەخۆ گرتبوو.

هەر لەچوار چێوەى پرۆسەى ئاشتى دبلن - یشدا بوو كە چوار جەولەى وتووێژ بەم شێوەیەى خوارەوە لە نێوان پارتى و یەكێتیدا گرێ دران:

١- وتووێژەكانى درۆكهیدا لە ٨ تا ١١ى ئابى ١٩٩٥.

٢- وتووێژەكانى دبلن لە ١٢ تا ١٥ى ئەیلوولى ١٩٩٥.

٣- وتووێژەكانى كوردستان لە ١٤ تا ١٨ى تشرینى دووەمى ١٩٩٥.

٤- وتووێژەكانى كوردستان لە..... نیسانى ١٩٩٦.

لەهەموو ئەو وتووێژو دیكۆمێنت و تەسریحانەشدا كە لەبارەیانەوە دران، وەك مەرجێكى سەرەكى بۆ بەدیهێنانى چارەسەرییەكە، جەخت لەسەر پێبەندبوونى ئاگربەس كرایەوە.

هەروەها وتووێژەكان لەسەر ئاستى كێشە جەوهەرییەكانیشدا پێشكەوتنى گەورەى بەخۆیەوە دیت:

- چەسپاندنى ئاگربەس و پێبەندبوون پێیەوەى و راگەیاندنى ئەوە بەئاشكرا.

- لەچەك داماڵینى هەولێر.

- كۆكردنەوەى هەموو داهاتەكان پاش سەلماندنى داماڵینى چەك لەهەولێر.

- گەڕانەوەى دەسەڵاتى شەرعیى پەرلەمان بۆ گێڕانى رۆڵى خۆى و پێكهێنانى حكومەتێكى ئیئتلافى.

- پێكهێنانى دەستەیەكى بێلایەن لەكۆنگرەى نیشتمانیى عێراق بۆ چاودێرى و سەرپەرشتى جێبەجێ كردنى بەندەكانى رێككەوتنامەكە.

- لە ئەستۆگرتنى خەرجى كارو چالاكییەكانى دەستە بێ لایەنەكە.

لە هەموو ئەم بوارانەشدا پێشكەوتنى لەسەرخۆو بەرچاو بەدەست هات و مایەوە مەسەلەى خەرجى پرۆسەكە كە لایەنى ئەمریكى نەیتوانى بە تەواوەتى دابینى بكات، هەرچەندە سەركردایەتیى پارتى و لایەنەكەى دیكە بەڵێنیان دابوو كە هەریەكەو بە بەشێك بەشدارى تێدا بكەن.

ئەوەبوو لایەنى ئەمریكى لە ١٧ى ئابى ١٩٩٦دا بە نووسینى بەڵێنى چارەسەركردنى كێشەى دابینكردنى خەرجى پرۆسەكەو بانگهێشتنى سەرۆكى پارتى هێژا مەسعود بارزانى و تاڵەبانییان دا، كە بچن لە واشنتۆندا یەكدى ببینن و رێككەوتننامەكەش مۆر بكەن.

بەڵام تاڵەبانى و سەركردایەتیى یەكێتى نیشتمانى، بەڵێنى خۆیان شكاندو

پەیمانى خۆیان ژێر پێ ناو وتووێژى دبلن - یان، لەگۆڕنا. كاتێك لە شەوى ١٦ى ئابى ١٩٩٦دا، لە یادى یۆبیلى زێڕینى دامەزراندنى پارتیدا ئاگربەسیان شكاندو لە بەرەكانى چۆمان - قەسرێ - رواندوز و حاجى ئۆمەران و سیدەكانەوە، هێرش و پەلاماریان هێنایەوە سەر پارتى، ئیتر ئەوەبوو سەرپەرشتیارانى ئاشتیش نەیانتوانى وەك پێشتر بەڵێنیان دابوو، هەڵوێستى یەكلاكەرەوە لە پێشێلكارانى ئاگربەس وەربگرن. ئەمەش لە كاتێكدا روویدا كە سەرۆك بارزانى پێش چەند سەعاتێك بە بۆنەى (٥٠) ساڵەى دامەزراندنى پارتییەوە دەستپێشخەرى ئاشتى كردو داواى كرد كە بەزووترین كات مەكتەبى سیاسیى هەردوو لایەن كۆببنەوەو، لە كاتێكیشدا روویدا كە هەوڵ و كۆششى نێودەوڵەتییانەى ئاشتى بەرەو پێش دەچوو، بەڵام تاڵەبانى بە پشت بەستن بە پشتیوانى ئیقلیمى و بە نهێنى پیلانى بۆ شەڕ دادەڕشت، بەڵام ئەوەبوو نرخى گەوجى و ملهوڕیى خۆیان بژاردو لە(سەیرانبەند) خۆیان دیتەوە.

بەو نیازەش كە راى گشتى لەو پیلانانە ئاگادار بكەینەوە كە تاڵەبانى و ئەندامانى سەركردایەتیى یەكێتى نەخشەیان بۆ دادەڕشت، ئەوا لێرەدا دەقى نامە دەستنووسەكانى ئەم (پاڵەوانە)ئان بۆ بڵاودەكەینەوە كە پێی وایە دەتوانێ لەهەموو كاتێكدا بە فرتوفێڵ و لەمبەرو ئەوبەر كردن هەمووان لە خشتەبەرێت.

لەم دیكۆمێنتەشدا كە خودى جەلال بەناوى (بیروبۆچوونەكانى خۆم)ەوە نووسیویتى، دەردەكەوێ كە سەركردایەتیى عەسكەریى یەكێتى لە ١٩٩٦/٦/ ٢٠ەوە بڕیارى دابوو كە خۆى بۆ ئەو پەلامارە ئامادە بكات.

پاكانەو پاساوە سیاسیى و ئیعلامییەكەى تاڵەبانیش بۆ پەلامارەكە ئەمە بوو كە بڵێن:

پارتییە كە خۆى بۆ شەڕ ئامادە دەكاو ئێمەش لەسەرمانە كە خۆمانى بۆ ئامادە بكەین، بەڵام دەبێ مەسئولیەتى شەڕەكەش بخەینە ئەستۆى پارتى و واى نیشانى خەڵكى بدەین كە ئەو شەڕەكەى هەڵگیرساندووە. لە پێناوى (تەمین)كردنى پارتیشدا لە سەرمانە كە لە هەموو روویەكى عەسكەرى و سیاسى و جەماوەرى و ئیقلیمى و نێودەوڵەتیشەوە خۆمانى بۆ ئامادە بكەین.

ئەمەش دەقى (بیروبۆچوونەكانى) جەلال تاڵەبانییە:

بیروبۆچوونەكانى خۆم

١- پارتى شەڕ دەفرۆشێت، یا خۆمان چاكتر سازبدەین بەڵام با ئۆبالى شەڕەكە لە ئەستۆى پارتى بێت، یا ئەو هەڵگیرسێنەر بێت.

٢- خۆمان لە هەموو روویەكەوە، پێشمەرگایەتى، سیاسى، جەماهیرى، ئیقلیمى و دەولى بۆ لووت شكاندنیان سازبدەین.

٣- با تەدریب، خۆ رێكخستنەوە بەردەوام بێت. خەڵك هەست بكا ئێمە لەسەر كارى ئاسایى خۆمان دەڕۆین. لە هەمان كاتدا تەدریب خۆسازدان و خۆ ئامادەكردنیشە.

٤- با فێرگەى هەولێر گەورەكەین، تەواوى بكەین: هەم بۆ مەشقى پێشمەرگە، هەم بۆ مەشقى تیپى تایبەت. هەم بۆ مەشقى كوێرا. درێژەى پێ بدەین. با فێرگەكان لەناو یەك فێرگەى هەولێردا دروست بكەین. پێم باشە باڵ باڵى جیاى تیادا بێت وەك چەكى جۆراوجۆر، بێ سیم «مخابرە»+ استطلاع وهتد جگە لەوانەى سەرەوە.

٥- با فێرگەى سلێمانیش بەهەمان شێوەى لێ بكەین.

٦- لیواى مدفعیە لە ٣ كتیبە دروست ببێت: هەرچى زووە. هەر كەتیبەیەیە لە شوێنێك:- هەولێر+ بتوێن+ سلێمانى. لە هەركەتیبەیەش تەدریب بە هاوەتچیەكان و ئەوانەى لەسەر سەدو شەش بكرێت بۆ لەشكرەكان.

٧- هەموو بڕیارەكانى كۆبوونەوەى فەرماندەى گشتى - لەگەڵ - فەرماندەى لەشكرەكان - رۆژى (٣٠/٦/١٩٩٦) پەلەیان لێ بكەین:- لە پوخت كردنەوەو جێ بەجێ كردنیان و دابەش كردنى ئەركەكانیان بەسەر هەڤاڵانى جیاجیادا: و كاك جەبارو خۆشم - چاودێرى جێ بەجێ كردنیان دەكەین. هەندێكیش ئامۆژگارییان بۆ دەربكەین.

پێم باشە كاك جەبار+ كاك دارۆ+ كاك شێرزاد+كاك ئەوشیروان+ كاك خەلیل وەك كۆمسیەیەكى پوخت كردنەوەى بڕیارەكان و كار دابەش كردن و ئامۆژگارى دەركردن و كاك جبار سەرپەرشتى جێ بە جێ كردنى ئەو كارانە بكات.

٨- كاك دارۆ هیممەت بكات و پەلە بكات لە دانانى كەسانى شایستە بۆ جێ بەجێ كردنى بڕیارەكانى كە پەیوەندیان بە تیدارەوە هەیە. بەردەوامیش بێت لە چەك و تەقەممەلى كڕین.

٩- بە پەلە (مدیر المخابرە) و - (صنف الهندسە) دروست بكەین و پەلە بكەین لە دروست كردنى جهازو كردنەوەى دەورەى پێویست بۆیان.

[illegible]

2

بەڵگەنامەی ژمارە (٢) نامەیەکی دەستخەتی خودی جەلال تاڵەبانییە، کە بۆ مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی نووسیوە، واش پێ دەچێ کە لە ئەنجامی تەلەفۆنێکەوە نووسیبێتی کە لەگەڵ (رۆبێرت پیلێترۆ)ی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا کردوویەتی.

نامەکە مێژووی پێوە نییە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ رووداوەکانی ئەو رۆژانەو، پەیوەندییەکانی لایەنی ئەمریکی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتیدا، دەتوانین بڵێین لە رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٥دا نووسراوە.

لەڕێی ئەم دیکۆمێنتە گرنگەشەوە تیشک هەموو لایەن و ئاماژە پڕ مەترسییەکانی پیلانە دوژمنکارانەکەی جەلال و، ناراستی ئەو درووشمانەی وەدەردەکەون کە بۆ فریودانی خەڵکی تر بەرزیان دەکاتەوە.

تاڵەبانی لەم نامەیەیدا دان بەوەدا دەنێ کە دەستییان بە پەلاماردانی پارتی کردووە، لە هەندێ بەرەی شەڕیشدا پارتییان شکاندووەو زیانی گەورەیان لێ داوەو، هەندێک لە ئامانجەکانی خۆشییان بەدی هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا لەسەر دەستێوەردانی ئێران لەبەرژەوەندیی یەکێتی، فشاری بۆ هێناون، بۆیە داوای راگرتنی شەڕ لە ئەندامانی «م.س»ەکەی دەکا، بەڵام بەو مەرجەی کە دەسکەوتەکانیان لە ناوچەی بالەکایەتی و، لە دەرگەلە بپارێزن و خۆیان بۆ (چەند دەست وەشاندنێک) لە سوپای عێراق ئامادە بکەن و دەڵێ:

(بۆیە من رازی بووم بۆ شەڕ راگرتنەکە و پێم باشە ئێوەش پەسەندی بکەن وەخۆمان سازدەین بۆ چەند دەست وەشاندنێک لە رژێمی سەدام و مەسەلەکە وەرچەرخێنینەوە بەلای ئەمیشی خۆیدا، بەوەش هەموو حزبە کوردستانییەکان و ئەمریکا و ئێرانیش بەلای خۆماندا رادەکێشینەوە، هەروەها سەر لەنوێ خۆمان ساز دەدەینەوەو رێکتر دەخەینەوە).

واتا دەیەوێ بڵێ ئێمە ئاگربەستمان شکاندو کاری خۆمان کردو دەستی خۆمان لە پارتی وەشاندو، هێزی دەرەکی و بیانیشمان تێوەگلاند، دەسابا وەک مووی ناو ماستیش بۆ خۆمان لێی دەرچینەوە، ئەویش بەوەی کە رووبەڕووبوونەوەیەکی دەستکرد لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا بنێینەوە!!.

ئەمە لە کاتێکدا کە داواکارییەکانی ئەو دەمەی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ پیلێترۆدا زۆر روون و ئاشکرا بوون و بریتی بوون لەوەی کە ئەمریکا و سەرپەرشتیارانی پرۆسەی «دبلن»ی ئاشتی بە توندی لەڕووی ئەو لایەنە بوەستن کە ئاگربەسی شکاندووەو لایەنی تاوانبار دیاری بکەن و، سنوورێکیش بۆ دەستێوەردانی سەربازی بیانی دابنێن، هەروەها بۆ ئەوەی مەسەلەی ئاگربەس و پتەوکردنی دووبارە بچەسپێنێتەوە چەکدارەکانی «ی.ن.ک»یش بگێڕنەوە بۆ سەنگەرەکانی پێش ١٧ی ئابی ١٩٩٦.

لە دیکۆمێنتی ژمارە «١»دا، ئەوەبوو هەموو لایەنە عەسکەری و سیاسییەکانی پیلانەکەی جەلالمان بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز خست، لەم دیکۆمێنتەشدا کە لەژێر ناوی دیکۆمێنتی ژمارە «٢»دا بڵاوی دەکەینەوە، پەردە لەڕووی ئەوە هەڵدەماڵین کە چۆن جەلال تاڵەبانی لەم شەڕوشۆڕە دوژمنکارییانەیدا پشتی بەهێزی دەرەکی بیانی بەستووەو، چۆنیش هەوڵی داوە کە ئەمریکاییەکان دەستخەڵەتێنێت و لە خشتەیان بەرێت، بۆ کەم کردنەوەی فشاریش لەسەر «ی.ن.ک»ەو، تێوەگلاندنی ئێران و حزبە کوردستانییەکانیش، چۆن ویستوویەتی بە ناوەی هەندێ پێکدادانی دەست هەڵبەست لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا، ئەو حزبانەی کوردستان پەلکێشی شەڕەکە بکات و بیانکات بە شەریکە تاوانی خۆی لەو شەڕەیدا کە لە راستییدا دژی پارتی بەرپای کردووە.

بەڵام سەرئەنجام هەموو درووشمە درۆزنەکانی ئاشکرابوون و، دەرکەوت کە کێیە بە ئاگر دەکا، ئەوەبوو کە جارێکی دیکەش پەنجەکانی بەم ئاگرە سووتانەوە.

ئەمەش دەقی بەڵگەنامەی ژمارە «٢» بە وێنەی دەستخەتی خودی جەلال تاڵەبانییەوە پێشکەشتانی دەکەین، لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە دەستکاری رێزمان و رێنووسی دەقی نامە دەستنووسەکەمان نەکردووە و بەهەڵەکانی خۆیەوە دەیخەینە روو:

هەڤاڵانی «م.س»ی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

شادی و خۆشی و سەرکەوتنتانم داوایە

شەوی رابوردوو، پیلێترۆ و بوب دویچ، دووجار قسەیان کردو زۆر زۆر بە ئیلحاحەوە داوای شەڕ راگرتنیان دەکرد. پیلێترۆ لە پێشەوە قسەی کردو زۆر توند بوو. گوتی گوایا ئێران هاتۆتە کایەکەوە، پاشان عێراقیش بەو بیانووەوە دێت وە ئێوە بەدەستی خۆتان یاری بە ئاگر دەکەن و کوردستانەکەی خۆتان دەسووتێنن: ئێمەش رەنگە نەتوانین هیچتان بۆ بکەین.

گوتی گەر ئێوە شەڕ رانەگرن، لە بەیاناندا دەڵێین «ی.ن.ک»ە شەڕەکە درێژە پێ دەدات. منیش توند جوابم دایەوە:

١- گوتم دەخالەتی ئێرانی موبالەغەیە درۆی گەورەن بۆ داپۆشینی هاوکاری لەگەڵ عێراق و هێنانی لەشکری عێراق.

تەحەددام کرد گوتم: با تیمی (C.I.A) کە لێرەن، یان پۆلیسی دوەلی، یان لجنە تقصی الحقائق بنێرن من خۆم دەیانبەمە هەر شوێنێکی دەڵێن ئاگر بۆتان ساغ بێتەوە کە دەخالەتی ئێرانی نییە و درۆیە.

٢- باسی عێراق و دەخالەتی عێراقم کردو گوتم ئێمە ناترسێن لە هێرشی عێراق، خراخراسانە بیکات، ئەوسا ئەیکەینە جەنگ و لەگەڵ دوستانمان لەناو لەشکری عێراقدا دەیقۆزینەوە بۆ روخاندنی صدام.

٣- لەسەر ناوبژی کردنی ئەمریکا گوتم: وا ساڵ و نیوێکە دێن و دەچن، ئێمە هەرچی گوتوتانە بەهەڵێ و لیجابی وەڵامان داوەتەوە، لایەکەی تر بەپێچەوانەوە، کەچی هێشتا هەڵوێستی USA «ناڕەوایە، ناعادیلانەیە، موتەحەیزە».

٤- گوتم لە ١٩٩٤ـەوە ئێران بەهەموو جۆرێک یارمەتی مەسعود و بزووتنەوەی دا، ئەفرادی (C.I.A) و هەروەها پۆلیسی دوەلی بەچاوی خۆیان چەندین جار دیتیان، ئێوە ئەگەر قۆزانان لێوە نەهات، ئەو سیاسەتە چەوتەی ئێوە، ئێرانی هان داوە بۆ دەخالەت.

٥- گوتم ئێمە بۆ شەڕ راگرتن ئامادەین، بەڵام نالوانین بچینەوە خەتەکانی پێش ٨/١٧. بۆم شەرح کردن.

٦- بۆ هاتنم بۆ لەندەن، یان تورکیە ئامادەم و کەی دەڵێن من دێم، تەنانەت بۆ واشنتۆنیش ئامادەم بێم: دوای مشتومڕێکە خاویان کردەوەو لەهجەی گۆڕی گوتی باشە:

ئێوە بۆ شەڕ ڕاگرتن ئامادەن؟ گوتم بەڵێ.

ئێوە بۆ کشانەوە بۆچی ناتوانن؟ بۆم شەرح کردەوە.

ئێوە بۆ هاتن بۆ لەندەن ئامادەن؟ گوتم بەڵێ.

گوتیان باشە، ئەمانە قسەی دۆستەکەرن پاش سەعاتێک تکایە چونکە ژمارەکەتان نازانین ئێوە تەلەفۆن بکەنەوە. پاش سەعاتەکە- کە لەماوەیەدا لەگەڵ مەسعود قسەیان کردبوو- تەلەفۆنم کردەوە، گوتیان باشە با شەڕ بوەستێت (پێشتر گوتبویان کە ئێوە شەو بە وەختی واشنتۆن) لەکاتی ئێوەی شەودا گوتم باشە، گوتیان هەرچەندە باشتر بوو بگەڕێنەوە بۆ خەتی ٨/١٧ بەلام ئەوە بمێنێت بۆ دوایە! گوتم ناتوانین هەرگیز بکشێینەوە بۆ خەتی ٨/١٧. بۆ چوونیشم گوتیان زۆر باشە و زۆر سوپاس. پاشان لەگەڵ بۆب دویچ قسەم کردو پێم گوت: بۆب تۆ خۆت چەندین جار هاتیتە کوردستان و بە چاوی خۆت دیتت کە چۆن ئەوان سەلبی و ئێمە ئیجابی بووین.

چۆن ئەوان بۆ یارمەتی پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دەخالەتی دەکرد و چی بۆ نەکردن لە هەڵەبجەو پێنجوێن و قەلادزەو حاج عۆمەران و بە درێژایی سنوور.

بۆچی ئێستە هەڵوێستی وا ناڕەوا ناعادیلانە دەگرن: گوتی ئێمە دەمانەوێ ئاشتی بیتێتەوە، دەمانەوێ تۆ وەک جاران ئاشتی بسەپێنیتە، بۆ مەسەلەی سوڕاقیبینی هودنەش پاشان هەوڵی بۆ دەدەین.

دوێنێ شەو پێش تەلەفۆنەکە قسەم لەگەڵ د. بەرهەم کردو پرسم پێ کرد چی بڵێم و دوای تەلەفۆن کردنەوەش قسەم لەگەڵ کردو ئەنجامەکەم پێ گوت. ئەویش کە پارتی هێرشی دەست پێ کرد، قسەمان لەگەڵ تیمی (C.I.A) و د. بەرهەم کردەوەو پێمان گوتن، لەوەش لەگەڵ ئەم نامەیەدا وەلامی د. بەرهەمە لەم ڕووەوە.

هەروەها نامەیەکی دەستخەتی د. بەرهەمیش دەنێرم بۆتان بو ئەوەی چاکتر لە وەزعەکە بگەن.

جا هەڵاڵینە دەزانن بچڕاندن لەگەڵ ئەمریکا و کەوتنە شەڕە دندوکی هەلەنی باش

نیە، بۆیە نابێ بە قسەیان نەکەین لە شەڕ ڕاگرتندا. پاشان تەحشیداتی عێراق و کلک گری دانی مەسعود لەگەڵ صدام دەبێ حساب بکەین، لە شەڕەکەشدا ئێمە سەرکەوتنی زۆر باشمان بەدەست هێناوە:

جارێ هەیبەتی مەسعود و لەشکرەکەی و سوپاکانی و دەبابەکو مەدرەعەکانی ئەوەمان لە قوڕاو هەڵهێنا: ناوچەی بالەکایەتی و دەرگەلەمان ڕزگار کردووە، پشتی سوپای بارزان و سوپای «١»و سوپای ئەوی ئاکرێ و سوپای «٢» و سوپای ڕزگاریمان شکاندوە. تاقی کردنەوەیەکی باشیش بوو، بۆ لەشکرەکانی خۆمان و هەروەها بۆ دەرو جیهانیش.

بۆیە من ڕازی بووم بە شەڕ ڕاگرتنەکەو پێم باشە ئێوەش پەسەندی بکەن وە خۆمان ساز دەبین بۆ چەند دەست وەشاندنێک لە ڕژێمی صدام و مەسەلەکە وەرچەرخێنینەوە بەلای تەبیعی خۆیدا. بەوەش هەموو حزبە کوردستانییەکان و ئەمریکا و ئێرانیش بەلای خۆماندا ڕادەکێشینەوە.

هەروەها سەر لەنوێ خۆمان ساز دەدەینەوەو ڕێکتر دەخەینەوە.

تیشر هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

٢٨ی ئاب ١٩٩٦

[illegible]

ئێوە هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتان

مام جلال

3

لە بەڵگەنامەی ژمارە (١)دا بینیستان جەلال تاڵەبانی چۆن تەختە بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی لە دژی پارتی دادەڕێژێ و، چۆنیش دەیەوێ وای نیشان بدات کە پارتی شەڕەنگێزە، لە بەڵگەنامەی ژمارە (٢)شدا دیتمان کە چۆن دەستی سوپای بێگانە دەگرێ و دەیهێنێتە سەر سەنگەرەکانی پارتی و دوایش چۆن بەرانبەر یارمەتیدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ڕۆبیرت پیللیترۆ)و (دۆیچ) نکوڵی لەو ڕاستییە دەکاو خۆی گوتەنی (تەحەددا)یشیان دەکا کە گوایە هیچ هێزێکی ئیقلیمی دەستی لە کاروباری ناوخۆ و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی وەرنەداوەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە بەرەکانی شەڕیشدا ڕوویانداوە تەنها بەهێزو بازووی (!) یەکێتی خۆی هاتوونەتە دی، نەک بەدەستێوەردانی ئێران، کەچی بەڵگەنامەی ژمارە (٣)، کە ئەمیش نامەیەکی دیکەی دەستخەتی خودی جەلالەو لە ١٩٩٥/٩/٢٨دا لە تارانەوە بۆ هەندێ ئەندامی دەسڕۆی (م.س)ەکەی خۆی نووسیوە دەردەکەوێ کە مەسەلەی دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیەکەی کە جەلال تاڵەبانی لەبەردەم (پیللیترۆ) و (دۆیچ)دا نکوڵی لێدەکاو هەزار و یەک سوێند لەسەر نەبوونی دەخوا، لەڕاستیدا نزیکەی ساڵێک لەوەوبەر ڕەنگڕێژ کراوەو نەخشەی بۆ دانراوە.

جەلال تاڵەبانی لەم نامەیەدا ناوی ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبێکی دیکەی کوردستانی عێراق دێنێ کە بزووتنەوەی ئیسلامییە و داوا لەو گرووپەی (م.س)ەکەی خۆی دەکا کە بیگرن و وەکو (مجرمێک) محاکەمەی بکەن!

هەروەها باسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەکا وەکو مادەیەک بۆ سەوداو مساوەمەی سیاسی، کە دیارە دوایی ڕووداوەکانی ١٩٩٦/٧/٢٨ی کۆیەی لێ دەکەوێتەوە.

بەهەر حاڵ وەک دەردەکەوێ سەرەتاکانی ئیئتیلافی هێزی دەرەکییەو جەلال لە دوژمنایەتی کردنی پارتی و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا - بەکردەوە - دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک (سەودای) سیاسی کە (ی.ن.ک) و سەرکردایەتییەکەی لەسەر حیسابی گەلی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی لەگەڵ ئەو هێزە دەرەکییەدا کردوویەتی، بەڵام وەک لە ڕووداوەکانی پاش ڕزگارکردنی هەولێری پایتەختی هەرێمیشەوە بەرووتی دەردەکەوێ، دیارە ئەمجارەشیان یەکێتی لەبەردەم خواستی پۆڵایینی پارتی و جەماوەری گەلی کورددا بە چۆکدا دێت و لەودیوی سنوورەکانی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە.

ئەمیش دەقی بەڵگەنامەی ژمارە (٣)یە لەگەڵ وێنەیەکی دەستخەتی خودی جەلال تاڵەبانیدا دەیخەینە بەر دیدو دەستی جەماوەری گەلەکەمان یا بڵێین بۆ مێژوو!

هەڤاڵانی خۆشەویستم

کاک کۆسرەت و کاک جەبار و کاک عومەرو کاک عومەری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئێمەش باشین

١- پێم باشە کە مەلا قادری برایەتی بگرن و بیدەنە مەحکەمە، باشە گەر مەلا عەلی باپیریش ئاگادار بکەنەوە کە ئەوە دژی ئەوان نییە. بەڵکو مجرمێک دەگیرێت، لێرەش هەموو شتێکمان بە خزمانی گوت: ئەوان پێیان وایە کە جناحێک لە بزووتنەوە + لە گەڵ پارتی پێکەوە ئەو کارانە دەکەن. بەتوندی ئەلی بەشداری هەڵکی خۆیان دەکەن. من پێم باشە داوای هەڵوێستی ڕەسمی لە مەلا عەلی باپیر بکەن. من خۆشم نامەیەکی بۆ دەنووسم و بۆی دەنێرم - بەهەمان مەعنا.

٢- گفتوگۆمان لێرە زۆرباش بوو. ئێمە داشمان سوار بوو لە جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتنەکەدا، ئەوان هیچیان نەکردووە، بەڵێنیان دا کە دەست بەجێ کۆمیتەکانی باڵا + إقتصادی + فەرهەنگی + هاتوچۆ و هتد دروست بکەین و بکەونەکار. و ئیتر دەست بەجێ بەجێکردنی بکەن، لەسەر قەقەرەکەی مەریووت بەدەقتەری سیاسی حدکا: گوتم هیچمان نەکردووەو پێشمان ناکرێ، ڕازی بوون کە جارێ صەبرمان هەبێ. واتە ئیباسیان کردو لەداوایان کردو لێی بێدەنگ بوون: سەد شوکر!

٣- پێم وایە مەسەلە گرنگەکانی داوارۆژی عێراق، ئێمە و المجلس الاعلی، هاوکاری دوورودرێژی ئێمە و جەمهووری ئیسلامی، زۆر باش بووین. بەتەوافیقی تەواو گەیشتین.

٤- بڕیارە مەکتەبی تاران بکەینەوە، داوای هەڤاڵێکی سەرکردایەتی، ڕێکوپێک، کە باوەڕی بە دۆستایەتی ج.ئ و ی.ن.ک هەبێت، دەکەن: تکایە بیری لێ بکەنەوە؛ وە زۆر زوو بنێرن با لێرە دابکوتێت.

٥- ناوبڕی ئێمەو پارتی دەست پێ دەکەنەوەو داوای تەنفیذ بە قوناغ دەکەن، ئێمەش ڕازی بووین.

٦- دژی : (شێخەکانی)- جەماهیری کاک کەمال - نێ بەڵکو دۆستیانین.

٧- تفصیلات لای برادەرانە: بەڵام من خۆم لەم ڕەئییەدام کە: ی.ن.ک دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دۆست و هاوپەیمانی بکات بەتایبەتی لەسەر عێراق + داوارۆژی عێراق + هاوکاری کوردو شیعە + هەڵوێست لە تورکیە. هەڵوێستیان لە سەر کوردی خۆشیان گۆڕاوە، بەرەو چارەی سیاسی دەچن.

٨- تورکیە زۆر خراپە، بە هیچ ڕازی نابێت، دوژمنی سەرەکی نەتەوەی کوردە؛ پێویستە ئەم ڕاستییە بە خزمانی بەرهەمیش بڵێین.

ئیتر هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

تاران

١٩٩٥/٩/٢٨



4

لە بەڵگەنامەی ژمارە (١)دا خوێندتانەوە کە جەلال تاڵەبانی چۆن بەپێی بەرنامە شەڕی دەسەڵاتی دەست پێکردو. لەبەڵگەنامەی (٢)یشدا دیتان کە چۆن تێکراڵی لەدەستبێوەردان و تێوەگلانی هێزی دەرەکی و بیانی دەکا لە بەرژەوەندیی یەکێتیدا. لە بەڵگەنامەی ژمارە (٣)یەمیشدا خوێندتانەوە کە چۆن و بەپێی چ ڕێککەوتن و بەرنامەیەک ئەو هێزە بیانییە دەرەکییە لەم ململانێیەدا لەبەرژەوەندیی یەکێتیدا دەبێتە فاکتەرێک بۆ درێژەپێدانی ململانێکەو خۆش کردنی ئاگری شەڕەکەو، چۆنیش سەنگی خۆیان دەخەنە سەرسەنگی (ی.ن.ک) بۆ ئەوەی ئەرازووی هێز بەلای ئەودا بشکێننەوە.

لە بەڵگەنامەی (٤)یشدا دەبینن کە جەلال تاڵەبانی چۆن لەبنەوە ڕیشخەنی بەم لایەنە دەرەکییەش دەکاو داوا لە نوێنەرانی (ی.ن.ک) لە ئەمریکاو بەریتانیاو، تورکیا دەکا کە پەیوەندی بەو حکومەتانەوە بکەن کە هەرسێک پێکەوە سێ کوچکەیەکی گرنگی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی شەڕی دووەمی کەنداوو، پڕۆسەی (پڕۆڤاید کۆمفۆرت)ی کوردستانیان پێکهێناوە، بۆ ئەوەی لە حکومەتی ئێرانیان هان بدەن و کێشەیەکی نێودەوڵەتی لە ناوچەکەدا بەرپا ببێت.

ئەم بەڵگەنامەیە کە ژمارە (٤)ی لەسەرە، ئەمیش دیسانەوە برووسکەیەکی دەستخەتی خودی جەلالە کە بە عەرەبی بۆ ئەو (٣) کەسەی نووسیوە. ئێمە لێرەدا وەرگێڕاوێکی کوردی نامەکە دەخەینە بەردەستتان، بەلام بۆ دڵنیایی و سوودی زیاتر، وێنەیەکی دەقە عەرەبییەکەشی بڵاو دەکەینەوە کە بە دەستخەتی جەلال تاڵەبانی خۆیەتی.

دەقی برووسکەکە بە کوردی:

بۆ برایانی بەڕێز د. بەرهەم، د. لەتیف، بەکر فەتاح.

سڵاوێکی گەرمتان لێ دەکەم و، تکام وایە کە پەیوەندی بەو حکومەتانەو ئەو دەزگایانەوە بکەن و ئەم ڕاستییانەی لای خوارەوەیان بۆ ڕوون بکەنەوە.

یەکەم: لەوەتی دەستپێشخەرییەکەی ئەمریکامان بۆ ناوبژیوانی پەسەند کردووە، حکومەتی ئێرانیش بۆ پەکخستن و فەشەل پێ هێنانی بەم شێوەیە کەوتوونەتە کار:

١- لەڕێی هاندانی پارتییەوە لەسەر بەردەوامی شەڕو، ڕێ خۆش کردن بۆ ئەوەی بتوانێ هێزەکانی خۆی لە ناوچەی هەڵەبجەوە بەناو خاکی ئێراندا بگوێزێتەوە بۆ هەر شوێنێک کە پارتی خۆی دەیەوێ.

٢- هاندانی باڵی مەلا عەلی عەبدولعەزیز لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا بۆ ئەوەی لە دژی (ی.ن.ک) هاریکاریی پارتی بکەن.

٣- بە بەڵێنی یارمەتی عەسکەری و پڕچەک کردن، هانی پارتی دەدەن کە ناوبژیوانییەکەی ئەمریکا ڕەت بکاتەوەو، بەردەوام بێ لەسەر شەڕ.

دووەم: پێویستە داوا لە ئەمریکییەکان و ئینگلیزو تورکەکانیش بکرێ، کە کار بۆ ڕاگرتنی دەستێوەردان و پیلانەکانی ئێران بکەن و، لە سنووری خۆیدا ڕایبگرن.

سێیەم: بەبێ ئەوەی ناومان بەرن، ئەم هەواڵە سەبارەت بە هەوڵەکانی ئێران بۆ فەشەلی پێهێنانی ناوبژیوانییەکەی ئەمریکا دزە پێ بکەن و بیگەیێننە ڕۆژنامەکان.

چوارەم: داوای یارمەتی بکەن بۆ (ی.ن.ک) بۆ ئەوەی عێراق و ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی هەردوولا یان ئاگامان ئەکەنەوە.

تکام وایە کە بەبێ دەنگی هەوڵی خۆتان بدەن و، بە ئاشکرا خۆتان دەرمەخەن، چونکە ئێستا ئامانەوێ مەسەلەکە گەرمتر بکەین- توڵە بەسەبرە ئەما بەزەبرە.

دەقی ئەسڵی برووسکەکە بە عەرەبی:

الى الاخوة د.برهم، د.لطيف، بكر فتاح المحترمين

احييكم بحرارة وارجوكم الاتصال بالحكومات والاجهزة وبيان الحقائق التالية لها:

اولاً: منذ قبول المبادرة الامريكية للوساطة شرعت الحكومة الايرانية بالعمل لاحباطها ولافشالها.

١ـ عن طريق تشويق البارتي على مواصلة القتال وابداء التسهيلات له لنقل قواته من منطقة حلبجة الى حيث يريد البارتي عن طريق الاراضي الايرانية.

٢ـ تحرض جناح الملا عبدالعزيز في الحركة الاسلامية على التعاون مع البارتي ضد الـ (ا.و.ك).

٣ـ تغري البارتي بوعود المساعدات العسكرية والتسليحية على مواصلة القتال ورفض الوساطة الاميريكية.

ثانياً: من الضروري الطلب من الاميركان والانجليز والاتراك بالعمل لايقاف التدخل والتآمر الايراني عند حده.

ثالثاً: تسريب الخبر الى الصحف دون ذكر اسمنا حول جهود ايران لافشال الوساطة الاميريكية.

رابعاً: طلب المساعدة للـ (ا.و.ك) كي لا ينفرد بنا العراق وايران والقوى العميلة لهما.

ارجو بذل جهودكم بهدوء ودون ظهور علني لاننا لا نريد التصعيد الان ـ تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە.

* * *

ئیستاش داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین کە بگەڕێنەوە بۆ تەلەکەکانی پێشووتر و بە خۆیان بەراوردێک لەنێوان ئەم نامانەی جەلال تاڵەبانیدا بکەن کە مێژووی نووسینەکانیان زۆر لەیەکەوە دوور نین و، ئەوجا هەر بەخۆیشیان حوکمی ئەوە بدەن کە ئەم کابرایە چەند بەبێ مەسئولیەت هەڵسوکەوت لەگەڵ باری ناسکی کوردستان و، هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا دەکاو، چۆن دەیەوێ ئەو هێزانە هەموو لەسەر خاکی کوردستاندا بەگژ یەکدیدا بکات..!!.

من المكتب السياسي — شام ...

الى الأخوة د. برهم، د. لطيف / محمد فتاح المحترمين

تحية طيبة وارجو لكم الاتصال بالحكومات والاجهزة وبيان الحقائق التالية لها:

أولاً: منذ قبول المبادرة الاميركية للوساطة شرعت الحكومة الايرانية بالعمل لاحباطها وذلك اولاً:

١- عن طريق تشويق البارتي على مواصلة القتال وابداء التسهيلات له لنقل قواته من منطقة حلبجة الى حيث يريد البارتي عن طريق الاراضي الايرانية.

٢- تحريض جناح الملا عبدالعزيز في الحركة الاسلامية على التعاون مع البارتي ضد الـ ا. و. ك.

٣- تغري البارتي بوعود المساعدات العسكرية والتسليحية على مواصلة القتال ورفض الوساطة الاميركية.

ثانياً من الضروري الطلب من الامريكان والانجليز والاتراك بالعمل لايقاف التدخل والتآمر الايراني عند حده.

ثالثاً تسريب الخبر الى الصحف دون ذكر اسمنا حول جهود ايران لافشال الوساطة الاميركية.

رابعاً طلب المساعدة للا. و. ك كي لا ينفرد بنا العراق وايران والقوى العميلة لهما.

ارجو بذل جهودكم بهدوء ودون ظهور علني لاننا لا نريد التصعيد الآن - تۆڵە بە سەبرە ئەمما بە زەبرە.

5

لەسەرەتای مانگی ئابی/١٩٩٦ەوە پارتی خۆی بۆ یادی یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی پارتی ئامادە دەکرد، لەسەرێکی دیکەشەوە جەلال تاڵەبانی و سەرانی(ی.ن.ک) بەیارمەتی هێزێکی بیانی و دەرەکیی ئیقلیمی خۆیان بۆ پەلامارێکی بەرفراوانی سەرتاسەری بێ وێنە ئامادە دەکرد، بۆ ئەوەی لە شەوی١٦-١٧/٨/١٩٩٦دا، لەکاتێکدا کە ئاهەنگ و خۆشی دەگاتە چڵەپۆپە، لەهەموو قوڵ و میحوەرێکەوە هەڵکوتنە سەر سەنگەرو بارەگا سەرەکییەکانی پارتی و جەلال گوتەنی(فاتیحە) لەسەر پارتی بخوێنن.

لەسەرێکی دیکەیشەوە چەکدارێکی زۆری برادۆستی و غەیرە برادۆستیشیان - بەناو خاکی ئێراندا ناردبووە ناوچەی برادۆست و سیدەکان، بۆ ئەوەی لەپشتی میحوەرە تەقلیدیەکانەوە پەلاماری پارتی بدەن و غافڵ گیری بکەن، لەلایەکی تریشەوە، بەپشتیوانی کابرایەکی خائین لە ناوچەی قەسرێ چەند جێ پێیەکیان وەدەست هێنا.

بەڵام کە پێشمەرگەی پارتی لێیان وەدەست هاتن، لەهەموو میحوەرەکاندا شکان، لەرۆژی ٢٢و ٢٣/٨/١٩٩٦ یشدا ئەو هێزەیان کە گەیشتبوونە ناوچەی سیدەکان و بەر هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی کەوت پاش ئەوەی کە پتر لە(٤٠٠) لاشەیان لەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشت، ئەوەی مایەوە یا خۆیان تەسلیم کرد، یابە سەرویێ شکاوی گەڕانەوە ئێران.

جەلال تاڵەبانیش لەبەردەم جەماوەری گەلی کوردستان و ئاوێژبرانانی ئەمەریکی و دۆستانی گەلی کورددا نکوڵی لەدەستتێوەردانی هێزی دەرەکیی و نێودەوڵەتی ئێران کردو ، بۆ لێقەوماوانی (خزمانی) برادۆستیش جەلال تاڵەبانی ئەوە بوو

لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆیەوە گوتی: خزمانی برادۆست بۆ(داوەت) چووبوونە ناوچەی سیدەکان!

بەڵام ئێمە بۆ سەلماندنی مەترسی ئەم پەلامارە بەرفراوان و چارەنووس سازەی یەکێتی و شارەزابوون لەفرت وفێڵەکانی جەلال تاڵەبانی، (٣) دیکۆمێنتی گرنگی دەستخەتی خودی جەلالتان دەخەینە پێش چاو کە لەوەی ١١-١٢/٨/١٩٩٦ باس لە نوێنەرەکانی دەکا کە بۆ تەنسیق چوون بۆ ئێران و، لەنامەی دووەمی رۆژی ١٤/٨/١٩٩٦یشدا دەڵێ:

(پێم باشە چاکترو وردتر حساب بکەین و، وا بچینە کارەکانەوە کە خۆمان بەهێزی خۆمان دەیکەین).

ئەو دوایی شتەکانیش بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەجێ دەهێڵین.

قەلاچوالان

شەوی ١١/٨/١٩٩٦

هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک کۆسرەت و کاک جەباری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیی و سەرکەوتنتانم داوایە

یەکەم- وادیارە خزمان جوڵان و بڕیارەکەیان دا، دوێنێ شەو هەم کاک فەرەیدون و هەم مەلا یاسین ئاگاداریان کردم- هەر یەکەیان لەلای خۆیەوە- کە پەلێنەکان جێ بەجێ دەبن بەم جۆرەی خوارەوە:

أ- با جەمماعەتی برادۆست ئامادەبن و با کاک محسن باپیریش ئامادەبێت وەختی خۆی وامان دانابوو کە:

١- قادر بەگ (٢٠٠-٢٥٠) برادۆستی ئامادە بکات.

٢- کاک محسن باپیر هەموو لەشکری پشدەر ساز و ئامادە بکات تاکو چوار تیپی لەگەڵ قادر بەگ و ئەوان بڕوات و باقیەکەشی بۆ قۆڵی حاجی عۆمەران بێت.

٣ - ئەوانەی خزمسان کە لەلای شیرەبوون، یان لەلای هەولێرن یان لەلای بالەکایەتین کۆبکرێنەوە لەگەڵ قادر بەگ بڕۆن.

جا قەولە قسە لەگەڵ کاک محسن بایز بکرێت واتە خزمان بنێرنە لای یان ئەو یەکێک بنێرێت بۆلایان تاکو هەماهەنگی ئاردنەکە بکەن: بۆیە تکایە ئێوە خۆتان بەو کارە هەڵسن با تا زووە سازبن و لەکاتێک دابچن کە لەگەڵ مەوعیدی ڕاپەڕینەکە یەک بگرێتەوە.

دووەم: سبەینێ هەندێ شتمان بۆ دێت.

سێیەم: سەردار جەعفەری گوتویەتی لەم هەفتەیەدا شتەکان جێ بەجێ دەبن.

ئیتر هیوادارم هەر وەک لێتان ڕەچاو دەکەم بە چاکی کارەکان سەرپەرشتی بکەن و بە ئەنجامیان بگەیەنن.

هەر بژین بۆ

برای دڵسۆزتان
مام جەلال
١٩٩٦/٨/١٢-١١

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی
الاتحاد الوطنی الکوردستانی
الامین العام

هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک کۆسرەت و کاک جەباری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتان داوایە و ئێمەش باشین

وا کاکە شێردڵ هات بۆ لاتان ڕەئی خۆم بەم جۆرەی خوارەوە:

١ - داناتی شێخ صدر الدینم هەر بۆ سەرپەرشتی کردن پێ باشە.

هێزەکەی خۆی بەم زووانە پێ ساز نادرێت. بۆیە پێم باشە وەک پێشوویەتی، واتە هێزەکەی پشدەر بەشێکی باشی تەرخان بکەین بۆ ئەو کارەی لای حاج هۆمەران.

برادۆستییەکانیش لەگەڵ هەڤاڵانی خزمانی لای شیرەبوو و بالەکایەتی و ئەوان بنێرنە لای خۆیان، بەڵام پێویستە باشتر قادر بەگ تێ بگەیەن.

٢ - وا نامەی کاک مستەفا دەنێرم، باش لێی تێنەگەیشتووم نیازی کێ یە؟

ئایە نیازی (نیازە)یان نیازی قەسری یە؟ تکایە ئەو مەسەلەیە ڕوون بکەنەوە.

من پێم باشە گەردەستمان پێ کرد وابێت کە بەشەر شوێنەکانی دەگرین، خۆگەر هاتنە لامان ئەوا زۆر باشترە.

٣ - زۆر پەلەم پێ باش نییە، دەبێ سەرکەوتن حساب بکەین، بۆیە گۆڕینی مەوعیدەکەش (مقدس) نییە، جا گەر بکرێ وەک خۆی بێت ئەوا زۆر باشە، ئەگینا دەبێ کاتێک بێت کە سەر دەکەوین لە ئیشەکە.

٤ - پێم وایە خزمان بەڕاستییانە، پێم وایە کارەکەیان بە جیددی گرتووە، بۆیە هیوادارم کەڵک لەم دەرفەتە وەربگرین.

خولاسە: وا کاک شێردڵ هات، من وا ڕەئیەکانی خۆمم بۆ ناردن، هەموویان بە (ڕەئی) و (پێشنیار) حساب بکەن ڕەئی خۆتانم بۆ بنێرن یان گەر پێویست دەکات با کاک جەباریش بێتەوە لێرە دوا بڕیاری لێ دەدەین.

هەر شاد و سەرکەوتووبن

برای دڵسۆزتان
مام جەلال
قەلاچوالان
١٩٩٦/٨/١٤

هەر لە نامەی دووەمی هەمان شەودا جەلال دەنووسێ:

١٩٩٦/٨/١٤

هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک کۆسرەت و کاک جەباری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

دوای دواندنی شێخ صدرالدین، دەمەوێ پێتان بڵێم دانانیم پێ باش نییە، ئەوەی ڕاست بێت هەر لەسەرەتاشەوە دوو دڵ بووم ئێستە زیاتر دوو دڵم، پێم باشە وەک پێشوو دامان نابوو کاک مهدی خۆی هێز یان خۆیان بەرێت لە پێشەوە (٥٠٠) کەس ئامادە بکات، باقییەکەشی لای کاک محمد وەڤان بێت لە بالەکایەتی جەز دەکەم سەربەست قسە بکەم، پیاو چاک بێ چاوتان هەر لەسەر (کۆنەکان) نەبێت جیلێکی نوێ باش پێ گەیشتووە.

من پێم باشە شێخ صدرالدینیش ساز دەبێ بەڵام وەک ئیحتیات بۆیان ئێستە خزمانیش وەجبەی یەکەم هەر (٥٠٠) پێشمەرگە دەبەن، با ئەوان هێنەکەی حاجی هۆمەران بێت (مهدی و ئەوان) پاشان هێزەکەی برادۆست بنێرین پاشان شێخ صدرالدین و ئەوانیش لە کاتی پێویست دا.

پێم باشە چاکتر و وردتر حساب بکەین وا بچینە کارەکانەوە کە خزمان بە هێزی خزمان دەبکەین، ئینجا ئەوانەی دێنە لامان (تێکەڵ دەبنەوە) بەخێر بێن و بەناوی ئەوانەوە دەیکەین.

هەر بژین

برای دڵسۆزتان
مام جەلال
دوای ئیوەڕۆی
١٩٩٦/٨/١٤

سڵاوێکی گەرم

[illegible]

١٩٩٦/٨/[illegible]



6

پاش پەلامارەکەی شەوی ١٦|١٧/٨/١٩٩٦ی یەکێتی بۆ سەر پارتی و ئاشکرا بوونی دەستێوەردانی ئێران لە بەرژەوەندیی (ی.ن.ک)دا، جەلال تاڵەبانی و سەرانی (یەکێتی) ئەوساو ئێستاشی لەگەڵدا بێت نکوڵی لەو راستییە دەکەن کە ئەو هێزە دەرەکییە ئیقلیمییەیان پەلکێشی ململانێی ناوخۆی کوردستان کردووە، وەک لە بەڵگەنامەی ژمارە (٢)یشدا دەردەکەوێ، تەنانەت لەگەڵ ئەمەریکی ـ یەکانیشدا ئەو درۆیەیان کردووە، بەڵام لەم دوو دیکومێنتەوە کە ئێستا لەبەر دەستماندایە دەردەکەوێ کە ئەمەریکی ـ یەکان لە جەولەی دووەمی شەڕی ناوخۆ و دڵسەپاوەوە، واتا لە کۆتایی ساڵی ١٢/ ١٩٩٤ەوە بەم ئیشەوەگلان و دەست تێکەڵ کردنەی ئێران و یەکێتییان زانیوە، لەم بارەیەوە قسەیان لەگەڵ نوێنەری (ی.ن.ک) لە ئەمەریکا کردووەو ئەویش لەم نامەیەدا کە لە ١/١/١٩٩٥دا بۆ جەلال و سەرکردایەتییەکەی نووسیوە، باسی مەترسی ئەم دەستێوەردان و دەست تێکەڵ کردنەی کردووە.

کەچی جەلال لە وەڵامی ئەم ئاگاداری کردنەی (ی.ن.ک)دا، نامەیەکی بۆ (حەمە) ناردووە کە دیارە ئەویش لەم بارەیەوە، بەنامە لە مەترسی ئەم دەست تێکەڵ کردنەی ئاگادار کردۆتەوە، پێدەچێ ئەمیش لە وڵاتێکی دیکەی بیانی نوێنەری یەکێتی بووبێت.

تاڵەبانی بۆ ئەم (حەمە)یەی نووسیوە دەڵێ: «ئێران سەبارەت بە تەنیا دەسەڵاتی بەسەر پارتی داو بوونی سەدان عائیلەی بارزانی لە ئێران دەتوانێ پارتی لەناو بکات... واتە پێویستیمان بە ئێران هەیە...».

سەرلەبەری پەیام دافیەتێک دەستی ئەو ئاپەلە دەرەکییە رادەکێشێتە نێو کاروباری کوردستانەوە، چۆن (استاجرة) بە کێشەی ئەو بارزانییە ئاوارە و لێقەوماوانەوە

دەکا، کەلە ئێراندا بە پەناهەندەیی دەژین، کە دەشڵێن (بارزانی)یەکان بە تەنگ مەبەستی لە هەموو ئەو بنەماڵە کوردە پەروەرەو پێشمەرگە دێرینانەیە کە لە سەر کوردایەتی و لە ترسی کوشتن و بڕین، ئەوە دەیان ساڵە ئاوارەو پەراگەندەی ئێران بوون، کەچی رۆژێ چەندین جاریش لە دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیەوە فرمێسکی تیمساحانە بۆ (٨) هەزار بارزانییە ئەنفال کراوەکان دەرێژێت.

لەم دوو بەڵگەنامەیەدا زۆر شتی دیکەیش لە بارەی پەیوەندی و هێز و لیبازو شێوەی دەست تێکەڵ کردنی (ی.ن.ک)و ئێرانەوە گوتراوە کە بۆ خوێنەرانی بەرێزیان بەجێ دەهێڵێن، چونکە روونن و پێویست بە لێکدانەوەی تر ناکەن.

بەڵگەنامەی یەکەم

براکیان کاکە حەمە سلاوێکی گەرم

وا پوختەی بیروبۆچوونەکانی خۆمتان بۆ دەنووسم لەوەڵامی ئەو پرسیارانەی لێ یان کردووێت، تکایە بیدەنە خزمەکان و وەزارەتی کاروباری دەرەوە:

یەکەم دەربارەی ئێران:

ئێمە لەگەڵ ئێران هەندێ هەڵوێستی بابەتی و عوشتەرەکمان هەیە.

١ـ ئێران دەیەوێ صدام بڕوات، هەم لەبەرخاتری ئەمنی خۆی چونکە زۆر لەمانەوەی صدام دەترسێ. لەلێن صدام گەرمایەوە صدامێکی بەهێزو ترانا دەبێت و رەنگە ئەمریکا رەعەرەب دژی ئێران بەکاری بێنێتەوە، هەروەها لەبەر خاتری شیعەی عێراق کە زۆر دەچێژن لەدیکتاتۆریەتی صدام، وسەبارەت بەو دەریای خوێنەی کەلەبەینیان دا هەیە، ئێمەش دەمانەوێ لەدیکتاتۆریەتی صدام رزگار بین.

٢ـ ئێران زۆر دژی نفوزی تورکیە لەکوردستانی عێراق، زۆریش لە هاتنە ژوورەوەی تورکیە و بوونی لەکوردستانی عێراقدا نیگەرانە، سەبارەت بەکەلێن هێزی سێژرەیی و ترسیان لەتەماحی تورکیە لەویلایەتی موسڵ و هتد..ئێمەش هاتنی تورکیەمان پێ ناخۆشە.

٣ـ ئێمە دۆستی شیعەی عێراقین ئێرانیش دۆستیانە هاوخەباتی کوردو شیعە بۆ

عێراقێکی دیموکرات و یەکگرتوو پێویستە، وانە دۆستایەتی ئێمە لەگەڵ شیعە، دەمانەوێت بۆ دۆستایەتی لەگەڵ دۆستەکەشیان کە ئێرانە.

٤ـ هەردوولامان سنوورێکی دوورو درێژمان پێکەوە هەیە، پاراستنی ئەمنی سنووریان بۆ ئێمە دابین دەکرێت و ئەمەش بۆ ئێران زۆر گرنگە.

٥ـ ئێمە پێویستمان بە ئاشتی هەیە بەئاشتبوونەوە هەیە لەگەڵ پارتی. ئێران سەبارەت بەتێوەگلانی دەسەڵاتی بەسەر پارتی دا وێبوونی سەدان عائیلەی بارزانی لەئێران تەئوانێ پارتی لغاو بکات، ئێمەش پێمان باشە لەم شەڕی کورد کوژی سەیپێنراوە بەسەرمان دا رزگاربین.و وانە پێویستمان بەئێران هەیە بۆ ئاشتی و ئاشتبوون، لەجرەبەی ١٩٨٦یش کە ئێران ئێمەی لەگەڵ پارتی ئاشت کردوە، هەر لەبیرمانە.

دووەم:

(١) هۆیەکانی هێرشی تورکیە هەر راوناوی یەکەکە نیە. بەڵکو هۆیەکی گرنگی تر تەماحیان لە کوردستانی عێراق (ویلایەتی موسڵ). لە هیئە الارکانی تورکیە دایە نهێنی بە حزبێکی تورکمانیان وتووە کە تورکیا پێی وایە صدام دەڕوخێت ورەنگە پاشان عێراق یەک نەگرێتەوە، بۆیە بوونیان لە کوردستان هەم بۆ ژیانەوەی داوای ویلایەتی موسڵ باشە و هەم بۆ مەنع کردنی دانانی دەوڵەتێکی کوردی پێویستە هۆیەکی تریش یارمەتی دانی پارتی یە لە بەرامبەریە (PUK) دا بۆ راست کردنەوەی تارەزووی هێز بەلای پارتی دا.

(٢) میانەڕەوی تورکی ناتوانین رەت کەینەوە بەڵام هەوڵدەدەین کە باڵێک هەیە لە حکومەت دا (حکمەت چەتین + سابنسرک + میت) هان دەین بۆ ئەوەی سیاسەتی تورکیە بگۆڕدرێت بەرامبەریان. ئەوانە دەڵێن کە ئێستە یادەریان بە بەهاری (٦٨٨) هێناوە و دەیکەنە سەرچاوەی سیاسەتی یان بەرامبەر بە کورد و بە عێراق، دەڵێن دەمانەوێ بارزانی و تاڵەبانی وەک یەک تەماشابکەین! و چیتر یارمەتی بارزانی نەدەین لە دژی تاڵەبانی! و دەیانەوێ مەسەلەی ئەمنی سنوور لەگەڵ هەردوولا باس بکەین. ئێمە تشجیعی ئەو سیاسەتە نوێ یەی تورک دەکەین. هەروەها ئامادەین ئیتیاتی پاراستنی سنووری بەشی خۆمان هەڵبگرین بەو شەرتانەی خۆمان هەمانە.

(٣) وەرامەکانی خوشت کاکە حەمە زۆرباش و تێروتەسەل بوونە

سێیەم:

هێزی السید الحکیم نایەوێ لە خانەقینەوە هێرش بکات؛ بەڵکو ئێمە و ئەوان پێکهاتووین کەلە جنوب و بەغدا و ناوەڕاستداکار بکەن ئەوە ترسی عێراقە و بەس.

چوارەم:

هەر چەندە بۆ ئێمە هاوپەیمانی ئیقلیمی زۆر گرنگە، بەڵام هاوپەیمانی راستەقینەی ئەمریکا و ئەوروپا زۆر گرنگترە بۆمان. ئێمە پێمان خۆشە هەمیشە ئەوروپا بەتایبەتی (فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا) و ئەمریکا پێکەوە لەگەڵ هەموویان هاوکارمان بن، ئامانەوێ عێراق تەنها بۆیەک لا بێت.

پاشکۆنامەی دووەم:

بۆ م.س.ی بەڕێز - کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەرەوە

هەڤاڵانی بەڕێز

سلاوێکی گەرم

دوێنێ دانیشتنێکم بوو لەگەڵ دوو لە نوێنەرانی خزمان.

من باسی وەزعی لای خۆمانم کرد، و ئەوانیش پەرۆشی هەواڵەکان بوون، پوختەی قسەکانی ئەوان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

* راستە ناکرێت ئەمریکا وا دەستەوسان راوەستێ و پێویستە چالاکانەتر بەرنامە هاوبەشەکانمان پەیڕەوی بکات. بۆشاییەکی سیاسی هەیە لە ناوچەکەدان و بۆتە مایەی جۆرەها کێشە.

گەرچی ئێمە نەخشەکێشەری سیاسەتی ئەمریکا نین، بەڵام ئومێدەوارین لەم ٢ بۆ ٣ مانگەی ئایندە کۆمەڵێک گۆرانکاری گرنگ بەسەر سیاسەتاندا بێت بەپێی ئەو باسانەی پەیەکەوە کردوومانن.

* لە اوساتێکی زۆری ئێرە وا باوە کە یەکێتی یاریی بە کارتی ئێران دەکات بۆ ترساندنی ئەمریکا و زیاتر راکێشانی. دۆستانە پێتان دەڵێین نەفسیەتی سیاسی ئێرە

ئەم جۆرە یاریە ناسەلمێنێ و زیانتان لێ ئەدات.. ئەفەهومان هەیە کە پێویستە یەکێتی پەیوەندی ئاسایی هەبێت لەگەڵ ئێران و ناکرێت بەپێی وەزعی جوگرافیتان ئێران ناديدە بگرن، بەڵام بۆ سەرجەمی مەسەلەکەتان ئێرەک بوونەوەی بێ حیساب لە ئێران زیانبەخشە بۆتان. گەرچی تەئکید نەبوون، بەردەوام هەواڵ دێت کەوا هێزەکانی پەدر لە کوردستان جێگیر دەبن، ئەمە گەر وابێت رەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ یەکێتی. پەدر بۆ لێدانی سەدام نایەت، بەڵکە بۆ خزمەت کردنی ستراتیجی ئێران کار دەکات.

* ئیبسی ئارمان رۆژی هەینی بەرەو کوردستان ئەکەوێتە رێ. لەوێش لە نزیکەوە لەگەڵتان ئەدوێن. ((زۆر بایەخیان بە مەسەلەی کابرای گەورە ئەدا و ئەیانووت گەر راست بێت رووداوێکی گرنگە و نیازیانە لەوێ لە بارەیەوە لەگەڵتان بدوێن)).

* دەستپێشکەری ملک حسین گرنگ و بایەخدارە. هانتان دەدەین هاوکاری بکەن، چونکە کارێکی جیدیەو بۆ دیاری کردنی دوارۆژی عێراق بڕیاردەرە.

* سوپاسی هاوکاری زانیاریان دەکرد و خۆشحاڵی خۆیان بەگەشەکردنی دەزگا دەردەبڕی.

* مەسەلەی عێنتانی پارەکەم لەگەڵ باس کردن. وتیان ئاگادارم ئەکەنەوە، بەڵام لەوانەیە زەحمەت بێت چونکە دەبێت ئاگاداری تورکەکان بکەن، و تا ئێستا تورکیا بەو مەسەلەیە نازانێت.

* بڕیار وایە رۆبرت دویتچ لە جێگەی خۆی نەمێنێت. هەروەها کۆلۆنێل بۆب لیاز وایە لە مانگی ئایندە لە جێگای خۆی نامێنێت.

ئەمڕۆ لەگەڵ نەسرین خان بووم. باسی وەزعی لای خۆمانمان کرد- ئەو باسی کرد:

((هێندی سەرچاوە باس دەکەن کە ٥٠٠ بۆ ١٠٠٠ ئەفسەری پەدر ئێستا لە کوردستان جێگیر بوون و گوایە رێکەوتنێک لەنێوان مجلس و یەکێتی هەیە کە تا ٧٠٠٠ کەس لە پەدر لە کوردستان جێگیر بن. ئەمە گەر وابێت خەتەرناکە بۆ وەزعی ئێوە و پەیوەندییەکانتان لەگەڵ غەرب و رەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ پەرۆوەندیەکانتان)).

ئێوانیش خۆمانم لەم رووەوە بۆ باسکردو کە ئەم هەواڵە موبالەغەی زۆری تیایە و

مجلس توانجەی سیاسی هەیە لە کوردستان (وەک ئەندامی -INC-) بەڵکو حەمەکەری، تەنها لەو حالەتەدا پەدر دێنێ ئەگەر عێراق هێرشی کردو غەرب لەسەرمان لەهاتە وەڵام و یا ئەگەر ئێرزیستیان یەکخراو دەست بەکار بوو بۆ لێدانی سەدام.

تێبینی: بەشێکی زۆرە لەم مەملەکەتەو زۆربەی دائیرەکانی حکومەت داخراون. نیازە لە هەفتەی ئایندەوە دەست بە بینینی لایەنەکان بکەم.

لەگەڵ رێزو سلاوی

دڵسۆزتان

بەرهەم

7

گومان لەوەدانییە کە (ینک) ڕێکخراوێکی (قالاخیستی - کەتلەیی)یە و لە باوەشی ئەو موخابەراتە ئیقلیمیانەدا لەدایک بووە و پەروەردە کراوە کە بە درێژایی تەمەنیان پارتی دیموکراتی کوردستان و کێشەی ڕەوای گەلی کورد بوونەتە ڕێگر لە ڕێگای ڕێکخراوەکەی ناسراوین.

یا بە واتایەکی دیکەش دەتوانین بڵێین (ینک) حزبێک نییە کە لەسەر بناغەی بەرنامەیەکی سیاسی پێک هاتبێ، بۆیە ئەوە پتر لە (٢٠) ساڵە دامەزراوە و تەنیا یەک کۆنگرەیەکی بەستووە، ئەویش ئەگەر ئەو قەدەمالخییەی کە لە ١٩٩٢دا لە هەولێر بەستیان، بە کۆنگرەیان بۆ حیساب بکرێ.

ڕێکخراوی (قالاخیستی)ش لەسەر ئەوەی لەسەر شەڕی نەیارەکانی دامەزراوە و گەورە گچکەی، دەسەڵاتدار تیایدا بێ دەسەڵات دەخرا، بۆیە ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوانی تر ڕێک بخات و ئەندامەکانی لە تیرۆرو تۆقاندنی یەکتر بپارێزێ تەنیا شەخسی یەکەمی ڕێکخراوەکەیە، کە بەرو بکرێ هەر خزمەتی و هەر ئەویش دەتوانێ ئەم بەرز بکاتەوە بۆ سەرکردایەتی و، ئەوی دیکەش بخاتە خوارەوە بۆ بن پێیان. هەر ئەویشە دەتوانێ وەکو داوی تەسبیح بکە بکەر دانەدانەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە پێکەوە ببەستێتەوە، چونکە هیچ بنەمای ئاسایی و ڕێسای یاسایی پەیڕەوی دیکەیان لەنێواندا نییە کە ئەو هەموو لێڕەوانی و ترسنۆکانە پێکەوە بە یەک لادا هەڵسوڕێنێ. ئەم دیاردەیەش لەناو ڕیزەکانی (ینک)دا وەکو هەموو ڕێکخراوێکی دیکەی (قالاخیستی) ڕوون و ئاشکرا دیارن، بۆیە هەرجارەش کە ململانێی ناوخۆیی سەرانی (ینک) پەرەدەستێنێ و دەگاتە ڕادەی تەقینەوەی یەکجارەکی، جەلال تالەبانی پەنا دەباتە بەر هەڕەشەی ئیستیقالە کردن

دەبا، دەستەو ئالقەکەی خۆی بەهەڕەشەی (ئیستیقالە دانی ئەمیندەکە) دەترسێنێ و جارێکی دیکەش بەزۆر پێکیانەوە دەنێتەوە. ئەوانیش زۆر دەمێکە لەو ڕاستییە گەیشتوون کە بە بێ ئەو دەوڵەت، واتە بە مەلاتی جەلال تالەبانی هەموویان سەرگەردان دەبن، بۆیە دوژمنایەتییەکانی نێوان خۆیان وەلاوە دەنێن و جارێکی دیکە مل وەبەر خەت دەنێنەوە.

بۆ بەڵگەش وا لەم بەشەدا ئیستیقالەنامەیەکی جەلال تالەبانیتان دەخەینە بەر دەست کە بەدەستخەتی خۆی و، لە ساتە وەختێکی وادا نووسراوەتەوە، کە (ینک) لەدوای پەلاماری ئەوزەکەی ئابی ١٩٩٦یان، بۆ سەر پارتی و پاش ڕزگارکردنی هەولێری پایتەخت، دووچاری ململانێیەکی توندی سەرانیان دەبێ و کار دەگاتە ڕادەیەک کە ها ئێستا... ها ئەختێکی تر جەلال بۆی دەربچێ و ئەوانی دیکەیش بێ بەزەیی پێی جەماوەرەوە.

جەلال تالەبانی لەم ئیستیقالەنامەیەیدا زۆر بەراشکاوی باس لە (ناهومێدی زۆر) و (ڕەنج بەخەسارەیی) خۆی و (زانینی ئەو ڕاستییە دەکا کە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو نەبوو)ە، بۆ پەیوەندییە شەخسی و حزبیەکانیشی نووسیویەتی و دەڵێ: (لەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان خۆم و نزیکترین و خۆشەویسترین هەڤاڵەکانیشم کە ئێوەن هەڤاڵانی تری م.س.ن بوون، فاشیل بووم).

هەروەها سەبارەت بە کاروکردەوەی داهاتوی خۆی و ڕێکخراوە قالاخیستییەکەشی نووسیویەتی و زۆر بەبێ هیوایەوە دەڵێ: **(تەمەنێکیشم بەری تاقی کردنەوەی تاڵ و تفتی تری پێوە نەماوە).**

ئەمیش دەقی ئیستیقالەنامەکەی جەلال تالەبانییە کە بە وێنەیەکی دەستخەتی خۆیەوە دەیخەینە پێش چاو:

هەڤاڵان و برایانی زۆر خۆشەویستم

کاک کۆسرەت، کاک جەبار، کاک قادر، کاک عومەر، کاک عومەر، کاک فەریدونی بەڕێز.

سڵاوێکی گەرم

بە بەدوڵ ئاواتی شادی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، هیوادارم هەمیشە ساغ و سەلامەت بن.

خۆتان دەزانن کە بە بڕیاری هەمووتان وا من دەچم بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات.

بەم نامەیەم بۆتان دووپات دەکەمەوە کە لەو سەفەرەشدا لەبەر ڕووناکی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئێوەی خۆشەویست و بەڕێز - نەک بیروبۆچوون و قەناعەتی خۆم - ڕەفتار دەکەم و هیچ شتێک، پەیمانێک، بەڵێنێک، لەگەڵ کەس، وە بۆ کەس، و لەسەر هیچ مەسەلەیەک نابەستم کە پێچەوانەی سیاسەتی ئێوە بێت.

بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو کارانە، ماوەیەک لە دەرەوەی وڵات دەمێنمەوە، هەوڵ دەدەم، خۆ بشارمەوە لە سیاسەت و ڕۆژنامەنووس و دەوڵەتان، بەبیانووی پشوودان و یادداشت نووسینەوەو نەخۆشی و هتد. دڵنیاتان دەکەم کە بەهیچ کلۆجێک، دژی هیچ برادەرێک، یان سیاسەتێکتان، یان هەڵوێستێک، بەهیچ شێوەیەک، لای کەس قسە ناکەم.

ئەو بڕیاری ساوەدیەم دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر و لەئەنجامی موعاناتی و ناهومێدی زۆر و «ڕەنج بەخەسارەیی» خۆم و زانینی ئەم ڕاستی یە یە کە من «سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو» نەبووم لە مەیدانی چەسپاندنی بیروباوەڕەکانی (ینک)اکە لەیەکەمین کۆنگرە بڕیاریان لێ دراوە، هەروەک لەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان خۆم و نزیکترین و خۆشەویسترین هەڤاڵەکانیشم کە ئێوەو هەڤاڵانی تری (م.س) بوون، فاشیل بووم، تەمەنیشم بەری تاقی کردنەوەی تاڵ و تفتی تری پێوە نەماوە.

بۆیە زۆر زۆر زۆر بەداخەوە، بگرە خوێن لەجەرگم دێت، بەڵام وێژدان و دەستمبەرەم مرتاحە، کە بڕیاری خۆدابڕینم لە سیاسەتی ئێستەی ئێوەو ڕێبازی ئێستەتان و ڕەفتاری ئێستەتان دەدەم و بەناچاری خۆم چیتر بە لێ پرسراو نازانم لە لێ بڕان و لە ئەنجامەکانیان، وەچیتر خۆم بە سکرتێری گشتیش نازانم. گەر لێم قبوول بکەن

هەروەک ئەندامێکی سەرکردایەتی نەک (م.س)یش ئاکو کۆنگرە دەمێنمەوە، یان چۆن بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئێوە پێویستە وای ناو لێ بنێن.

هۆیە سەرەکی و گرنگەکانی ئەم بڕیارەشم بریتی یە لە:

١- جیاوازی زۆرو زەوەندم لەگەڵتان لە سیاسەت دەربارەی داگیرکەرانی کوردستان هەموویان بێ جیاوازی، هی بەغدایی و ئێرانی و تورانی.

٢- ناڕەزایی زۆرو بێ ئەندازەم لە ڕەفتارتان لە مەیدانی مافی مرۆڤ و کوشتن و ئازاردان و چاوپۆشی لە کادرە تاوانبارەکان و هتد.

٣- گلەیی خۆم لە تاکڕەوی، دیکتاتۆرییەت، ---- کارکردن، پێشێل کردنی سەروەتەکانی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و مافەکانی خۆشم وەک سکرتێری گشتی و بەناو فەرماندەی گشتی ش.

بەڵام لێتان ناشارمەوە یەک و دوو زۆر گرنگن و هیچ ساوەمەیەکم بێن لەسەریان ناکرێت، هیچ پەشیمان بوونەوەیەکم لە بیروبۆچوونەکانی خۆم لەسەریان بۆ ناکرێت. ئەوەی سێ یەمین گرنگییەکی زۆری نییە کە چارە نەکرێت، چونکە ئەوەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە، ئەوا گەردنتان ئازاد بێت: ئەوانی تریش هیوادارم خۆتان لەناو خۆتاندا بە زیرەکی و هۆشیاری خۆتان چارەیان بکەن.

هەڤاڵانی تێکۆشەرو برایانی خۆشەویستم

هیوادارم دڵنیا بن کە من خۆم لەئێوە بەجیاواز دابڕاو نازانم، هەمیشە وەک «تێکۆشەرێکی دێرین» گەر کارتان لە پرسوڕای خۆتان لەگەڵ من هەبێ، گەر پێویستیتان بەهاوکاری من هەبێت لەگەڵتان بۆ سەرخستن و پێشخستنی کارەکانتان، ئەوا من ئامادەم و هیچ لاریی یەکم نابێ؛ تا ئەو ڕۆژەی صدام دەڕوخێت و «ینک» لە کوردستانی عێراق دا باڵا دەست بۆی دەردەچێت، ئەوسا داوای «تەقاویتی»تان لێ دەکەم بۆ ئەوەی دوای (٤٩) ساڵ خەبات پشوویەک بدەم و ئەختیش بەڕێژمە سەر منداڵەکانم و نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم.

لە تەقاویتیشدا پێویستیم بە لوتف و برایەتی ئێوە هەر دەمێنێت، گەر وەزعی ماڵیشتان باش بوو، ئەوا جاران دەمگوت کاک عومەر، بەڵام ئێستە دەڵێم کاک کۆسرەت بکەن بە مەسئول!

گەر هەر وەک ئێستەش بوون، وەزعی ماڵی ئێوە هەروا مابێتەوە، ئەوا هیچم لێتان گەرەک نییە؛ خۆم زۆرتر لە سووریە دەبم و ڕەنگە بەدزیشەوە، بە پاسپۆرتێکی نەناسراویشەوە ماوەیەک بچمە فەرەنسە.

هەڤالینە: دڵنیا بن لەم وەزعە باشەی ئێستەدا نیبان ماڵئاواییم لێ نەدەکردن، بەڵام شوکر ئێوە لەرووی سیاسی و ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی و ئیقلیمی دەولییەوە، وەزعتان زۆر باشەو پێویستیشتان بە «لاسارێکی» وەکو من نییە، کە مانەوەم ڕەنگە ببێتە هۆی سەرئێشەو گێچەڵ و دەمەقاڵێی ناخۆش ناجۆرو هتد.

خوانەخواستە گەر وەزعتان لێ تێک چوو، ئەوا سوێنێک هەڵکرووزێن و دێمەوە خزمەتتان، یان گەر بە لەناعەتو ڕەزامەندی خۆتان، پاشان، بۆتان دەرکەوت کە لەدوو حاڵە گرنگەکەدا بۆچوونەکانتان هەڵەن و ناڕاستن، ئەوا دێمەوە.



Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General



یەکێتی نیشتمانی کوردستان
سکرتێری گشتی
الاتحاد الوطني الكردستاني
الامين العام

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General



٨

که دەڵێین (ینک) ڕێکخراوێکی فاڵانجیستی و تیرۆریستکارە بەربەبنەستی ڕەشە تیرهابییە، باوەڕتان هەبێ لەبەر هەندێکمان نییە کە پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی ناناسایییە و، چونکە بەڵای کەمەوە هەندێ لەو تاوانانەی کە لەم بەشەدا دەیبینن (بەتایبەتی تاوانەکانی سیروان ێێ رەشە) هەمووی بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و لەکاتێکدا ئەنجام دراون کە پارتی و یەکێتی هێشتا پێکەوە لە پەرلەمان و حکومەتدا شەریک بوون، هەندێ لە کارە تیرهابییەکانیش با لەناو خودی ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا ڕوویان داوە وەک ئەوەی بەکری حاجی سەفەر، هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و خەڵکانی تردا ڕوویان داوە، بەڵام هەموو پێکەوە وێنەیەکی تەواوی تیرۆریستکاریی سەرانی (ینک) دەخەنە ڕوو.

هەروەها لەبەر ئەوەشمان نییە کە لایەنی دووەم لەوە زیاتر سووکە و ڕیسوا بکەین کە خۆیان هەن، بەڵکو ئەمانە بۆ خۆیان دەرئەنجامی ئەو سروشتە تیرهابییەی (ینک)ن کە بەیارتی دیموکراتی کوردستان و جەماوەری گەلی کوردستان قبووڵ ناکرێن. (ینک) هەر لەسەرەتاوە وەکو هەموو ڕێکخراوێکی تیرهابی و فالانجیستی لەسەر شێوازی کەتائیبی چەکدارەدا دامەزراوەو، نەک هەر لەگەڵ حزب و لایەن و خەڵکی تردا، بەڵکو لەناو خودی ڕیزەکانی خۆیشیدا شێوازی تیرۆرو کوشتن و بڕین و بێ دەنگ کردنی نەیارەکانی پێڕەو دەکا.

خەڵکی ئەو ناوچانەی کوردستانیش کە ناو بەناو دەکەونە بەر حوکمی تاکرەوانەی سەرانی (ینک) ئەم ڕاستییانەیان لەلا ڕوون و ئاشکران و، بۆ دڵنیا بوونیش لەو ڕاستییانە پێویستیان بە بەڵگەی زیاتر نییە کە ئەم بۆچوونەی ئێمە بسەلمێنێ، بەڵام بۆ دڵنیا کردنی ئەوانەی کە تا ئێستا بە پڕوپاگەندەی (ینک) دەخەڵەتێن، ئەوا لەم بەشەدا چەند بەڵگەنامەیەکی زیندوو بەرچاوی جەماوەری

بەرفراوانی گەلەکەمان و هەموو ئەو ڕێکخراوە خێرخوازو مرۆڤ پەروەرو دۆستانەی گەلی کوردمان دەخەین، بۆ ئەوەی لە ڕاستی ژیانی ناوخۆ و سروشتی تیرهابیانەی (ینک) بگەن و وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریست هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، نەک وەک خۆی ئیدیعا دەکات کە گوایە باڵێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

هەر بەتەنها سەرنجێکی وردی ئەم چەند بەڵگەنامەیەی خوارەوەش بەسە بۆ ئەوەی هەموو لایەک لەوە دڵنیا بن کە ئەوەی سەرانی (ینک) لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی کوردەماتی دەکەن هیچی لەو کارە تیرۆریستیانە کەمتر نییە کە دوژمنانی گەلی کورد دەرحەق بەخەڵکی کوردستانیان کردووە.

زۆر بەڕێز مام جەلال

ڕۆژ باش.. هیوادارم خۆش بیت

ئەم پساوەم ناردە بۆ لات ایستە لە استعلامات لای کاک فوزی دانیشتووە و چاوەڕێ لطف ابوی بەڕێزە. کێشەکەی لە کاتی خۆی کوڕێکی پ.م ی.ن.ک بوو شەهید کرا پێش ٥ ساڵ، پێش مانگێک کوڕێکی تری بەدەست ی.ن.ک لە ماڵ دەرکرا (خطف) بەتهمەی بۆتەوە کوشتیان و جەنازەکەیان فڕێدابوو.

أ - ایستە کوڕێکی تری لەلایەن ی.ن.ک گیراوە لە ماڵ دەرکراوە ئەڵێن لەگەڵ اسیرەکانمان تبادلی ئەکەین! نازانین ئەمە چی کردەوەیێکە لەماڵ خەڵک دەرکرێت بۆ تبادول لەگەڵ اسیر؟

ناوی شیروان صابر عزیز موالید ١٩٧٦ خەڵکی کفریە ماوەی مانگێک لە مەڵبەندی کەرکوک لەلای عماد توقیف بوو ایستە نقل کراوە بۆ مەڵبەندی سلێمانی ایستە داوای تەنها ئەم کوڕەی ئەکات کە گیراوە لە مەڵبەندی سلێمانیە و بێ علاقەیە تەنها برای کاتی خۆی لە بزووتنەوەبوو و کوشتیان، ئکایە پروسکەیەک یان نامەیەکی بدەرێ بەڵکو ئەم کوڕەی بەردەن جێگای اجر و خیرە. خەڵک کفریە.

برات /شێخ عطا طالبانی

١٩٩٤/٦/٢٦

برای گەورە و بەڕێزمان مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

پاش ئەحواڵ پرسین

طالب حەمەشێخ کادرێکی بزووتنەوەیە لە کۆیە و دەوری زۆر خەراپ بووە و دەستی سوورە لە کوشتنی شەهید کاروان لەناو کۆیە بڕیار وابو بکوژرێ دیارە هەڤاڵانی کۆیە پیان نەکراو گرتبویان لە جیاتی ئەوەی لە پەناوە بیکوژن، کەس و کاری شەهیدەکەمان زۆر هەوڵیان دا بۆیان بکوژێن ئێمەش جێبەجێ مان کرد، من ئالێم کارێکی تەواو ڕاستە بەڵام بزووتنەوە دەیان گیراوی ئێمەی کوشتوە و هەندێکیان سووتاندوە و بەشێک بەبێ سەر ناردۆتەوە بۆمان ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریش دوو کادریان هەبوو لە کۆیە یەکێکیان طالب بوو تەواو بوو.. ئەوی تر ئەڵێن لە ناو سلێمانی خۆی شاردۆتەوە پێم وایە پیشەکێشیان بکەین.

بەهەر حاڵ لەگەڵ داوای لێبوردن لە جەنابتان ئەو دەسەڵاتە تەنها بۆ بەڕێزتانە جار ئەجار (فاول) ئەکەین بەو مانایە نیە ئەو حەقە بە خۆمان بدەین بە بەردەوامی لەگەڵ ڕێز و حورمەتمان بۆ جەنابتان.

هەر بژین

براتان / جەبار قەرمان

١٩٩٤/٩/١٨

بۆ برای بەڕێزم کاک کۆسرەت

سڵاوێکی گەرم

برا گیان ئێزرمان پێ باشە کاک محمود هەینی نەکوژرێت لەبەر ئەوەی ئەدوا ڕۆژدا قازانجی دەبێت دیارە ئەو ماوەیە هەموو کەس و کاری هاتوون بۆ لامان.

برای دڵسۆزت

عوزێر فەقیانی

١٩٩٥/٧/٢٠

بۆ برای زۆر محترم و خۆشەویست

جەنابی پارێزگار کاک سالار عزیز

لەدوای پێشکەش کردنی ئیحترام و سڵاوێکی زۆر گەرم

بە باشم زانی ئەم ڕوون کردنەوەیە سەبارەت بە لەناوبردنی جەلالی علی مام قادر بگەیەنمە جەنابت برام بە خۆشحاڵییەوە ئەو کارەی کە زۆر بە گرانمان دەزانی بە ئاسانی بە ئەنجامسان گەیاند بەم شێوەی خوارەوە دوای ئەوەی کە لە پێنجوێن دەرچووین بەرەو قەڵای گێچێ کەوتینە ڕێ پێش ئەوەی کە هێزەکەمان بگاتە ئەوێ چەند پێشمەرگەیەکی خۆمان بە نهێنی دامەزراند وەکە نزیک بووینەوە داوام لە جلال کرد کە خۆی سەرپەرشتی جبهەکە بکات و داوام لە پێشمەرگەکان کرد کە تەقە لە سەنگەرەکانی پارتی بکەن بۆ ئەوەی ئەوانیش وەڵام بدەنەوە و لە کاتێکدا کە ئێمە دەستمان بە تەقە کرد پارتیش وەڵامسان دایەوە لەو کاتەدا جلالی علی بێ بەدووربین سەیری دەکرد، ئێمە لە پشتەوە تەقەمان لێ کرد و گۆڕ بە گۆڕمان کرد برام ئەمە ئەنجامی هەر یەکێکە حەریکی ژێرەوانکێ و خەڵابلی بێت لەگەڵ سەرانی ئاش بەتاڵ من بەناوی هەموو ڕۆڵەکانی پێنجوێنەوە بەڵێن دەدەین ڕۆڵەی بەوەفای شاری پێنجوێن بێ بۆ خزمەتی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و هەر لێرەشەوە پێم باشە پێت ڕابگەیەنم کە علی بچکۆڵیش لەم نزیکانە بە سزای شۆڕشی دەگەیەنین دووبارە پیرۆزبایی گۆڕ بە گۆڕکردنی جەلالی علی بێ لێ دەکەم.

هەر بژین

برات بەکر حاجی سەفەر

١٩٩٥/٢/١٩

تێبینی:

برام داوام ئەوەیە لەبەڕێزت کە لاشەی ئەو گۆڕبەگۆڕە بەشێوەیەک بیەن بۆ گۆڕستان کە نەبێتە جێ ی شکی کەسوکارەکەی

ئەمەش دوو نامەی (ئەحمەد شەریف)ە، کە کادرێکی پێشکەوتووی (ی.ن.ک)ە و، لەسەر لیستی ئەوان لە کابینەی یەکەمی حکومەتی کوردستاندا بریکاری وەزیری ناوخۆی هەرێم بوو. پاڕانی کاک ئەحمەد شەریف سەبارەت بە تیرۆرکردنی نەقیب کەمالی ئاسایش کە لەسەر لیستی پارتی بوو و، لەسەر کوشتنی دوو پارێزەری ناسراوی بێ لایەن و بێ گوناهی هەولێر خوالێخۆشبووان ئەحمەد جاسباز و ڕوشدی و بابەتەکانی دیکە چی بۆ مامی (مام جەلال) نووسیوە. ئەمە دەق و وێنەی دەست نووسی هەر دوو نامەکەیەتی!

هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

لە ڕۆژی ١٦/٦ کە کۆبوونەوەمان لەگەڵتان کرد ئێمەی ئەندامانی کارگێڕی مەڵبەندی ٣ کاک ارسلان پێی گوتین لەم کۆبوونەوەیە بەڕێز مام جەلال پرسیارتان لێ دەکات لەسەر دزی و تاوان کە لە هەولێر کراوە دەبێ هەمووتان وەڵامی تەواو بدەنەوە. چونکە هەمووتان دزەکان دەناسن. برادەران گوتیان ئێمە قسە ناکەین. چونکە پیاو خراپ دەبین و اجرائاتیش ناگیرێت دەرحەق تاوانباران...!

وە من بە حوکمی مەوقیعەکەم کە لە وەزارەتی ناوخۆم و ئەندام کارگێڕی مەڵبەندم و بۆ ئەوەی لە داهاتوو محاسەبەم نەکەیت لەسەر ئەوەی مەعلوماتێکمان هەبووە بە جەنابت نەگەیشتووە. بەڕاستی دەزانم ئەم کارانەی خوارەوە زۆر تەئسیری سەلبیان لەسەر سومعەی یەکێتی کردووە لە هەولێر و شەعبیەتی یەکێتی زۆر دابەزیوە لەچاو جاران بۆتان بنووسم بۆ ئاگاداری و بەس.

١- کوشتنی نەقیبی ئاسایش کمال

٢- کوشتنی دوو پارێزەر احمد جسباز و ڕوشدی.

٣- دزینی ئوتومبیل دوای شەڕ ڕاوەستان کە زۆربەی هەرە زۆری برادەرانی ئێمە دەیکەن.

٤- ڕەوانە کردنی ئازووقە بۆ ناو ڕژێم.

٥- بڕینی تێل و کارەبا و دزینی مضخەی ئاوی بیرەکان.

٦- لێدانی دوو محقق عدلی لەناو محکمە.

٧- بەرەڵلا کردنی دوو تاوانبار لە ئاسایشی هەولێر کە (٧) کیلۆ هیرۆینیان لێ گیرابوو بە دوو ملیۆن دینار.

٨- وەرگرتنی ڕشوە لە ئاسایشی هەولێر بە ئاشکرا و قاچاغ ڕەوان کردن، ئەمەو دەیان و دەیان تاوانی تر لە هەولێر کراوە خەڵک یەکێتی لە ئاسایشی هەولێری دەزانن کاک سەفین و مام غەفور و عەولا عارەب و انور عزە باوە و عثمان محمود ماستاوەی دەیکەن و بەڕاستی ئەو برادەرانە ئەگەرچی پێشتر پێشمەرگەی باش بوونە و خزمەتی یەکێتیشیان کردووە و پیاوی ئازان. بەڵام بەڕاستی بەم کردەوانەیان زیانی زۆر گەورەیان لە یەکێتی داوە کە ڕەنگە واژوو یەکێتی نەتوانێ ڕاستی بکاتەوە و دوژمنی یەکێتی نەیتوانیوە ئەوەندەی ئەوانە زیان بە یەکێتی بگەیێنن.. چونکە بەڕاستی طبیعەتی خەڵکی هەولێر زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ خەڵکی دهۆک و سلێمانی. وە بەڕاستی ئەم دزانە ئێستا زۆر دەوڵەمەند بوونە و جارێکی تر باوەڕ ناکەم یەکێتی سوودیان لێوەربگرێت.

پارتی لە ناو خەڵک دعایە دەکەن دەڵێن ئەو عیصاباتانە لەناو یەکێتی دەسەڵاتدارن و کەس ناتوانێ محاسەبەیان بکات.

برادەرانی خۆیان لە کۆبوونەوە ناوێرن ناویان بهێنن نەوەک تۆڵەیان لێ بکەنەوە..

بەڕاستی ئەو زانیاریانە پێم باشە لە کاک حاکم قادر و نقیب رسول لە ئاسایشی هەولێر بپرسن بزانن ڕاستە یا نا! چونکە زۆربەی ئەو زانیاریانە من لەوانم بیستووە و لە برادەرانی پارتی و خەڵکی ترم گوێ لێ بووە کە لە ئاسایشی هەولێر و ئاسایشی گشتی کار دەکەن.

بەڕاستی وای لێهاتووە کەس ناوێرێ ناویان بنا...!

نەوەک بیانکوژن..

ئیتر بۆ پێشەوە

احمد شریف

٩٤/٦/٢٨

هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال

سڵاوێکی گەرم

بۆ ئەوەی لە جەنابتان شاراوە نەبێت وەک سکرتێری گشتی یەکێتی بە پێویستم زانی بۆتانی ڕوون بکەمەوە کە ڕەئی عامەی خەڵکی هەولێر چییە لەسەر تاوانی کوشتنی دوو پارێزەر لە هەولێر و ئەنجامە سەلبیەکەی لەسەر یەکێتی نیشتمانی... دیارە کەسوکاری هەردوو کوژراوەکە و هەموو هەولێر ئەم کارە لە ئاسایشی هەولێر و یەکێتی دەزانن و قەناعەتیان وایە ئەگەر یەکێتی بیەوێت ئەم تاوانبارانە ئاشکرا دەکات، چونکە ئاشکرایە کێ کێشەی هەبووە لەگەڵ احمد جسباز و چەند جار هەڕەشەی لێکردووە و تەقەیان لێکردووە و کاک (سەفین) مەلاقەرە پشتیوانیانی تاوانبارەکان بوو... بەلای عامەی خەڵکەوە ئەگەر مەسئولێکی وەکو سەفین لە پشتی ئەم تاوانبارانە نەبێت وابەکەلەگایی و ئاشکرا تاوانباران ناتوانن ئەم تاوانە بکەن. حادیسەکە لەلای مالی خورشید شێرە بوو، من چومە مالی خورشید دیمسم منداڵەکانی خورشید تاوانباران و ئوتومبیلەکەیان دیوە شوفڵیشی سوور بیگاب، دیارە نایانەوێت شاهیدی بدەن، بەڵام بە قەناعەتەوە دەڵێن منداڵەکانی سابق ئۆبەمت دار بوون ئەم تاوانەی کرد و ئێستا گیراون. بە قسەی خورشید شێرە و منداڵەکانی مەسئلەکە هیچ ئشکالی تێدا نییە کە ئەوانن، و دەڵێن پیاوێکی لەخۆش هەیە ناوی (احمد خەرابە)یە جیرانی تاوانبارەکانە لە زەمانی تاوانبارانەوە دوای حادیسەکە دەڵێن گرابە گوتویانە (احمد جسباز پیاوێکی بێ عەقڵ بوو ئەگەر یارەکەی بدایایە پێمان بە خۆی نەدەگۆڕا ئێمە لەسەر دابەش کردنی پارەکە یەکتریان دەکوشت...)!

جا هەڤاڵی بەڕێز ئەم تاوانە و تاوانی کوشتنی نقیبی ئاسایش کمال و لێدانی دوو (محقق عدلی) لەناو دادگا لەکاتی دەوام لەلایەن نقیب ئاسایش (ئاسرا) کە یەکێتییە زۆر زۆر تەئسیری سەلبی کردۆتە سەر سومعەی یەکێتی و ڕەسیدی یەکێتی زۆر دابەزیوە بۆ ئاگاداریتان

ئیتر سوپاس

احمد شریف

٦/٢٨

بەڕێز مام جەلال ... [illegible]

[illegible]

[illegible]

جەنابی بەڕێز کاک کۆسرەت

سڵاوێکی گەرم.

[illegible]

[illegible]

لەسەر (٩) لەمەی ئەم راپۆرتەدا ... دا بەڵگەنامەی رەشنووسی ... سەرجەشتی تیرۆریستانەی سەرانی (ی.ن.ک) بڵاوکردەوە، کە هەڵەمەکانیان بە زمانی خۆیان و بە دەستخەتی خۆیان شایەتی لەسەر کارە تیرۆریستیەکانیان دەدەن.

لە بەشەشدا بەڵگەنامەیەکی دیکە دەخەینە پێش چاو کە بریتییە لە نامەی دەستخەتی پیاوکوژێکی سەرخستەرێکی (ی.ن.ک) کە بۆ سەرۆکی (دەزگای زانیاری) یەکێتی نووسیوە، بە کەسایەتی عەقل و شارەزایی خۆیەوە(١) ناوی مێژووی تیرۆرکردنی (١٤) مرۆڤی بێ گوناهی کوردی ئاماژەوە، کە بەدەستی خۆی و جماعەتەکەی بەتەنها لە شاری چەمچەماڵدا تیرۆری کردوون.

ئەو پیاوکوژە سەرخستەریە کە ناوی (سیروان دۆ رەشە)یە لەخۆی ناوە تەنها ... تەنها یەکێکە لە پیاوکوژەکانی (ی.ن.ک) کە ئامادەن بۆ ئافەرینێک ساڵێکە ویران بکەن و کوانوویەک کوێر بکەنەوە، بەنامەیەکی ئیمزاکراوی خۆیشیانەوە بۆ ئەندامێکی ئەوسای (ی.ن.ک)ی پێشێنی و دواتر یادداشتەکەشی بکەنەوە.

ئازیزی جەلال تاڵەبانی کە ئەم بەڵگەنامە کردەوە دەیدانە تیرۆریستانە دەبینن و دەیبیستن - شەنگەمان ئەو دەمانی وەک سیروان دۆ رەشەیش دەناسن - دوای چۆن لەڕووی دڵت بێت ... بڵاوکراوەکانی دیکەوە باس لە ... و دەستەواژەکانی ... دەکەن.

[illegible]

دەبینن، دوای ئەوە چۆن دەتوانن لەگەڵ خوێنڕێژانی وەک سەرانی (ی.ن.ک)دا باس لە رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بکەن.. ؟!.

بە نامەیەکیش ئەگەر زانیمان (سیروان دۆ رەشە)ی لەدوای ئەم هەمووە تیرۆریستیەتیی، چەندین کەسی بێ گوناهی دیکەی تیرۆر کردووە (ئیستاش وا لە چەمچەماڵ بە چەک و سەیارەی ... ی جەکداری (ی.ن.ک)ەوە) لەرانی دەکات ... لە هاوبیرانی بۆ پیاوکوژی دەستی پەروەردە کراوە.

کە باسی شەڕی داسەپاوی ناوخۆ دەکرێت، سەرانی (ی.ن.ک) وای نیشان دەدەن کە گوایە ئەوان ئاگایان لە هیچ نەبووە و ئەم شەڕە لە ٢/٥/١٩٩٤ەوە لە رووداوێکەوە، لە قەڵادزێوە هەڵگیرساوە، بەڵام ئەوەی ئەم بەڵگەنامەیە بخوێنێتەوە گومانی لەلا نامێنێ کە (ی.ن.ک) هەر لەدوای راپەڕینەوە بەچەند رۆژێک دەستی کردووە بە (تصفیە) کردنی ئەندام و پێشمەرگەی لایەنگرانی پارتی و ... نەیارانی دیکەی یەکێتی، چونکە ئەو لیستەی کە (سیروان دۆ رەشە)ی بۆ کارە تیرۆریستیەکانی کردوویەتی هەتا ٢٤/١/١٩٩٤ پڕ دەکات کە هێشتا پارتی و یەکێتی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا شەریکە حوکم بوون و... جەلال تاڵەبانی و سەرانی دیکەی (ی.ن.ک) ئیش رۆژانە چەندین جار باسی ئاشتی و تەبایی و هاوچارەنووسی و رێزگرتن و پەرەپێدانی ئەزموونە دیموکراتیەکەیان(!) دەکرد، کەچی لە راستیشدا بە دەیان پیاوکوژی وەک ئەم خوێنڕێژە دڕندەیەیان بەرەڵای گیانی جەماوەری گەلەکەمان کردبوو، کە بەفەرمانی سەلیمەندو هەندێ بەرپرسی دیکەی یەکێتی خەڵکی بێ تاوان و خەڵکی بێ دیفاعیان شەهید دەکرد، بۆ ئەوەی جەماوەری پارتی و حزبە کوردستانیەکانی تر، خەڵکی بەلایەنی دیکە چاوشکێن بکەن و بیانترسێنن.

سیروان دۆ رەشەی بەدەر کرێی خوێنڕێژی (ی.ن.ک) لەم بەڵگەنامەیەدا دان بە کوشتنی (١٤) مرۆڤی کوردا دادەنێ و ئەوەجایش بۆ قادری حاجی عەلی ئەندامی (م.س) بەکەسێشی دەنووسێ کە هەر دەکا هەندێ شت هەیە (دوو بەدوو) باسی بکەین لە سەرەتای نامەکەشیدا ئەوەی دەرکاندووە کە ئەو

نەبیستبووە ئەم بێ بە ئامیر فەوج، چونکە خۆی گرتوویەتی(کارمان بە سیروان هەیە)!

بەداخەوە ڕۆژێکیش دادێ کە بزانێ پاش ئەو هەموو کارە ئیرهابییانە دەرگای بەدناوی (زانیاری) ی.ن.ک چ (کارێکی دیکەیان بە سیروان دێ ڕەشەی سپاردووە)؟!

ئەمیش دەقی بەڵگەنامەکەیە:

برای بەڕێزم کاک قادر حاجی عەلی

سڵاوێکی گەرم

من (سیروان دێ ڕەشە) مەڵبەندی (٢) بڕیاریاندا بکەمە ئامیر فەوجی تایبەت لە سنووری چەمچەماڵ، خۆیان قسەیان لەگەڵم کرد بێ ئەوەی خۆم داوام کردبێ، لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، پاشان ئێستا جەنابت بڕیارت داوە من نەکرێم بە ئامیر فەوج لەبەر چەند هۆیەک، چونکە خۆت ئەڵێیت کارمان بە سیروان هەیە.

بەڕێز کاک قادر

دیارە من ڕابردووم چاک دەزانی و خەڵکیش زۆر من دەناسن و وەزعم باش نییە تاوەکو ئێستاش باسی سەفەدوری خۆم نەکردووە، بەڵام ئیتر ناتوانم بەم شێوەیە ئیدارە بکەم، چونکە وەزعم بەرەو خراپی دەڕوات و زۆرم پێ ناخۆشە ئامر فەوجییەکەم ڕەفز کرابەوە زۆر تەئسیری لێ کردووم.

بۆیە داواتان لێ ئەکەم، کارێکی باشم بۆ بکەن بۆ ئەوەی ژیانی خسۆم و پێشمەرگەکانم تەئمین بکرێ، وە ئەگەر وا نەبێت دیارە مەشاکلی گەورەم بۆ دروست دەبێت و ناتوانم بەردەوام بم، وە تاوەکو ئێستا جگە لە یارمەتی خۆم و ئێوەم کەس هیچ جۆرە یارمەتییەک نەداوام.

و بەڕێز کاک قادر من کۆمەڵێک ئیش و کارم بەبێ مقابیل بۆ (ی.ن.ک) ئەنجام داوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە کوشتوومن:

١- جەوهەر فەرج لەگەڵ ئەحمەد ١٩٩١/٣/٢٣ بە بڕیاری ڕێکخستنی

کەرکووک.

٢- کەریم محی الدین (کەریم نەخشە) ١٩٩٢/٢/٨ بە بڕیاری ئەحمەد کرێکار.

٣- قاسم لطیف رشید (جاوش) ١٩٩٢/١/١٤ بە بڕیاری مامۆستا جەلال.

٤- سەلام عباس (ناسراو بە عباسی کوێر) ١٩٩٢/٦/٣ بە بڕیاری مەڵبەندی کەرکووک.

٥- نزیرەخان (خەڵکی چەمچەماڵ) ١٩٩٢/١/١٠ بێ ئەخلاق.

٦- عادل حەمەشا چەمچەماڵی ١٩٩٢/٦/١٠ بە بڕیاری مەڵبەند / جەبار یاوەر.

٧- ڕەنگین (ئافرەتێک) ١٩٩٢/٨/١٠ بە بڕیاری ئەحمەد کرێکار.

٨- فەریدون حەمە ئینجە ١٩٩٢/٨/٣١ بە ئاگاداری کاک کۆسرەت.

٩- کاکل ١٩٩٢/١١/٩ بکوژی مامە ڕیشە.

١٠- فوئاد (بێ ئەلی مەڵبەندی دوو) ١٩٩٣/١/١٧ خیانەتی لە مەڵبەندی دوو کردبوو، خط مایلی پارتی بوو، بە بڕیاری مەڵبەند.

١١- مەلا ئەیلوو ١٩٩٣/٢/٥ بە بڕیاری مەڵبەندی ٢.

١٢- گوڵعزار ١٩٩٣/٥/٥ بە بڕیاری مەڵبەند.

١٣- سەید قودرەت ١٩٩٤/١/٢٤ لەسەر بڕیاری خۆم، لە تۆڵەی ئەو دوو پێشمەرگەیە کە جەماعەتی ئەحسەن شاعیر (شاوەیس) لە ١٩٩٤/١/٢٣دا شەهیدیان کردبوو.

بەڕێز کاک قادر

ئەم ڕاستییانەی لای سەرەوە و کۆمەڵێک چالاکی کەم بەئەنجام گەیاندووە، بە بێ هیچ جۆرە مقابیلێک و بەبێ وەرگرتنی هیچ جۆرە چەک و پارەو و تەقەمەنی و ئیمکانیەت.

و ئامادەم ڕووبەڕووی هەموو برادەرانی مەڵبەندی (٢) ی کەرکووک ببمەوە تا وەکو ئێستا هیچیانم لە بۆ خۆم و ئەو هاوڕێکانم نەکردووە.

ئێستاش چالاکییەکان بەسەرپەرشتی خۆم ئەنجامم داوە.

بۆیە داواکارم لە جەنابی بەڕێزت حەقم لەسەر ڕابگرن و چاوێک بە ئیش و کارەکانم بکەن.

هەر بژین

تێبینی

حەز دەکەم هەندێ شت هەیە دەم بەدەم باسی بکەین.

دڵسۆزت

سیروان (دێ ڕەشە)

١٩٩٤/٣/٢٠

10

له بەشەکانی (٨) و(٩)ی ئەم راپۆرتەیەدا، له رێی بلاوکردنەوەی (٥) بەڵگەنامەوە رووناکیمان خستە سەر سروشتی تیرۆریستانەی (ی.ن.ک)و خودی جەلال تاڵەبانی و دەستەو تاقمەکەیەوە.

لەم بەشەشدا لە نێو سەدان نامەی تایبەتی سەرانی یەکێتیدا، تەنها (٣) نامەتان پێشکەش دەکەین کە بەشێوەیەکی حاشا هەڵنەگر لایەنێکی دیکەی سروشتی (ی.ن.ک) دەردەخەن ئەویش مەسەلەی (تالان و شەڕەخۆریی) کەسانی سەرەکی یەکێتییە، کە لەم نامانەوە بە روونی دەردەکەوێ کە کەسیان بڕوایان بە یەکتری نییەو هەریەکەو (جاسووس)ی خۆی هەیە بۆ چاودێری کردنی (هەڵسوکەوت و دەستکەوتەکانی) ئەوانی تر.

جەلال تاڵەبانی و سەرانی دیکەی (ی.ن.ک) بە رواڵەت خۆیان وا پیشان دەدەن کە گوایە پێمان ناخۆشە پێیان بوترێ (دزو جەردە)، بەڵام لەم نامانەوە دەردەکەوێ کە ئەوان لە هەموو کەسێکی تر باشتر ئاگایان لەو چالاکییەی (ی.ن.ک)ەو- هەموو - هەر هەمووشیان - رۆژانە عومارەسەی دەکەن.

ئەمەش دەقی هەر (٣) نامەکەیە کە یەکێکیان هی (قادری حەمە جان)ەوە، کە دوای داگیرکردنی هەولێری پایتەخت لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە بە فەرمانی خودی جەلال تاڵەبانی کرایە (حاکمی موتڵەق)ی هەولێری پایتەختی هەرێم و، ماوەی یەک ساڵ و (٨) مانگی رەبەق زوڵم و زۆری لە خەڵکی هەولێر کردو، ماڵی خواردن و، ماوەو سەرانەی لێ سەندن و کەرامەتی پێشێل کردن.

تەماشای دەست خەت و شێوەی نامەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی ئاستی راستەقینەی رۆشنبیری ئەم (حاکم!!) قادرە بزانن و لە (ئیمتیازات)ی ئەم نیرهابیە تێبگەن کە جەلال تاڵەبانی ماوەی پتر لەساڵ و نیوێک (سەرو سامان)ی خەڵکی شەرەفمەندی هەولێری - بە بارمتە - خستبووە بەردەستی.

نامەی (٢)و (٣)یش ئەوە دیارن و ئیتر پێویست بەوە ناکەن بڵێین سەرۆکی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم چۆن و تا چ رادەیەک بە تەنگ (سەرو سامان)ی هاووڵاتیانی هەرێمەوە بووە...!!

نامەی (١)

برای خۆشەویستم کاک مەلا یاسین

سڵاوێکی گەرم

دوای خۆی جیهازێکی گورجیمە گیرا، ئەوەبوو پارەی لێ وەرگیرا، ئاوا(؟)یان کرد. بۆ ماوەیەکی تر لە هەولێر گیرایەوە. لە ساڵێک بوو، پارتی ویستیان دەرباری بکەن بڕیاری نەکرا. بەڕێز کاک کۆسرەت و بەڕێز کاک شوکەر هەڵۆ ئاگادار بوون وەک ئەبێ بەمنیان زانی حجزی بکە. پێگرتبوویەوە، بە ئاگاداری کاک کۆسرەت و کاک ... گواستراوەوە بۆ مەقەری کاک سەرچل. لە رۆژێک داسان لە ... دەستی (یاسین) گواسترایەوە. لەلای کاک یاسین مابووە، تا قرار ... سەرکەوتنی بەبانی زۆر پێم گواستەوە ...

دوو علبەی پێ دەن باز ملیۆنی ئەوکاتە ئەبینینەوە.

لە ئاخر جارەدا قەرار درا بدرێتە بە رزگار حاجی کابل چونکە ... زۆر کردووە، درا بە رزگار حاجی کابل و پارەی کێشی تێدا بوو دایانەوە بە هەموو، چونکە زۆر کەس ... دەکرد بە ساحێبی.

درا بە رزگاری حاجی کابل و چەند کەسێکی تر، بە سوانەلەتی برادەران دەستی کرد بەگواستنەوەی شتەکان لە هەمان سەقەر.

بە چەند وەعدەیەک بە سەیارەی بەڕێز کاک نەوشیروان زۆربەی گواستنەوە (خۆی و جەمال) پاشان پارچەیەکی گەورەی مابوو بە سەیارەی جیهازەکانی کاک مەلا بەختیار بە ئاگاداری کاک ئاوات شێخ جەناب گواستیانەوە بۆ سلێمانی، چەندیان دا؟ پارە نازانم بەڵام پارەیان دا، خۆت رەنگە شتێکی لێ بزانی.

دوایی کاک رزگار حاجی کابل و ئەو برادەرەی جیهازەکەیان ناردە تیران بە چەندیان فرۆشت نازانم.

کە جیهازەکە برایە سلێمانی دوای ١٥ رۆژ بردیانە تیران کە بردیانە تیران، ئیتر جیهازی گورجیمە نییەو گێڕاوە.

١) من تەنها تێشم لە ماڵەکە سەعدی و تەسلیم کردنی بووە بە رزگار حاجی کابل (کاک یاسین) کە لای سەرچل بووە دەزانێ ... سەرکەوتنیش گواستیەوە.

٢) کە دەڵێن گێڕاوە پاش ئەوەی بردیانە تیران پارەی تریان بۆ ناردووە، رزگار حاجی کابل پارەی وەرگرتووە بە ئیمتیازی (جەمال) کە بووە بە خاوەن جیهازەکە. جیهازەکە چەند پارچە بوو؟

٣) من پێم وانی باشە کە ١٥ رۆژ لە سلێمانی بوو بۆ ئاگادارتان نەکردین کە براوا بۆ تیران پێمان دەڵێن.

ئەوان گێڕیانە، چیمان پێ دەڵێن با ئەوەمان تەسلیم بکەنەوە یەک قسەو قسەلۆک بکەن.

جیهازەکە لە تسل(؟) دا هی (دکتۆر فاروق) ناوێکە بە شەراکەتی (زردار).

رزگار حاجی کابل و جەمال پارەی لەوانیشیان داوەتەوە.

زۆربەی پارەکانی تریش هی ئێرانییەکان بووە کە لێیان وەرگرتوون.

ئیستاش داوای گورجیەکە کراوە بە ناوی کاک ابوبکر حاجی محمود کاک ئەوەیەکی هیچ پەیوەندی بە جیهازەکەوە نییە شەریکیش نییە ساحێبی نییە. تەنها پارەی لە (زردار) بووە پارەکەی لێ وەرگرتۆتەوە، (زرار یش) دەڵێت من پارەم نییە (ئەوە بەو جیهازە. بۆیە کە پارەکەیان دایەوە بە (زردار) تەسلیم بە بڕیار نەکرا کاک حاجی بوو بە کەفیل کە پارەکە بدەنەوە بە کاک ابوبکر، کاک حاجی برام بۆ ئاگادارییتان.

لەبەر ئەوە ئەوانە راست ناکەن. ئەوە یەکەم جاریش نییە ئەم مەسەلەیە دەکەنەوە.

وەک وتم ئەمەش هەقیقەتی مەسەلەکەیە

چونکە ١) بە سێ و چوار جار شتەکان گواستراوەوە وانە جیهازەکە.

٢) دوای پانزە تا بیست رۆژ لە سلێمانی دانراوە لای رزگار حاجی کابل. پاشان ناردوویەتی بۆ تیران.

٣) کە بردیانە تیران تێرانییەکان بە زن برای رزگاردا کە (ناوی کاروەیە) پارەی تریان ناردووە. ئەگەر جیهاز نییە چۆن پارەیان نارد.

٤) ئەگەر بە دڵیان نەبوو بۆ وەریان گرت. کە وەریان گرت بۆ گواستیانەوە، ئەیان دایەوە بە یەکێتی.

٥) ئیستا رێگا هەیە با بۆمان بێننەوە ئەگەر خۆیان دەست کاریان نەکردووەو دەرۆناکەن.

سوپاس

ناماندەم پێم.

برای دڵسۆزتان

حاکم قادر

١٩٩٤/٤/١٩

نامەی (٢)

بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ب/ زانیاری

١) ماوەی مانگێک دەبێت سەیارەیەکی لاندکروزەری مۆدێل ١٩٨٦ ئایە بالۆن یەکێک عەلەکی سلێمانی بە پارەی پارتی کرێیەوە بۆئەوەی بیبات بۆ هەلەبجە بۆ لقی (٤) بەڵام دەست گیر کرا هێنایان بۆ ئاسایشی گشتی بەڵام پاش (١٠) رۆژ کابرایەکەیان ئازاد کرد بەڵام لە بەرواری ١٩٩٦/٣/١ سەیارەکە لە دائیرە نەقیب ئازاد سکرتێری حاکم قادر بردی و تاکو ئێستا سەیارەکە نەگەڕاوەتەوە دائیرەی ئاسایشی گشتی.

١٩٩٦/٣/١٦

نامەی (٣)

بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

١) ماوەی چەند رۆژێک لەمەوبەر یەکێک گیرا بە ناوی دلشاد محمد عەلکی رانیە بە تاوانی فرۆشتنی (٣) کیلۆ تریاک (حەشیشە) لە کاتی گرتنەکە دەمانچەیەکی مکاروف و سەیارەی بەرازیلی ستۆر رەقەم بەغداد دەمانچەکەی درا بە مولازم عادل و سەیارەکەیان چەند رۆژێک بۆ کرا نەقیب ئزار رەقەمەکەی تری لە لادەکی سەوز کە گیرا بوو بە تاوانی TNT لێی کردبوو لە بەرازیلی قایم کرا ژمارەکەی (١٨٩٦١١) هەولێر.

٢) ماوەیەک لەمەوبەر ماڵی دکتۆر محمدی بەرزنجی حجز کرا چەند پاسەوانێکی ئاسایشم دانا لە ماڵەکەدا هەموو رۆژێک مولازم جمیل و نەقیب فهد علی مەلود چ شتی باش هەموو دەیان هێنا بۆ ماڵی خۆیان دەیان دزی.

٣) ماوەی مەکوی ئارا هەڵاتووە بۆ مەسیف بە ئەمری حاکم قادر مەکوەکە حجز کراوە هەموو سەرە مانگان شاگردەکە (٣) هەزار دینار تەسلیمی مدیر ئیدارەی ئاسایش واتە رائید عەلی دەکات.

٤) ماوەیەک لەمەوبەر مولازم جمیل ضابط حرکات بە سەیارەکەی خۆی ماتۆرێکی (٣١×٤) ی دائیرەی خستە سندوق بردی بۆ ماڵی مفوض رۆستەم یوسف عەبدوڵا گۆڕیەوە بە ئاقمێکی دەمانچە.

١٩٩٦/٣/٢٤

بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

[illegible]



بۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

[illegible]

[illegible]

11

لە رۆژانەدا کە جەلال تاڵەبانی و دەوروپشتەکەی هەست بە داڕمان و ... سیاسی دەکەن، ... جار گەڕانیان لە دەستەواژەی داتاشراوی (هاوپەیمانەتی دیموکراتی...) دەبینێت، کە ... جەلال و ... حکومەتی ... هەرێم ... دەکەن، ... بە جەلال تاڵەبانی دەکێشن ... خۆیان ... دەدەن ... خۆیان و ... کەسانی ... بکەن ... زۆربەیان خێر و کەسوکاری ... دەوڵەمەند ... شەرمەزاری ... خراپەکاری – بەکاریان – دەبەن.

قەرەموون بۆ تێگەیشتنی پەیوەندیی (ریفاقالعدی) دوو لە سەرکردەکانی ئەم بەناو (هاوپەیمانەتی دیموکراتی)، کە جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی ای.ن.کە) و قادر عەزیزی سکرتێری گشتی (؟) جەماعەتی زەحمەتکێشانە. تەماشای ئەم سیناریۆیە لە (مەحزوڵە)یە بکەن، کە ئەم نامەیەی (بەهرۆز گەلالی)یەوە. بەدەر دەکەوێ کە وەک (وەسیقە)یەک بۆ جەلال تاڵەبانی نووسیوە.

* رۆژی ٣/١٢/١٩٩٤-دا، جەلال تاڵەبانی و مەکتەبە سیاسییەکەی رۆژی ١٥/١٢/١٩٩٤، واتا پاش (١٢) رۆژ لە ... بڕیاری دەست پێکردنی جەنگی ... هەرێم دەدەن.

* قادر عەزیزی سکرتێری گشتی (؟) جەماعەتی زەحمەتکێشانیش ... دەکات ... بە ... دارای (پارە) بکا

* جەلال و سەرانی ی.ن.ک ایش جەولەی دووەمی ئینقلاب و پیلانی داگیرکردنی حەولێریان بەدەستەوەیەو، پێویستییان بە شەڕێکە تاوان هەیە، بۆیە (پارە)کە دەدەن، بەڵام بەرانبەر بەشتێک، شتەکەش ئەوەیە کە قادر عەزیز (کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریی) بگێڕن و لەو کۆنگرەیەدا دەبێ باسی (ئیبراهیم خەلیل) بکاو پارتی تێدا تاوانبار بکات.

* قادر عەزیز بۆ بەدەستهێنانی (پارە)کە ئامادەیە، کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە ببەستێ و باسی (ئیبراهیم خەلیل) و پارتیش بە خراپە بکات، بەڵام بۆ ئەوەی شریبەی ئەم شەرمەزارییە لە خۆی دوور بکاتەوە، دەیەوێ چەند کەسێکی تریش لە حزبەکانی تر لە خشتە بەرێت و لەو کۆنگرەیەدا بەشدارییان پێ بکات، بۆ ئەوەی خۆی (بەتەنیا) نەبێتە ئەنجامدەری ئەو تاوانەدا کە تەنها و تەنها لە پێناوی (پارە)دا بەڵێنی جێبەجێکردنی بە جەلال تاڵەبانی داوە.

* سەرئەنجام (پاش ماوەیەک) وەستەکە، واتا بەهرۆز گەلالی بەم نامەیەی کەوا لێرەدا دەقەکەی بە دەستخەتەکەوە دەخەینە پێش چاو، داوا لە جەلال تاڵەبانی دەکا کە (پێشراییی) لە قادر عەزیز نەکاو، (پارە)کەشی نەداتێ، هەتا قادر عەزیز کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە دەبەستێت و بە خراپە باسی پارتی و (ئیبراهیم خەلیل) دەکا.

ئەمە پەیوەندی (ریفاق)ەکانی نێوان لایەنەکانی (هاوپەیمانەتی دیموکراتی)یە و ئنجا ئێوەو نامەکەو لێکدانەوەو بڕیارو بۆچوونی خۆتان و، بزانن تاخۆ جەلال تاڵەبانی و ئەو کۆڵکە سیاسیانەی وەکو قادر عەزیزن لە پێناوی خواردن و دزینی (پارە)ی میللەتدا چەند پیلان و تاوانی ئەم بابەتەیان لە دژی پارتی ڕێکخستووە، چی دیکەشیان بەدەستەوەیە لەو پێناوە گڵاوەدا بیکەن...!!

ئەمیش دەقی نامەکەی بەهرۆزە بۆ جەلال، بە وێنەکەیەوە:-

زۆر بەڕێز جەنابی مام جلال

سەلاوێکی گەرم

پێش ماوەیەک کاک قادر عزیز تەلەفۆنی بۆ کردم، ڕێز و تقدیری زۆری هەبوو بۆ جەنابتان، داوای کرد کە ئەگەر جەنابی مام جلال بچێت بۆ مەراسیمی شەهید حسێن، ئەوا منیش دێم، دوای ئەوەی تەلەفۆنم لەگەڵ سکرتاریەت کرد، وەڵامەکەی جەنابتم

بە کاک قادر عزیز ڕاگەیاند و منیش داوام لێ کرد کە وەکو سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ببەستێت لەسەر گوێرگی ابراهیم خلیل لە وەڵامدا زۆری پێ باش بوو و گوتی باشە، بەیانی ئاگادارم دەکاتەوە، بە هاوکاری حزبەکانی تریش لەبەرەی کوردستانی.

هەروەها گوتی بە مام جلال بڵێ تۆزێک پارەمەتی ساڵدەیان بدات و زۆر باسی دووری جەنابتی کرد. پێم باشە وەعدی پارەمەتی پێ بدەین، بەڵام هەتا کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە نەبەستێت، پارەمەتیەکەی نەدەینێ، و کە جەنابتم بینی بەدرێژی قسەکانی کاک قادرت بۆ باس دەکەم، دەربارەی چوونی جەنابت بۆ کەلالە کاک قادر گوتی ئەگەر مام چوو بۆ سەفەرەکە پێشکی ئاگادارم بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

بەهرۆز گەلالی

٩٤/١٢/٣

زۆر بەڕێز جەنابی مام جلال

سەلاوێکی گەرم

بەهرۆز گەلالی

٩٤/١٢/٣

12

رابەری میللەت، کەسێک کە بۆ سەرکردایەتی بشێ، مەرجی خۆی هەیەو، مەسەلەکە حەزو ئارەزوو و پەلەقاژە وخۆسەپاندن نییە، بەڵکو کەسێ سەرکردە دەبێ هەندێ خەسڵەت وسیفەتی وای تێدابێت کە میللەت، یا هەر هیچ نەبێ زۆربەی زۆری میللەت، پەسەندی بکات، بۆیە هەندێ کەس وێڕای دەسەڵات وپارە و هەوڵی خۆ بەچاک لیشاندانیش ناتوانن کارێکی وابکەن کە میللەت لە دڵەوە خۆشیان بوێ و بە(سەرکردە)یا بە(رابەر)ی خۆیانی بزانن. کەچی ئەوانی تر هەن وێڕای دەسکورتی و نەبوونی دەسەڵاتی بە زەبرو زەنگیش دەتوانن لەرێی هەندێ ئاکارو ڕەوشت و سیفەتی چاکەوە بکەنە دڵ وەبەروونی جەماوەرو بەو پەڕی لێتوەشاوەییشەوە (رابەرایەتی) ئەو جەماوەرە بکەن و بەرەو ئاسۆی ڕووناکترو، پاشەڕۆژی پرشنگدارتری ببەن.

ئێمە لێرەدا وەختی ئەوەمان بەدەستەوە نییە کە باسی هەموو خەسڵەتە چاکەکانی (سەرکردە)ی سەرنی میللی و نەتەوایەتی وهێژووی بکەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێین کە یەکێک لەو سیفەتە پێویستانە سەبرو توانای بەرگەگرتنی پێشهاتە، کە دەبێ لە شەخسی (رابەر)و(سەرکردە)دا هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو شتێک بەپێی بایەخی خۆی وپێداویستی خۆی چارەسەر بکات و، لە هەموو بارودۆخێک و، لە ئاست هەموو ڕووداوو کارەساتێکدا خۆی لە هەڵەشەیی وکاری سەرپێی و هەڵچوون وداچوون بپارێزێ و تەرازووی خۆی ڕاگرێ.

جەلال تاڵەبانی یەکێکە لەوکەسانەی کەتاسەر ئێسک حەز لە - زەعامەت - دەکاو ئەوە نزیکەی(٤٠ - ٤٥) ساڵە ڕێ ئەما، تەنانەت حاشتێی دوژمنانیشی تاقیکردۆتەوە، بەڵام چونکە سیفات و خەسڵەتی سەرکردەی ڕاستەقینەی تێدا نییە، بۆیە وێڕای هەموو دەسەڵات وپیاو کوژی و هەموو کاروکردەوەکانی دیکەشی لەپێناوی - زەعامەتدا - کەچی ڕۆژبەرۆژ و جار لەدوای جار زیاتر ڕۆدەچێ و، پتر ڕیسوا دەبێ.

پێشتر زۆر جار باسی هەڵەشەیی وەلهوری جەلال تاڵەبانی و ئەو درووشمە

[illegible] بەگشتیشیان کردووە کە دەڵێن: ئێوە بەسەدەرە ئەگەر بەرپرەوە و هەمیشە لەسەر ڕەماس جەلال و زۆر جاریش لەکۆتایی نامەو بروسکەو بەیاننامەکانییەوە(۱) دەنووسێت: من بۆ ئەوەی بەڵێن بدەم پەیوەندیی بە تیران پارتی و یەکێتییەوە هەیە، لە پشەوا [illegible] بەیاننامەیەکیان دەخەینە بەرچاو کە پەیوەندیی بە شەڕەکەی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامییەوە هەیە کە لەکۆتایی مانگی ۱۲ی ۱۹۹۳دا قەوماو [illegible] دیان خەڵکی بێ تاوان [illegible] کەوتنەوە.

ڕۆژی ۱۸/۱۲/۱۹۹۳ ئاگاداری لەسەر [illegible] گشتیی لە ئێران خاوەنەکەی کەسێکی بە بزووتنەوەی ئیسلامی بوو و بەکەسێکی دیکەدا گوزراوە کە سەر بە (ی.ن.ک)ە بوو. ئێستە لەسەردانی بۆ سووک کردن و لەسەر زمان ـ بە (لەیەزییەکەی ئازەکە) ناوی دەبەین.

لەلەزییەی ئازەکەشدا وەک هەموو جارێک و وەک ڕۆژنامەنووسە ببیانییەکە [illegible] کوردی (ی.ن.ک)دا لایەنێکی هەموو تەلەزییەکان بوو، هەروەک هەراڵدکە گەشتە سەرانی یەکێتی. ئیتر جەلال شووتی لێ هەڵگرت و بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی باڵای میللەت و پاشەڕۆژی ئەزموون و گەلی کوردستان لەنگ بداتەوە، بەکەسەر [illegible] بە سەبرە ئەگەر بەرپرەای جاردابەدەر، لە سەر فەرمانی ئەو ـ وەک ئانیەی قوائی بەبەر بەرپرسی ناسیانی (ی.ن.ک)ا ـ لە هەموو قوژبنێکەوە دەستکرا بە لەشکرکێشی بەرەو کەفری و بۆ دەوروبەر و کەمسارۆدان و پەلاماردانی هەموو بارەگاکانی سەرکردایەتی و بارەگاکانی دیکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لەهەموو شارەکاندا.

ئەوە بوو پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەسەر فەرمانی حەفەی سەرۆک مەسعود بارزانی دەرگای بارەگاکانی خۆی بۆ ئەندامان و هەوادارانی بزووتنەوەی ئیسلامی خستە سەرپشت، دوا پاش داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی و بارەگاکانی دیکەی بزووتنەوە لە شارەکاندا، جەلال وسەرانی دیکەی (ی.ن.ک) ئاسوودەیی سەری خۆیان بوون و بەبیانوی قەڵاچۆکردنی هەوادارانی ئیسلامییەوە، شاڵاوێکی گرتن و کوشتن و سەربڕین کردن و تاڵان کردنیان لەدژی ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەرپا کرد، کە مەگەر هەر خوای گەورە بەخۆی بزانێت کە ئاکامەکەی چۆن دەکەوێتەوە.

بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پیلانە گڵاوەو، ئیتیوەدانی ئەم هێرشە پڕ لەناپاکی و دڕندانەیەش، جەلال تاڵەبانی پێش ئەوەی لە ۱۲/۱۲/۱۹۹۳ کوردستان بەرەو سووریا بەجێ بهێڵێت، لە ڕۆژی ۱۹/۱۲/۱۹۹۳دا ئەم بروسکەیەی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) کردووەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە پێڕەوی لێبکەن.

هەموو ئەمیانەش لە کاتێکدا ڕوویان دا کە پارتی و یەکێتی خەریک بوون دەست و شەڕێکە چەوکم ببین لەبەرلەمیان و سەرکێشیەت دان. تەنها (۲٤) سەعاتیش بوو کە (ڕێککەوتنامەی ستراتیجی)ی ۱/۱۲/۱۹۹۳ی تێهران پارتی و یەکێتی بەرەسمی ڕاگەیەندرابوو، بەڵام جەلال تاڵەبانی و سەرانی دیکەی (ی.ن.ک) دەیانزانی چ پیلانێکی سامناک لە دژی لایەنێکی سیاسی وەک بزووتنەوەی ئیسلامی دەگێڕن و بەحوکمی تاقیکردنەوەو شارەزایی لەوەش دڵنیابوون کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان زوڵم و زۆر لە هیچ لایەنێک و لەدژی هیچ لایەنێک قبووڵ ناکات، بۆیە جەلال لەم بروسکەیەدا داوای دڵنیایی کردن و دڵدانەوەی پارتی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی دەکا هەتا ئەوانی نەخشەکەی لەدژی بزووتنەوە جێبەجێ دەکرێ.

بەڵام پارتی بە جەلال و سەرانی جەلال و دەزگای چەواشەکاری ڕاگەیاندنەکەی لەنەخشە تێچوو و لە کاتی پێویستدا دەرگای بارەگاکانی بۆ ئەندام و لایەنگر چەکدارو بەرپرسانی بزووتنەوەی ئیسلامی کردەوەو نەخشەکەی (ی.ن.ک)ی پەک خست.

ئەمەش دەقی بروسکەکەی جەلال تاڵەبانییە، سەرنج بدەن، چۆن وەکو سیاسەتکی هەرزەکار هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوێکی سادەو ساکاری وەکوو لەلەزییەی ئازەکاندا دەکاو، چۆن داوا لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی دەکا کە هەرچی هەرایەو، هەرچی دەبێتە هۆی سووک کردن لەخۆرایی و بەبێ پاکانە بیدەنە پاڵ لایەنی دووەم

دەقی بروسکەکە:

لەجەلال مام جەلالەوە ۱۹/۱۲/۲۳٤۱

١ ـ لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنماندا ڕای پیشان بدەین کە ئێمە ستەم لێکراوین هەڵوێستیشمان دیفاعییە ـ ئیجابیی بێ.

٢ ـ دروشمی (رد العدوان) و (ردع المعتدين) ئیزاز بکرێ.

٣ ـ ئەم هێرش و پەلاماردان و خروقات و ئیصراری بزووتنەوە لەسەر شەڕکردن بخرێتە پێش چاو.

٤ ـ هەمیشە ئەوە دیار بکرێ کە بزووتنەوە شەڕ بە (ی.ن.ک) دەفرۆشێ.

٥ ـ ئەو شەڕەی بزووتنەوە دژی ئێمەوە شەڕێکی چەپەڵی لەدەرەوە لێکراوە، بەگرنگی گرتنی ئێمە خادیالانەبەو دیفاعە لەسنووری هەرێمی کوردستان و لە حکومەتەکەی.

٦ ـ هەمیشە ئەوە دووپات بکرێت کە بزووتنەوە:

ا ـ گرێبە بەرپرسە ب ـ لەناو یەکگرتنەکاندا ئەوان ج ـ دژی دیموکراسی بە د ـ دژی بەئەوایەتی یە هـ ـ خۆفرۆشە و ـ ئاپەدوور ئێ بە زـ تیرۆریستە ح ـ تاپاکە ط ـ پەیمان شکێنە ک ـ دژی حکومەت و پەرلەمانە ل ـ دژی ئیدارەی هەرێم و کەلتووره

٧ ـ ڕشەی شەڕی/ براکوژی/ بسڕیەوە.

٨ ـ بەتایبەتی داوا لە پارتی بکرێ کە ئەڕاستەدا لە وەک خۆی ئەوان لەتەک ئەو بزووتنەوە بەدناوەدا هاوکاریی بکەن.

هاوکاریی ڕاستەقینەی ئەوان دەبێ لەتەکدا یەکێتی/ هاوسەنگەر، هاوچەمانیانا بۆ کە پێکەوە لەبەرەی کوردستانییەکان و پێکەوە لەپەرلەمان دان و پێکەوە حکومەت بەڕێوەدەبەن و چەندین ڕێککەوتننامە و بەڵێنی دوو قۆڵی یان لەنێوانماندایە.

٩ ـ زۆر بە هێمنی و برایانە ـ داوا لە پارتی بکرێ هێزی لەو دەستانە لادەن دووربخاتەوە، ئەمانە دژی یاسای دژی برایانیەتین.

١٠ ـ خروقات بخرێتە بەرچاو.

١١ ـ بەهیچ جۆرێ ناوی ئێران بەخراپە نەهێنن.

١٢ ـ ئێستە ڕای خراپ بەرامبەر بەتورکیا دەرنابڕین، بەڵام لە ڕێی ئەوە ئێ بە ـ گ تەرانە بڵاوبکرێتەوە کە إعلامی خارجی لە بارەیانەوە دەدی ئێ.

١٣ ـ سووریا وەک دۆست هەمیشە ناوی دەبەین.

١٤ ـ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەیاننامەیەی کەلە کۆبوونەوەی سێ قۆڵی سێ دەوڵەتەکە دەردەچێ/ ئێمە:

ا ـ ڕەخنە لەتورکیا دەگرین.

ب ـ لەسەف پیشان دەدەین بەرامبەر بەهەڵوێستی ئێران و سووریا.

١٥ ـ بە هیچ جۆرێ هێرش مەکەنە سەر پارتی بەڵکو (بزووتنەوەو هاوپەیمانەکانی).

١٦ ـ لەبێژەرگانی پێویستدا سپاس هەڵوێستی سەماحەتی حەکیم بکرێ و چالاکیشیان بڵاوبکەنەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بروسکەیەی جەلال تاڵەبانیشدا بوو کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بەدەیان بابەتی پڕ لە تانەو تەشەر و بوختانیان بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵبەست و بڵاویان کردەوە لەوانەش:

• بەگرتن گیراوانی بزووتنەوە لە پەنای ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە پیلانی ناپاکانیان جێ بەجێ دەکەن.....

کوردستانی نوێ ژمارە ٥٧٢

ڕۆژی ۲۷/۱۲/۱۹۹۳

هەر هەمان ژمارەی هەمان ڕۆژ ـ بزووتنەوەی ئیسلامی ئامرازی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی دوژمنانی کوردە.

• ئایا (بزووتنەوەی ئیسلامی) دژ بە دیموکراسی، دەتوانێ لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا فاکتەرێکی ئیجابی بێ؟!.....

کوردستانی نوێ ژمارە ٥٧٣

ڕۆژی ۲۸/۱۲/۱۹۹۳

• دژایەتی دیموکراسی لە ڕوانگەی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە....

کوردستانی نوێ ژمارە ٥٧٤

ڕۆژی ۲۹/۱۲/۱۹۹۳

- بزووتنەوەی ئیسلامی بەرنامەیان، ئەرکەکانیان، هەڵوێستیان...
کوردستانی نوێ ژمارە ٤٢٥ رۆژی ١٩٩٣/١/٣١
- شێخ [illegible] ... لە [illegible]...
کوردستانی نوێ ژمارە ٤٧٦
رۆژی ١٩٩٣/٣/٣١
- بزووتنەوەی ئیسلامی لە بەڵگەنامەکان و [illegible] خۆیاندا...
کوردستانی نوێ ژمارە ٥٣٩
١٩٩٤/١/٢
- چەند تێبینییەکی بزووتنەوەی ئیسلامی...
کوردستانی نوێ ژمارە ٥٩٤ ١٩٩٤/١/٢٣
- بزووتنەوەی کۆنەپەرستی و ... عەقڵی عەسکەرتاریی...
کوردستانی نوێ ژمارە ٥٩٥
رۆژی ١٩٩٤/١/٢٥

لەم نامەیەدا باس جیاکراوەتەوە

١- [illegible]

٢- [illegible]

٣- [illegible]

٤- [illegible]

٥- [illegible]

٦- [illegible]

أ- [illegible]
ب- [illegible]
ج- [illegible]
د- [illegible]
هـ- [illegible]
و- [illegible]
ز- [illegible]
ح- [illegible]
ط- [illegible]
ي- [illegible]
ك- [illegible]
ل- [illegible]

٧- [illegible]

٨- [illegible]

٩- [illegible]

١٠- [illegible]

١١- [illegible]

١٢- [illegible]

آ- [illegible]
ب- [illegible]

13

لە بەشی (١٢) یەمی ئەم زنجیرەیەدا ئاماژەمان بە لایەنێکی کەسایەتی جەلال تاڵەبانی کردو، لەبەر رۆشنایی رووسکەیەک دا کە جەلال لە سەردانی شەڕی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی دا کە لە کۆتایی ساڵی ١٢ی ١٩٩٣ رووبیدا، دەرمانخست کە جەلال تاڵەبانی مرۆڤێکی (!) مشەوور توندڕەوە بە ئەشتێک نار دەکەوێتە پێ مەلەو، لەبەردەم گچکەترین رووداودا تەوازونی خۆی لە دەست دەدات و بۆ چارەسەرکردنی بچووکترین کێشەی تاکە کەسی وەک (فەزیحەی قاڕەکان)ی گەریش پەنا وەبەر شەڕو شێوو زمانی چەک دەبا، کە لە هیچ شوێنێکی ئەم دونیایەدا باوی نەماوەو نەفرەتی لێ دەکرێ. ئەمڕۆش لەڕێی بەڵگەنامەیەکی دیکەوە رووناکی دەخەینە سەر لایەنێکی تری سروشتی کەسایەتی جەلال تاڵەبانی، کە مەسەلەی حەزی (تۆڵەسەندنەوە)و ئازاردانی خەڵک و (ساتیزم)ی ئەم کەسەیە کە رۆشنبیرییەکەی و پەروەردەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگەی چلەکانی ئەم سەدەیە.

جەلال تاڵەبانی لە هەموو کەس پتر پێویستی بە لێبووردن هەبوو، وێڕای هەموو تاوانەکانیشی دەرهەق بە بزووتنەوەی کوردایەتی و خەڵکی کوردستان، لە هەموو کەسێک زیاتر سوودی لە (عەفو)ەکان وەرگرتووە. تا «ئێستا» پتر لە (٣١) جاران بەخۆی لێبوردەیی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردەوە، بەر (عەفو) کەوتووەو مافی ژیانی پێدراوەتەوە، کەچی جەلال بۆ خۆی لە هەموو کەس پتر بڕوای بە (تۆڵەسەندنەوە) هەیە. کە زاراوەیەکی نائاسایی و نا سیاسییە.

رۆژی ١٩٩٦/٨/٢٤، لە هەڵمەتێکی شێرانەی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دا، جەلالییەکان لە قەرەدی (کلاوقاسم) راوێنران و ناوچەکەیان لێ ئازاد کرا.

جەلال تاڵەبانی ئەم شکستەی چەکدارەکانی ئەوان تاڵتر دەبێ و هەر هەمان رۆژ نامەیەک بۆ محەمەدی حاجی قادر دەنووسێ، کە بەرپرسی جەلالییەکانی ئەو مێحوەرە بووە، لەو نامەیەدا جەلال وا شەپرزە بووە کە لە جیاتی ئەوەی بڵێ (ئەدەنەدەست)، نووسیویەتی (بدەلە دەست) کە بە تەواوەتی پێچەوانەی مەبەستەکەیەتی.

هەروەها لەو تەلیفە چەند دێرەشدا (٣) جاران دەستەواژەی (تۆڵە سەندنەوە)ی بەکارهێناوە، کە وەک گوڵمان وشەیەکی نایاسایی و نا سیاسیانەیەو گوزارە لە سروشتی (سادی)یانەی خودی جەلال دەکا، کە ئەو نزیکەی (٥٠) ساڵە بە هەموو شێوەو شێوازێکی شەرعی و نا شەرعی، بێ هیچ پەلە قاژەی وەدەست هێنانی زەعامەت، دەکار پێی ناگات، چونکە میللەت ناتوانێ کاروباری چارەنووسی خۆی بە کابرایەکی ئوندرووی هەڵەشەی ئەوتۆ بسپێرێ، کە بێ بەزەییانەو، بێ ویژدانانە لەدوای (تۆڵە سەندنەوە) بگەرێ و ئاواتی بەرزی خۆی لەو دروشمەدا چڕ بکاتەوە کە دەڵێ: (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە) و شانازیشی پێوە بکات.

ئەمیش دەقی بەڵگەنامەی یەکەمە:

بەڵگەنامەی یەکەم:

هەڤاڵ کاک محەممەدی حاجی قادر

گشت فەرماندەکانی لەشکری ئاسۆس/ی بەرێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیتانم داوایە..

هەرچەندە دەمزانی ئێوە (جەلال وشەی ئێمە بەکەی لەبیرچووە) کسلاوقاسم بدەنەدەست(!) و ئیهمال نەدەمزانی بکرێت، بەڵام لە شەڕدا زۆر جار هەڵەو ئیهمال و کەمتەرخەمی روو دەدات بەڵام ئەوا(!) ناچن ببێتە هۆی رووخانی ورەو دابەزینی مەعنەویات بەڵکو پێویستە ببێتە هاندەر بۆ **(تۆڵە سەندنەوە)** و هەڵسانەوەو سەری خۆ بەرزکردنەوە. بۆیە هیوادارم ناوبانگی لەشکرەکەمان کە بەقارەمان دەرچووە بکرێنەوەو خۆتان سازدەنەوە بۆ **(تۆڵە سەندنەوە)** و کرێنەوەی تاوی پیرۆزی قارەمانیەتی لەشکرەکەتان. داوام لێ تان ئەمەیە کە خۆتان ڕێکخەنەوە و خۆ سازدەنەوە بۆ **(تۆڵەسەندنەوە)** لە دوژمن و بوژاندنەوەی ڕابووردوی پڕ لە شانازی لەشکرەکەتان.

هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن..

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

١٩٩٦/٨/٢٤

هەڤاڵ کاک محەممەدی حاجی قادر

گشت فەرماندەکانی لەشکری ئاسۆس/ی بەرێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیتانم داوایە

[illegible]

مام جەلال

١٩٩٦/٨/٢٤

14

لەم بەشەدا نامەیەکی گرنگی دیکەی خودی جەلال تاڵەبانیتان دەخەینە بەرچاو کە لە رۆژی ١٩٩٥/٨/٧دا بۆ بەرێز ئەلگوری جێگری سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نووسیوە. کە دۆستێکی ئەمێن ناسراوی گەلی کوردەو کێشە رەواکەیەتی.

جەلال لەم نامەیەدا بە هەموو (ئەلقلی) هێزەوە هەوڵی لەخشتە بردن و چەواشە کردنی ئەلگوری کەسی دووەمی ئەمریکا دەدا و دەیەوێ ڕاستییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی لێ وەشێرێ، بەڵام خۆشی پێش وەخت دەزانێ کە شتی وا لە ئەلگورو کار بەدەستانی دیکەی ئەمریکا تێپەڕ نابێ بۆیە لە کۆتایی نامەکەیدا دەنووسێ و دەڵێ: دەتوانن لە رێی تێهەڕاوە ئەمریکیەکانەوە ئەتکێد لە ڕاستی ئێوەرۆکی ئەم نامەیە بکەن. ئەمە شێوازێکی دروستی دیپلۆماسی نییە بۆ کەسێ کە رێزی خۆی و قسەی خۆی بزانێ... جەلال لەم نامەیەدا وای نیشان داوە کە گوایە (ی.ن.ک) بنکەی کاریگەر و بەرقراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق و ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی ناو سوپای عێراقە، بۆ ئەمەش ڕووداوەکانی ١٩٩٥/٣/٤ دەهێنێتەوە یاد ئەو شانۆو کارە دۆنکیشۆتیانەیەی کە خۆی و (وەفیق سامەرائی) بۆ هەڵگێڕانەوەی رژێمی بەغدا بەهاری ئەو ساڵە نمایشیان کردو. کە ئەلگورو خەڵکی کوردستانیش هەموو دەزانن کە چی مەهزەلەیەکی پێکەنیناوی بوو.

هەروەها جەلال لەم نامەیەدا هەوڵ دەدا (ی.ن.ک) وەک هێزی سەرەکی گۆڕەپانی کوردستان نیشان بدا، کە بە بێ ئەوو سکرتێرە گشتیەکەی (!!) هیچ شتێک لە کوردستاندا ناکرێ، بەڵام هەمووی ساڵێک و چەند رۆژێک لە پاش نووسینی ئەم نامەیە، ئەوە بوو جەلال و دەست و پێوەندەکانی خۆیان لە (سەیران بەند) دیتەوە و ئەگەر بە پشتیوانیی ئەوانەش نەبوایە کە جەلال لێرەدا بە (ئەتماع کاران) ناویان دەبا، ئێستاش چاویان بە کوردستان نەدەکەوتەوە.

جەلال تاڵەبانی لەم نامەیەدا خۆی وا نیشان دەدا کە گوایە رێز لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتی یاسا دەنێ، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی کوردستان و هەموو دۆستانی گەلی کوردستانیش لە بیریانە کە چۆن جەلال و سەرانی یەکێتی لە ١٩٩٤/٥/٣ و ١٩٩٥/٣/٢٨دا دوو جاران بەزۆری چەک و چەکدار حکومەتی یەکەم پەرلەمانی کوردستانیان پێشێل کرد.

هەروەها جەلال باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئاشتی و ئاشتەواییدایە و گوایە هەموو دەستپێشخەرییەکانی پەسەند کردووە، کە چی ڕووداوەکانی جەولەی یەکەم و جەولەی دووەمی ئینقلابە فاشیلەکەیان و هێرشەکەی (زیارەت) یان لە هەمان ئەو رۆژانەدا کە ئەم نامەیەی تیایاندا نووسیوە پووچ کردەوەی ڕێککەوتنەکەی دبلن لە ١٢ تا ١٥ی ئەیلوولی ١٩٩٥، دواتر هێرشەکەی شەوی ١٦/١٧ی تاممووزی ١٩٩٦یان، هەروەها پێشێل کارییەکانی ئەم دوایەی ئاگر بەستیش کە لەلایەن (PMF)ەوە بە ئاشکرا ئیدانە کران لەسەری، هەموو ئەو ئیدعایانەی جەلال و سەرانی (ی.ن.ک) ڕیسوا دەکەن و، لەم نامەیەشەوە دەردەکەوێ کە جەلال هەر بۆ چاو بەستەکێ کاغەزی سپی بۆ ناوبژیوانان سۆز دەکردو، هەر جارەشی ئەوەی کردبێ پیلانێکی گەورەتری لە پشتەوە بە دەستەوە بووە.

لە هەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە جەلال تاڵەبانی باسی دەستێوەردانی ئێرانی و تورکی بۆ ئەلگور دەکا، لەم بارەیشەوە داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین کە بگەڕێنەوە سەر بەشی "٣"یەم و "٦"ەمی ئەم زنجیرەیە، سەرنجێکی ئەو نامەیەش بدەن کە جەلال تاڵەبانی بۆ (کاکە حەمە) ناوێکی نووسیوە، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ئەو بەڵگەنامانەی کە بە ڕوونی نیشانی دەکەن کە جەلال تاڵەبانی چ تەنسیقێک لەگەڵ ئێران و تورکیادا دەکا، چۆنیش لەم نامەیەدا نکوڵی لە دەستێوەردانی ئەم دوو دراوسێیە دەکاو بە (طامع) ناوزەدیان دەکا...!!

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكوردستاني

الامين العام

سيادة نائب رئيس جمهورية الولايات المتحدة الاميركية السيد الكور المۆقر.

عزيزنا السيد الكي

اود ان اشكركم كثيرا على مواقفكم الانسانية النبيلة تجاه قضية الشعب الكردي وهي قضية تاريخية. ان شعبنا سيظل يذكركم بالعرفان بالجميل كصديق عظيم له. لذلك فاني واثق بانكم تشعرون بالاحباط المرتفعة عن القتال الدائر في كردستان العراق و نطلب تفهمكم لتقصير بعضنا لاستمرار هذا القتال المفجع و الذي لا يخدم الا دكتاتورية صدام حسين و المطامع الايرانية التركية.

و يفرض ان أحاول في هذه الرسالة ايضاح بعض الحقائق الضرورية لسيادتكم.

اولا: ان الدكتاتورية العراقية قد حاولت ان تستحوذ كردستان العراق الى ساحة للمعارضة الديمقراطية العراقية ضدها وهي تدرك كما يعلم قادة (INC) و الاصدقاء الامريكيين الموجودين باستمرار في كردستان، بان القوى الرئيسية المعارضة الفاعلة و الموجودة على الساحة و ذات العلاقات المرتبطة بالمصادر الاخرى في الخط العراقي هو الاتحاد الوطني الكردستاني كما أكدته احداث آذار الماضي.

و يدرك تركيا الساحة بدفع القيادات الكردية الى الاتفاق مع صدام حسين بان الاتحاد الوطني الكردستاني هو المعارض الاساسي للاتفاق مع صدام بينما يقبل البارزاني و حزبه بالمفاوضة و الاتفاق مع صدام لتشكيل كتلة ثلاثية بين انقرة و بغداد و البارزاني وهي متفقة فيما بينها على تهريب النفط العراقي و تزويد بغداد بالمواد الضرورية عن طريق خط: زاخو- قابور- الموصل و تجني العائلة البارزاني الاموال الطائلة من وراء ذلك.

اما ايران فتتحدد في (الا.و.ك) القوة الوطنية الكردية العاصية الى حقوق الشعب الكردي و الديمقراطية و الصداقة مع الولايات المتحدة لذلك فهي تعادي الا.و.ك و تقدم المساعدات العسكرية و التسليحية لقوات البارزاني.

فنحن ايها الصديق الكبير ندفع ثمن وطنيتنا و ديمقراطيتنا و نضالنا المعارض لدكتاتورية صدام حسين و الصداقة مع امريكا و مع القوى العراقية الديمقراطية المعارضة.

ثانيا: منذ اندلاع القتال في كردستان العراق و حتى الان فقد قبلنا جميع المبادرات السلمية التي تقدم بها رجال الدين الكرد، الاحزاب الكردستانية و (INC) و البرلمانيين الكرد و امريكا و فشلنا عن جديتها بسبب قوات الا.و.ك [illegible] الاستراتيجي و [illegible] قادة البارزاني و أبعاد حسن النية.

و تجاوبنا خصوصا مع جميع المبادرات و المقترحات الامريكية دون قيد أو شرط مبدين استعدادنا الكامل لانجاح المسيرة السلمية و احلال الديمقراطية و حكم القانون و حل الميليشيات و تجريد المدن من الاسلحة و توزيع عائدات الكمارك على الموظفين و التسمية و الشهداء و المتقاعدين والخ.. ولكن البارزاني رفض جميع هذه العروض و المقترحات.

ثالثا: اننا مستعدون لحل سلمي سياسي ديمقراطي شامل لجميع القضايا العالقة و لكننا نفضل ان يعتمد هذا الحل على:

١- احلال الديمقراطية و حكم القانون و تفعيل البرلمان و الحكومة الاقليمية و اجراء انتخابات حرة جديدة بالمراقبة مراقبين محايدين.

٢- الاتفاق على معاداة الدكتاتورية العراقية و العمل الجاد لتحرير العراق من مآسيها و اقامة نظام ديمقراطي برلماني تعددي علماني في العراق يضمن للكرد حقوقهم المشروعة.

٣- حسن الجوار و التعايش السلمي مع الجيران مع ادراك خطورة المداخلات الايرانية من جهة و مساعي تركيا الى دفع القيادات الكردية الى أحضان صدام حسين من جهة ثانية.

أيها الصديق العزيز:

أعتقد بانكم تستطيعون التأكد من صحة مضمون رسالتي بالاستفسار من المبعوثين الامريكية المتعددة التي زارت كردستان خلال عام.

لذلك فالمرجو هو التمييز بين المناضل ضد دكتاتورية صدام و المتواطئ معه، بين الانصاف و العدل ايضا التمييز بين من يستجيب للمبادرات الامريكية و يفضل الخيار الامريكي و من لا يستجيب لهذه المبادرات و يفضل الخيار العراقي- التركي- الايراني.

نحن نتطلع كالسابق الى تفهمكم و اسنادكم الى نضال شعبنا الكردي من اجل السلام و الديمقراطية و الخلاص من الدكتاتورية الصدامية.

و تفضلوا بقبول احتراماتي الفائقة

المخلص

جلال طالباني

قلاچوالان

١٩٩٥/٨/٧

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطني الكردستاني
الأمين العام

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General

[illegible]

المخلص
جلال طالباني

١٩٩٦/٨/٧

15

لەوانەی جەلال تالەبانی دەناسن هەمموو ئەوە دڵنیان کە جەلال هەلپەرستێکی فاشیە(!!) و لەهەر کات و شوێنێک و لەبەردەم هەر کەسێک دا چاوی پێبکەوێ، زیاتر بەگوێرەی ئەو کات و شوێن و ئەو کەسانە قسە دەکات و، پێی وایە کە بەم شێوەیە خۆی رەپێش دەکا، بەڵام دەبینێکە ئەم کەسەیەی جەلال ئاشکرا بووەو، لە ریسوایی و سووک کردن زیاتر هیچی دیکەی بۆ وەدەست ناهێنێ.

لەم بەشەدا بەنیازین تیشکێک بخەینە سەر ئەم لایەنەو بە بەڵگە هەلپەرستیی جەلال بۆ مێژوو و، بۆ ئەوانە تۆمار بکەین کە هێشتا بەراستی نەیانناسیوە

لەم بەشەشدا بەشەکانی رابردوو بەسەردەکەینەوە و لە نامە دەستخەتەکانی جەلالەوە رووناکی دەخەینە سەر ئیرەگلان و دەستێوەردان و دەست راکێشانی ئێران و تورکیا. بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر دەیسەلمێنین کە جەلال بە هەموو شێوە و شێوازێک هەوڵ دەدات دەستیان راکێشێتە ناو کوردستانەوە و رووداوەکانی هەرێمیان پێ ئاڵۆزتر بکات، بۆ نموونەش

■ لە تارانەوە بۆ ئەندامانی (م.س)ەکەی دەنووسێ:

■ گفتوگۆمان لێرە زۆر باش بوو، ئێمە دڵنیان سوارێوو لەجێبەجێ کردنی رێکەوتنەکەدا.

■ پێم وایە لەمەسەلە گرنگەکانی دوا رۆژی عێراق، ئێمە و المجلس الاعلی، هاوکاری دووور درێژی ئێمە و جمهوری ئیسلامی، زۆر باش بووین بە تەوافیقی تەواو گەیشتین.

■ من خۆم لەم رەئیەدام کە ی.ن.ک دەتوانێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دۆست و هاوپەیمانی بکا بەتایبەتی لەسەر عێراق+ دوا رۆژی

عێراق+ هاوکاری کوردو شیعە+ هەڵوێست لە تورکیە.

■ تورکیە زۆر خراپە، بەهیچ رازی نابێ، دوژمنی سەرەکی نەتەوەی کوردە، پێویستە ئەم راستیە بەهەزمانی بەرهەمیش بڵێین.

- هەروەها لەنامەیەکی تردا کە بۆ کاکە حەمە تاوێکی نووسیوەو رەنگە (حەمەی سابیر)ین دەنووسێ:

■ یەکەم ــ دەوری ئێران: ئێمە لەگەڵ ئێران هەندێ هەل و مەرجی بابەتی موشتەرەکمان هەیە.

■ ئێران زۆر دژی نفوزی تورکیە لە کوردستانی عێراق زۆریش لە هاتنە ژوورەوەی تورکیەو بوونی لە کوردستانی عێراقدا نیگەرانە سەبارەت بەگەڵێ هۆی مێژوویی و ترسیان لە تەماعی تورکیە لەویلایەتی موسڵ و هتد. ئێمەش هاتنی تورکیەمان پێ ناخۆشە.

■ ئێران سەبارەت بەنفوز و دەسەڵاتی بەسەر پارتی دا و بوونی سەدان عائیلەی بارزانی لە ئێران نەتوانێ پارتی لەغاو بکات.

دووەم ـ ١ـ هۆیەکانی هێرشی تورکیە هەر راونانی پەکەکە نییە. بەڵکو هۆیەکی گرنگی تر تەماحیانە لەکوردستانی عێراق (ویلایەتی موسڵ) لە هێشە الإرکانی تورکیەدا بەنهێنی بەحزبێکی تورکمانیان گوتووە، کە تورکیا پێی وایە سەدام دەروخێت و رەنگە پاشان عێراق یەک نەگرێتەوە، بۆیە بوونیان هەم بۆ زیاندنەوەی داوای ویلایەتی موسڵ باشە و هەم بۆ مەنع کردنی دانانی دەوڵەتێکی کوردی پێویستە، هۆیەکی تریش یارمەتی دانی پارتی یە لەبەرامبەر (P.U.K)دا بۆ راست کردنەوەی تەرازووی هێز بەلای پارتی دا.

٢ـ مویادەرەی تورکی ناتوانێ رەت کەینەوە بەڵام هەوڵ دەدەین کە باڵێک هەیە لە حکومەت دا (حکمەت چەتین+ سانبیرک + مێسن) هان دەین بۆ ئەوەی سیاسەتی تورکیە بگۆردرێت بەرامبەرمان.

- هەروەها لەنامەیەکی دیکەشدا بۆ سەرپەست ناوێک

جەلال تالەبانی دەنووسێ :

چوارەمین: لەتورکیە دژایەتی کوردایەتی باوە، بۆیە دژایەتی ی.ن.ک دەکەن، ئەوە سەبەبی راستەقینەیە، ئەگینا پەکەکە ئێستا لە بادینانە، لای پارتی یە.

لەنامەیەکی تریشدا کە جەلال لە ١١، ١٢/٨/١٩٩٦دا بۆ دووکەس لە ئەندامانی(م.س)ی یەکێتی نووسیوە دەڵێ:

یەکەم ـ وادیارە خزمان (مەبەستی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییە) جوڵان بڕیارەکەیان دا، دوێنێ شەو هەم کاک قەریدون و هەم مەلا یاسین ئاگاداریان کردم ـ هەریەکەیان لەلای خۆیەوە ـ کە بەڵێنەکان جێبەجێ دەبن.

دووەم ـ سبەینێ هەندێ شتمان بۆ دێت.

ـ لەسەرێکی تریشەوە جەلال تالەبانی نامەیەکی تر بۆ مەکتەبی سیاسی جەماعەتەکەی دەنووسێ و دەڵێ:

هێشتا هەڵوێستی «USA» ناڕەوایە، ناعادیلانەیە، موتەحەیزە.

ـ کەچی لەنامەیەکی تردا کە ١٩٩٥/٨/٧ نووسیویەتی، جەلال تالەبانی بە ئەلگۆری جێگری سەرکۆماری ئەمریکا دەڵێ:

■ ئەم شەرە بێ ئاکامە(...) خزمەتی کەس ناکا دیکتاتۆریەتەکەی سەدام خوستێن و تەماع کارییەکانی ئێران و تورکیا نەبێ.

■ هەروەها پێی دەڵێ:

ئێمە وەکو جاران چاومان لە هاوکاری ئێوەیە بۆ پشتیوانی کردنی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئاشتی و دیموکراتیەت و رزگاربوون لە دیکتاتۆریەتەکەی سەدام.

بەراستی ئینتیهازیەت هەروادەبێ، بەڵام دیارە کە هیچ ئینتیهازیەکیش چەند زیرەک بووبێ نەیتوانیوە هەموو کەسێک هەتا سەر بخەڵەتێنێ، چونکە ئینتیهازیەت لەسەر درۆ وەستاوەو کورد گوتەنیش (پەتی درۆ کورتە).

ئەمیش دەقی نامەیەکی دەستنووسی جەلال تالەبانیە کە بۆ راوێژکاری تورکی (سولمز کۆکسال)ی نووسیوە و تەماشا بکەن چۆن ئەو قسانەی پێشووی هەموو لەبیر دەکا و، کرنۆ بکرێ چ (ماستاو)ێک سارد دەکاتەوە و چۆن بەشان و باڵی ئیرا تورکەکان ادا هەڵدەدا و، چۆن بە سەرو پێوەڵاکی پەکەکەدا دێت و، چۆنیش لرمێسکی ئیماحانە

بۆ پارتی هەڵدەرێژێت..!!.

دەقی وەرگێڕدراوی نامەکە:

سیادەتی راوێژکاری بەرێز سولمز کۆکسال

هاوڕێی ئازیز

سڵاوێکی گەرم و، سوپاس بۆ نامەکەی رۆژی ٣/٨/١٩٩٥ تان، هەروەها سوپاس بۆ ئەو هەوڵە برایانەتان کە بۆ سەرخستنی دانوستانەکانی دبلن تواندتان، حەزیش دەکەین، دڵنیابن لەوەی کە ئێمەش هەموو توانایەکمان بۆ سەرخستنی رێککەوتنەکەو رێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی شەر دەخەینەکار.

سەبارەت بە رۆڵی تەخریب کارانەی (P.K.K)یش لە کوردستانی عێراقدا، ئەوا ئێمە ئاگاداریی تەواومان لەبارەی رۆڵی دوژمنانی ئەم رێککەوتنەوە هەیە و، زۆر چاکیش ئاگاداری ئەو مەترسیانەین کە دەشێ لەو هەوڵ و کۆششەی P.K.K و ئەو هێزانەوە بکەوێتەوە کە بۆ پووچ کردنەوەی رێککەوتنامەکە پشتیوانیی لێدەکەن و، رێگەش بەسەرکەوتنی ئەم هەوڵە تەخریب کارانەیە نادەین.

ئێمە بەراگرتنی شەرو رێگەخۆش کردن بۆ گوێزانەوەی هێزەکانی پارتی بۆ پارێزگای دهۆک/ بەکردەوە یارمەتی پارتی دیموکراتی کوردستانمان دا، لەسەر ئەم هەڵوێستەشمان بەردەوام دەبین و، لەلایەن ئێمەشەوە هیچ پێشێل کارییەکی ئاگربەس روونادات، ئێمە بەرامبەر بەپێشێل کارییەکانی پارتی دیموکراتی دانمان بە خۆماندا گرتووە، لەسەر ئەم کارەش بەردەوام دەبین، لە رێگەی ئەو کۆششەوە ناهێنە کۆسپ کە پارتی بۆ روو بەروو بوونەوەی ئەو دوژمنکاریانە دەیدا کە P.K.K دیکەنەسەر هێزو ناوچەکانی، دڵنیاش بن لەوەی کە ئێمە هەرگیز رێگە بەدووبارە بوونەوەی شەری نێوان ئێمە و پارتی نادەینەوە، لەبەگژدا چوونی ئەو دوژمنکاریەشدا بەکردەوە یارمەتی پارتی دەدەین.

هاوڕێی ئازیز..

یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەو مەترسیانە تێدەگا کە لە دوژمنکاریەکەی P.K.K بۆ سەر پارتی دەکەونەوە، هەروەها لە ئامانجی ئەو هێزانەش دەگا کە پاڵ بە P.K.K ـەوە دەنێن و، لەو شەری براکوژیەدا پشتیوانیی لێدەکەن، کە بە خۆیان

ئاگرەکەیان هەڵگیرساندەوە، لە هەمبەر ئەو رێکەوتنەدا ئامادەی هاوکاری زیاتریشین [illegible]
بەرەو [illegible] لەگەڵ ئێوەی بەرێز و برا تورکەکاندا.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

برایان

جەلال تاڵەبانی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی
الاتحاد الوطني الكردستاني
الأمين العام

Patriotic Union of Kurdistan
Secretary General

سيادة المستشار [illegible] المحترم

صديقي العزيز

أحييكم بحرارة وأشكركم على رسالتكم المؤرخة [illegible] ١٩٩٥
وكذلك أشكر جهودكم الأخوية التي بذلتموها لإنجاح مفاوضات دبلن، وأود أن تطمئنوا وتتأكدوا بأننا مستعدون لـ جميع الجهود الممكنة لإنجاح الاتفاقية ولمنع تجدد القتال.

أما بخصوص تعدي PKK الإرهابي في كردستان العراق فنحن على علم كامل بهذا العدوان المعادي للاتفاقية ونحن ندرك جيداً المخطط الكامنة وراء الجهود التي يبذلها PKK [illegible] والقوى [illegible] له لإفشال الاتفاقية ولن نسمح بإنجاح هذه المحاولات التخريبية.

إننا ساعدنا الحزب الديمقراطي الكردستاني [illegible] عملياً بإيقاف القتال والسماح لقواته بالانتقال إلى محافظة دهوك ونستمر في هذا الموقف ولن يحدث من جانبنا أي خرق لإيقاف القتال. لقد ضبطنا أعصابنا [illegible] الحزب الديمقراطي ولم نتعرض [illegible] PKK على قواته [illegible] كونوا مطمئنين بأننا لن نسمح بتجديد القتال وبين البارتي أبداً.

[illegible] البارتي في تصديه لـ [illegible]

إلى الصديق العزيز

إن الاتحاد الوطني الكردستاني يدرك المخاطر الناجمة من اعتداءات PKK على البارتي و[illegible] أهداف القوى التي تدفع PKK وتؤيده في حرب استنزاف [illegible] التي أشعلوا نيرانها ونحن جاهزون للتعاون والتنسيق المستمر مع سيادتكم ومع أصدقائنا الأتراك ضد جميع المحاولات.

و[illegible] البارتي [illegible] التعاون [illegible] بأن الاتحاد الوطني الكردستاني هو الحليف الحقيقي للجمهورية التركية ولوحدة أراضيها واستقلالها وشعبها الشقيق. ولن نخيب آمالكم في الصداقة والتعاون

وأرجو منكم قبول تحياتي وتمنياتي القلبية

أخوكم

جلال الطالباني

[illegible]

16

خوێنەرانی بەڕێز.

لەبەشی ڕابوردوودا وێنەیەکی لاپەڕەی هەڵبەستێکی جەلال تاڵەبانیمان لەچەند پەلکە نامەیەکی دەستخەتی خۆیدا نیشانتان دا، لەم بەشەشدا نامەیەکی دیکەی دەستخەتی جەلالتان دەخەینە بەردەست کە دیارە لە (ئازار)ەوە بۆ جەبار فەرمانی نووسیوە.

جەلال لەم نامەیەدا باس لە:

* دوو ڕێککەوتن دەکا، یەک ئاشکرا، یەکێکیش زۆر زۆر زۆر نهێنی، لەنێوان کۆماری ئیسلامی و ی.ن.ک.دا.
* دەڵێ لەهەموو حاڵەتێکدا لەسەر ڕێککەوتنە زۆر زۆر زۆر نهێنییەکە دەڕۆین و جێ بەجێ ی دەکەین، بەلام بەخشکەیی.
* بەلام (۱) بەخشکەیی و (۲) لەژێر پۆششێک دا.
* لەسەرەتاشدا عمول دەدەین پۆشش (غطا)ەکە، (INC)ی بێت، یان هاوکاری فرەوانی معارضە.
* ئەوەی گرینگە بەلامەوە کە بۆ داواڕۆژی عێراق و شتە ئەساسییەکان (ج ی – جمهوری ئیسلامی) لەگەڵ (ئیتحادی.ن.ک)ە و (المجلس) پێکەوە هاتووە بەس و کەسی تری تیدا نییە (واتە ئەوەیە بێ گرینگە).
* ئاگاداری، بۆ الحسینیەکەی سلێمانی، ئەرزێکی باش بە ناوی منەوە داوا بکەن و لێرەشەوە مهندسی دێن بۆ «تخطیط» کردنی.

خوێنەرانی خۆشەویست، لەنامەکەی کە جەلال بۆ نەلکۆری نووسیوە (بەشی ۱٤)

پێشتان کە جەلال چۆن باس لە مەترسییەکانی دەستێوەردانی ئێران و (اجتماع)ەکانی ئێران دەکا لە کوردستاندا.

لەبەشی (٤)ەمی ئەم زنجیرەیەشدا نامەیەکمان پێشکەش کردن کە جەلال تاڵەبانی بۆ نوێنەرانی (ی.ن.ک) لە ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیای نووسیوەو تیایدا دەڵێ:

یەکەم: لەوەتی دەستپێشخەرییەکەی ئەمریکامان بۆ ناوبژیوانی پەسەند کردووە، حکومەتی ئێرانیش بۆ یەک خستن و فەشەل پێ هێنانی بەم شێوەیە کەوتوونەتە کار.

دووەم: پێویستە داوا لە ئەمریکییەکان و ئینگلیزو تورکەکانیش بکرێ، کە کار بۆ ڕاگرتنی دەستێوەردان و پیلانەکانی ئێران بکەن و، لە سنووری خۆیدا ڕای بگرن.

سێیەم: پێویستە ئەوەی ناوسان بەرن، ئەم هەواڵە سەبارەت بە هەوڵەکانی ئێران بۆ فەشەل پێ هێنانی ناوبژیوانییەکەی ئەمریکا دزە پێ بکەن و بیگەیێننە ڕۆژنامەکان.

ئێستاش سەرنجی دەقی ئەم نامە دەستخەتەی جەلال تاڵەبانی بدەن کە بۆ جەبار فەرمانی ئەندامی (م.س) ی.ن.ک ناردوویەتی و، لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد.

جا بۆخۆتانیش حوکم بدەن کە ئەم جەلال تاڵەبانییە هەڵپەرستە چ گەمەیەک بە هێزە نێقلیمییەکان و چارەنووسی گەلی کوردو پاشەڕۆژی ئەزموونەکەمان دەکاو، هیچ ئامانج و ئاواتێکیشی لە پشتەوەی ئەم گەمە بە ئاگرکردنە نییە، مەسەلەی زەعامەتەکەی خۆی نەبێ، بەلام ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە دەڵێ:

«یا هەموو شتێک بۆ خۆم، یا با بۆ کەسی تر نەبێ».

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

هەڤاڵ و برای خۆشەویستم کاک جەباری بەڕێز

سلاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایەو ئێمەش باشین

لەسەفەرەی ئازاردا پێم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهێناوە:

یەکەمین: *هاوکاری هەڵاسەری لیسەر المجلس الاعلی- بەسەرۆکایەتی سەماحەتی السید محمد باقر الحکیم: کە بۆ ئێستەو دواڕۆژی عێراق باشو پێویستە.*

وا دەقی هەردوو ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنیشان بۆ دەنێرین، نهێنی یەکە دەبی زۆر زۆر زۆر نهێنی بێت و کەس نەزانێت:

ئەوەش ئەساسە: لەهەموو حاڵەتێکدا لەسەری دەڕۆین و جێ بەجێ ی دەکەین بەلام (۱) بەخشکەیی (۲) لەژێر پۆششێکدا، لەسەرەتادا عمول دەدەین پۆشش INC بێت، یان هاوکاری فەرەوانی معارضە.

جا لە کۆمیسیۆنەی سەرکردایەتی ئەو ڕێککەوتنە ئێو + کاک قادرمان داناوە بۆ هەڵسوڕاندن و جێ بەجێ کردنی کارەکان: هیوادارم هەر قیلەتەن بێت.

دووەمین: *ڕازی کردنی ئێران بەو ڕێککەوتنە، هەروەها بە پارەمەندی دانی هەردوو لامان بۆ سەر خستنی کارەکە: واتە ڕازی بوونی جمهوری ئیسلامی بەهاوکاری کردنی ی.ن.ک + المجلس الاعلی بۆ ڕوخاندنی ڕژێم + داهێنانی عێراقی دواڕۆژ کە لەڕێککەوتنی پێشوومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوەکراوە، کە تیپیدا مافی چارەی خۆنووسی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە.*

واتە ج. ئی ئێستر (لیسەر المجلس)بۆ ڕەهبەری ڕزگاری عێراق دەزانێت، واتە بەهەردوو لامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسییەکە دەکەین.

سێ یەمین: *ڕێککەوتنێکی هەمە لایەنەو شامیل و کامیلی دوورو درێژ لە نێوان ئێمەو ئێران دا کە بێ گومان پڕۆژەکەی دەبێن.*

چوارەم: *هەروەک بڕیار درا ڕێککەوتنەکەی پێشو جێ بەجێ بکرێت.*

پێنجەم: *جمهوری ئیسلامی سوور نەبوون لەسەر یە چالە دەرکردنی حدکە، بەلکو داوایان لێ کردووم کە بە هێمنی و شێنەیی و بەخشکەیی هەوڵبدەم لەگەڵ مەلا عبدالله بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ (ج ی).*

دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکان ڕوون نین بەلام خۆی لەخۆی دا شتێکی زۆر گرنگە، باس لە چالاکی سیاسیان دەکرێ + لە چارەسەرەکەی ئیسلام وەختی خۆی کۆنبوون و هتد.

بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر ڕازیم: ماوەتەوە جێ بەجێ کردن: پێم وایە کلیلەکەی ڕێککەوتنەکەی (لیسەر المجلس)ی ئەعلایە کە ڕێبەر + سەرۆک جمهوور + پاسداران + هەمووانی تر زۆر زۆریان پێ باشو گرنگە.

118

119

120

121

17

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

مایەشای خۆیان لە ٥٠٪ی سەرانسەری داهاتی کوردستانیان بە مۆڵی دەبردو، ٥٠٪ کەی دیکەشیان دەدزی و تەختان و پەختانیان پێ دەکردو خەڵکیش بە حەسرەتی ئاڵێکەوە بوون.

بەڵام لە هەر ئەزموونێک دەرسێک.

ژمارە /
رێکەوت /

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
نووسینگەی تایبەت

[illegible]

٦/١٦

18

جەلال تاڵەبانی و سەرانی (ی. ن. ک) زۆ جاران لافی ئەوەیان لێ دەدا کە گوایە:

* یەکێتی مۆدێرنیزمن.
* زۆربەی رۆشنبیرانی کورد لەگەڵ (ی. ن. ک)دان.
* (ی. ن. ک) لەگەڵ ئازادی بیروڕاو، سەربەستی رادەبڕیندان.
* یەکێتی پشتیوانیی لە مافی مرۆڤ دەکاو...

دەیان و سەدان دروشمی بریقەداری دیکەیش کە رۆژگارو رووداوەکانی ئەم «٣٠» ساڵەی شەڕ یەک بەیەکیانیان ورد و خاش کردو، رووی دزێوی راستەقینەی جەلالیانی وەدەرخست کە (لەمەڕیکە دیکتاتۆرانێکی ناشی و تەشارەزایەو، ئەو کاتانەی کە دەستی نارواو ئامادەیە هەموو تەنازولێک بکات و، ئەو کاتەیشی کە دەستی دەڕوا، بە کردەوە ئەوە دەکات کە لەکاتی بێ دەسەڵاتیدا بەسەرزارەکی نەفرەتی لێدەکا.

جەلال تاڵەبانی بە پەروەردەو، بە رۆشنبیری و، بەسروشتیش لەو جۆرە مرۆڤە (حەربا) چەشنانەیە کە بەگوێرەی ئاو و هەوا رەنگی خۆیان دەگۆڕن و، باروودۆخ و دەمکات چییان بوێ ئەوەها دەڵێن و، ئەوها خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام کە لەگەڵ (شەیتان)ی بێ کڵێشەیان دا تاک دەبنەوە هەر ئەوە دەکەن کە سروشتی نەخۆشیان بەسەریاندا دەیسەپێنێ، هەر کاتێکیش سیاسی ـ بەتایبەتی ئەوانەیان کە هێزێکی پیاو کوژیان لەبەر دەستدایە ـ گەیشتە ئەو رادەیەی کە (راستییەکان) بزانن و، بەقسە بیاندرکێنن، بەڵام بەکردەوە (پێچەوانەی) ئەو راستییانە ئەنجام بدات، ئەوا وەکو ـ جەلال تاڵەبانی ـ لەسەر وڵات و میللەت و کۆمەڵگا دەبنە سەرچاوەی مەترسیی گەورە، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی ـ کاتی ـ یش بووە دەتوانن تا رادەیەک خەڵک لە خشتە بەرن و، لە نێوان وتنی راستی و، کردەوەی ناپەجێدا، ئەو خەڵکە ـ غافڵگیر ـ بکەن کە هەتا ئاشکرا بوونی ـ یەکجارەکی ـ راستییەکان، چارەنووسی

خۆیانیان پێ دەسپێرن.

جەلال ساڵی ١٩٩٤ی بە ساڵی مافی مرۆڤ راگەیاند، کە چی لە ـ بەوە ـ خۆی بۆ ئینقلاب و داگیرکردنی دەسەڵات ئامادە دەکرد.

لە رادیۆو دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنی (ی.ن.ک)ەوە جەلال تاڵەبانی قسەی لەسەر مافی مرۆڤ و سەربەستیی رادەربڕین دەکرد، وەختێک کە چەکدارەکانی یەکێتی لە ١٩٩٤/١٢/٢٥دا (ژمارە (٢١١٥)ی رۆژنامەی «برایەتی»یان سووتاند، کە ئەوە پتر لە «٣٠» ساڵە بە لێبوردەییەوە شەرەفی یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی سیاسی کوردی هەڵگرتووە.

«برایەتی» دەزگایەکی رۆژنامەنووسی و رۆشنبیریی مەدەنی بوو، بەڵام لە دژی شەڕ بوو، بانگەشەی بۆ ئاشتی و برایەتی و تەبایی دەکرد، بۆیە لە جەولەی دووەمی شەڕداو لەو بەشەیەدا کە جەلالییەکان بۆ داگیرکردنی هەولێری پایتەخت و زەوت کردنی دەسەڵات و، یەکخستنی پەرلەمانیان دارشتبوو، «برایەتی» لەلایەن شەڕخوازانی (ی.ن.ک)ەوە حیسابی ئامانجی عەسکەریی یەکەمی بۆ کرا، چونکە رۆژانە بانگەوازی ئاشتی دەکردو، دەنگوباسی پەرلەمانتارانی پەناگیرو ئاشتیخوازی بڵاو دەکردەوە، هانی ئاشتیخوازانی گەلەکەمان و دۆستانی گەلی کوردی دەدا کە لە دژی شەڕەنگێزان و دوژمنانی ئەزموونەکەمان یەک بگرن، بۆیە سەرانی جەلالیی بڕیاریان دابوو کە دەبێ بەر لەهەموو شتێک ئەو دەنگە زوڵاڵەی ئاشتییەی «برایەتی» کپ بکەن.

بۆیە لە سەرەتای جەولەی دووەمی ئینقیلابە فاشیلەکەیاندا، لە ١٩٩٤/١٢/٣١دا بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری بارەگای هاوبەشی رۆژنامەی «برایەتی» و «خەبات»ەیان داو داگیریان کرد.

ئەو هێزەی کە بارەگای رۆژنامەی برایەتی داگیر کرد بەفەرماندەیی (کەمال شاکر) بارێکە بوو کە ئێستا بەرپرسی مەڵبەندی شارەزووری جەلالییەکانە لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا، لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی جەماعەتەکەی جەلالیش، دکتۆر (!) فوئاد مەعسوم سەرپەرشتی دەکرد، ئەو دکتۆر فوئادەی کە لە رێکارکردنی هەولێردا بە دیلی دەست پێشمەرگەکانی پارتی کەوت و بەرێزو حورمەتەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراو بەسەلامەتی و بەوپەڕی رێزەوە رەوانەی لای جەلالیش کرایەوە، بەبێ

ئەوەی کەس لە گوێیەک کاتێکی بەڕوودا بدات، کە چی ئەو لە قەرەباڵغیەکدا کە رۆژی ١٩٩٧/٨/٣٠ جەلالییەکان لە رانیە بەبۆنەی ساڵیادی لەدەستدانی هەولێرەوە رێکیان خستبوو و لە وتارێکدا کە ئێزگەی جەلالییەکان دەیگواستەوە بە بێ هیچ شەرم و شکۆیەک بە خەڵکەکەی دەگوت، کە چەکدارانی پارتی هاتنە ئێرە لێرە بە چاوی خۆتان بینیتان ئەو (حەیوان)انە چییان کرد.

بەڵێ... ئەو دکتۆر فوئاد مەعسومە بوو سەرپەرشتی ئەو هێزەی (ی.ن.ک)ای کرد کە لە ١٩٩٤/١٢/٣١دا بارەگای رۆژنامەی «برایەتی»ی داگیرو تاڵان کرد.

بابزانین قائیدی (!) مەیدانی کارەکە (کەمال شاکر)، لەو نامەیەدا چی دەڵێ کە بەو بۆنەیەوە بۆ جەلال تاڵەبانی و ... ئەوشیروان مستەفای نووسیوە.

دەقی نامەکەی کەمال شاکر:

هەڤاڵانی بەڕێز مام جەلال .. کاک ئەوشیروان

بەهیوای باشی تەندروستیتانم

سڵاو:

لە رۆژی ١٩٩٤/١٢/٣٠ قوەتێک کۆ کرابووەوە بە نیازی ناردنیان بۆ هەولێر من ئاگادار کرامەوە کە وەکو سەرپەرشتی کەر لە گەڵیان بچم.

لە بەر ئەوەی هەندێ لە مەسئولینی ئەو قوەتە متەفەرقەیە کە پێشتر شارەزای تەبیعەتیان نەبووم کاری نارەواو راو رووت و بەد رەوشتیان ئەکرد ناچارم بە کورتی لەم راپۆرتەدا بەرلشکاوی ناویان بنووسم بۆ ئەوەی هەموو ئەو قوەتە بەیەک چاو سەیر نەکرێن.

وە بۆ ئەوەی داوا لە بەڕێزتان بکەم جارێکی کە بم بوون لەگەڵ هێزی مشەلەریقە نەچم بە ئیشی شۆڕش هەر چەند وەکو پێشمەرگەیەک لە هەر جێگایەکی کوردستان پێویست بکات ئامادەی گیان بەخشینم بۆ گەلەکەم.

تکاشم وایە لە دوای ئاسایی بوونەوەی وەزعەکە لیژنەیەکی لێ کۆڵینەوە دابنرێ بۆ راستی قسەکانم. ئەوانەی کە کاری خراپیان ئەکرد ئەمانە بوون:

١- ئازاد حاجی فائق/ بردنی ماڵی خەڵکی وە مەشغول کردنی ئەو چەکدارانەی

ئاڵتون پێشمەرگە) کە لەگەڵی بوو بە هاتووچۆی ملێکەسانی بۆ ئەشیا گەڕاندنەوە لەجیاتی (ئەوەی) ئەرکی شۆڕش (!) جێبەجێ بکەن.

٢- ئارات پۆلیس/ خۆی و چەکدارەکانی هەمیشە خەریکی دزی بوون جگە لەبەدرەوشتی وە چەند جارێک لێم چەک کردن بێ سەروە بوو.

٣- مەسعود پەرک/ لەبەر ترسنۆکی وە سەرخۆشی کە هەمیشە جێگای خۆی جێ ئەهێشت جگە لەوەی گرمانم لە راو رووتی هەمیو، ئیزنم دا بگەڕێتەوە لە (م.س) لە هەولێر دوای ئێمە دوای ئێمە ئیهتمامیان پێ دابوو، ئەوە لێشر پەیوەندیی بە ئێمەوە ئەمابوو.

لە (٢ـ٣) ب.م مەوال گری کە لەگەڵمان بوون جگە لە سایق سیارەکەی لای خۆی.

کە ئەوانیش خەریکی کاری ناڕەوا بوون (بۆ ئەوانی تر خەریکی کاری رەوا بوون ...!!)، سایق سیارەکەم ئێستە زیندانە پێشم چاکە ئەشکەنجەی (!) بدرێ و بزانن بۆچی کاری نابەجێی کردوە وە کێی لەگەڵە.

ئاگاداری کاک شاهۆشم کرد ئەگەر چاکەکانی ئەو گروپانەی کە پێکەوە بوون و خەریکی شەر بوون:

أ ـ بەشدار بوون لە گرتنی ماڵی مامند ئەمشلە.

ب ـ رزگارکردنی جادەی رەئیس کۆمیتەی زالکۆ تا قەڵکەی زەعیم وە بەشدار بوون لە گرتنی لق وە پاراستنی زۆر لە وەزارەتەکانی کەوتبووە سەر ئەو جادەیە وە ئاگادار کردنەوەی دکتۆر فوئاد لە (م.س) وە رۆیشتنی بەرۆژی بۆ منطقەکە بۆ تەنکیم کردنی ئەو مسئلەیە.

ج ـ تەسلیم کردنی مطبعەی (مەبەستی رۆژنامەی) خەبات و برایەتی لە ڕێگای سەقاڵەکیانەوە، (کاک سەلاح) بە سەلتەنەی هەولێر، وەسڵی تەسلیم کردنی دەزگاکە لای هەڤاڵی ناوبراو هەیە.

د ـ گرتنی چەندین سیارەی پڕی گەنتریەل وە تەسلیم کردنی بە سەلتەنەی هەولێر وەسڵی تەسلیم کردنەکانیش لە مەکتەبی ڕێکخستن دایە لای کاک ئاسۆیە.

سەرچەمی شەرەکان (٣) شەهید و پانزە برینداریشمان هەبوو ئەمە کورتەی ئەو راپۆرتە بوو لەگەڵ رێزی بێ پایاندا بۆ بەڕێزتان.

براتان

کەمال شاکر

ئەمە دەقی ئەو راپۆرتە بوو کە ئەم کەمال شاکر ناوە بۆ جەلال و ئەوشیروانی نووسیوە، تیایدا باسی لە (دزی) و (کاری نابەجێ) و (بەدرەوشتی) و (ترسنۆکی) و (کاری ناڕەوای چەکدارەکانی خۆیان دەکاو، زۆر بە راشکاویش باس لە داگیر کردنی بارەگای رۆژنامەی برایەتی و رۆژنامەی خەبات و تاڵان کردنیان دەکات، جێی خۆشحاڵییە کە لە دکتۆر فوئاد مەعسوم بپرسین: ئەری کێ جەبرانە (!)، ئەوانەی کە بارەگای دوو رۆژنامەی خاوەن خەبات و تێکۆشانی وەک برایەتی و خەبات داگیر و تاڵان دەکەن، یا ئەوانەی کە لە دژی ئەو تاڵانچی و دزو بەد رەوشت و ترسنۆکانە دەوەستن!!...

کێ جەبرانە دکتۆر...؟! ئەوانەی کە ئەم بەڵگەنامەیەیان لەبەر دەستدا بوو و بەرچاو میرەمەتەوە بە زمانی خۆیان، یا ئەوەی کە ئەم چاکەیەی لەبیر کردو بۆ یەکەم جار وشەی (جەبرانەی) لە دەرو لێدوانەکانیدا بەکار هێنا...!!

بەهەر حاڵ رۆژی ١/١/١٩٩٥، کە هەواڵی داگیرکردنی بارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات گەیشتە پەرلەمان، پەرلەمانتارانی ئاشتیخوازی پەناگیر لێژنەیەکی هاوبەشیان لە هەر دوو فراکسیۆن پێکهێنا کە بریتی بوو لە بەڕێز (عەدنان موفتی) ـ سەر بە فراکسیۆنی پارتی و بەڕێز (عوسمان حاجی مەحمود) سەر بە فراکسیۆنی کەسک، ئەم لێژنەیە دەستی تاڵان و بڕۆی سەرانی (ی.ن.ک) بە کەرەستەکانی رۆژنامەی برایەتی دەگەیشتوو و ئەم کەرەستانەیان تۆمار کرد کە هەر دوای گەڕانەوەی لێژنەکە بۆ بینایەی پەرلەمان تاڵانچییەکانی جەلال، یەکسەر گواستیانەوە، کە (٦٦) مادەبوو بە برە ٣٠ ملیۆن دینار مەزندە دەکرێ.

جگە لەم تاوانەش چەکدارانی (ی.ن.ک):

* رۆژی ١٧/١/١٩٩٥ ماڵی کاک زاهیر رۆژبەیانی سەرنووسەری برایەتی ـ یان تاڵان کرد.

* رۆژی ٣٠/١٢/١٩٩٤ بەڕێوەبەری نووسینی ئەوساکی برایەتی، کاک ئەسعەد عەدۆ ـ یان لەماڵی خۆی رفاند.

* رۆژی ٢١/٢/١٩٩٥ ماڵی کاک شێرزاد عەبدولرەحمان کارمەندی رۆژنامەی برایەتی ـ یان تاڵان کرد.

* هەروەها بەدەیان کارمەندو کادیری دیکەی رۆژنامەی برایەتی ـ یان لەهەولێر ئاوارە کرد.

بەم شێوەیەش جەلال و سەرانی (ی.ن.ک) بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییان سەلماند کە دژی وشەی رەسەنی کوردی و، دژی سەربەستی دادەبڕیان و، ئەوانن کە بۆ یەکەم جار رۆژنامەی کوردییان سووتاندو، ئەوانن کە بە تۆپی قورس و ... سوپای دزو جەردەو بەد کارو بەد رەوشتەوەو، لەسەردەمی پەرلەمان و کوردستانی ئازاددا بارەگای دوو رۆژنامەی خاوەن شکۆو خاوەن تێکۆشانی وەکو برایەتی و خەبات ـ یان داگیرو تاڵان کرد.


برایەتی

دوێنێ پایتەختی هەرێم تەواو نا ئارام بوو

[illegible]

19

لە سەلاتی داگیرکردنی دەسەڵات و، بەربەرەکانێ کردنی پارتی و، پشتی پارتی بارزانی و ئەمەدا، جەلال تالەبانی هیچ شتێ و فەرج و عێلمکە و، ئیحتیماڵێک ئەمارە ناتی ئەکاتەوە، نەک هەر جارێک و دووان، بەڵکو بەدەیان جار هەموو لایەق و هەموو ئەخشەر پیلانی تاقیکردۆتەوە، هەموو جارێکیش بە عەمان دەرئەنجام گەیشتووە کە هەموو جارێکە هەر (شەرمەزاری) بووە، کەچی بابی تۆزقاڵێک پەندو وانەی لەو هەموو نوشستی و شکۆ و شکستییانەی خۆی نەدیوە، نیشتانی لەگەڵ دا بێت نەیتوانیوە بە تەواوەتی لە هێزی خەڵک و بێ توانایی خۆی بگات و بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆی لەو بازنە بەتاڵە دەربکات.

کە بریتیە لە:

خۆسەلاسی دان = پەلاماردان + شکست و سەرشۆری و... دواتر عەفووم و، جارێکی دیکەیش خۆسەلاسی دان و پەلاماردان و شکستی و عەفوو، لەم رەوتە پڕ لە شەرمەزاریەشدا جەلال پێگە ئەمارە نەیگرتبێتە بەر، رێگەی شەرەف نییە.

یەکێک لە شێوازەکانیتی دەسەڵاتداری و تێوەگلاندنی ئەو کەسانەیە کە لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان دەکەونە داوێوە، لەساتەوەختێکی بێ ئاگایی و غەفڵەتدا دەکەونە بەر پیلانەکانی و تیر بە بەڵێن و... قسەی چەوری لووس لە خشتەیان دەبات، تا دەیانکات بە گژ مەسەلەیەکدا و لە پێناو بەرژەوەندییەکی بێ قیمەتی خۆیدا بە کوشتیان دەدا و، خاوەن و ماڵ و منداڵیشیان لەبەردەم خوا، گەل و مێژوودا شەرمەزار دەکا.

شێوازێکی دیکەی جەلال بۆ راوکردنی خەڵک و لەخشتە بردنیان، مەسەلەی هەڵپەسانەوەو دووژاندنی کۆنە قین و، دەمارگیری عەشایەری و سوود وەرگرتنە لەو ئاژاوەو پشێوی و ئاکۆکیانەی کە لەژیانی رۆژانەدا لەناو خەڵکی سادەو کۆمەڵگەی کوردەواریدا روو دەدەن.

ئەگەر زێدە رۆییش نەبێ دەتوانم بڵێم جەلال تاکە کەسە کە خۆی بەشت دەزانێ و، بە پێچەوانەی هەموو بەرپرسانی دیکەوە، لەجیاتی چارەسەرکردن و بنبڕ کردنی ئاکۆکی عەشایەری و کۆمەڵایەتی، هەمیشە هەوڵی خۆش کردنی ئاگری ئەم فیتنەیەی داوەو، تەنانەت ئەگەر نەشبووبێ، بەخۆی دروستی کردووە، وەک ئەو کێشە عەشایەریانەی کە لە دوای راپەڕین لە نێوان کورانی هەممەوەندو، جوونیارەکان و ئاغاکانی پشدەر و شێخ و، ئیبراگانی جاف دا لە کفری و کەلار قەوماندی و، دوابیش لە بنەوە پارەو چەکی بە هەموو لایەنەکانی کێشەکە دەداو، ئەگەر خەڵکەکە بۆ خۆشیان پێک بهاتنایەوە، ئەوا جەلال لێی تێکدەدانەوە، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش دەستەو تاقمێکی دیاریکراوی لەبن دەستی خۆی ناوەو ئەو کارەی بۆ جێبەجێ دەکەن.

لەم بەڵگەنامانەی ئەم بەشەدا دەردەکەوێ کە جەلال چۆن و، لەپێناو چیدا گەمە بە هەست و سۆزو کێشە و گرفتە عەشایەری و کۆمەڵایەتییەکان دەکاو، چۆنیش ئەو کۆنەقینانە دەهێنێتەوە جۆش و خرۆش و لە پێناوی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدا، بە بەڵێنی درۆو زەخمەوس خەیاڵاویەوە، بەرەو دۆزەخی خیانەت و مەرگیان دەبات، لەم بەڵگەنامانەدا بەرووونی دەردەکەوێ کە جەلال بەچ تەماعێک و بەچ بەڵێن و فێڵێک و لەچ دەرگایەکەوە خۆی گونەلی (خرمانی) براذۆست و سەرچیاییەکانی فریو داوەو، لە پێناوی قازانجێکی وەهمی خۆیدا بە سەدان کەسی لێ ساتوفران کردوون، ئەوجاش ئەوەیوو بۆ برادۆستییەکان دەیگوت: بۆ سەر داوەتی چوون و لەوێ لێیان قەوما.

بۆ سەرچیاییەکانیش ئەوە بوو بەسووک و ئاسانی تکۆژی لێ کردن و، گوتی: هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە نەبووە، کەچی ئەوەتا وا لێرەدا و لەم بەڵگەنامانەوە دەردەکەوێ کە لەیەک وەجبەدا، لە ١٤/٨/١٩٩٦دا (١٣٠٠) دانە تفەنگ و (٣٦٠٠٠) فیشەکی داونەتێ و بەرەڵڵای گیانی وڵات و گەلی خۆیانی کردوو، ئەوەبوو رۆژی ٢٢/٨/١٩٩٦، واتا پاش تەنها (٨) رۆژ لە چەکدار کردنیان لەناوچەی سیدەکان بەر هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگەی پارتی و بارزانی کەوتن و لەو (١٠٠٠) جاشەی کە فەریوی جەلالیان خواردبوو پتر لە (٤٠٠) کەسیان تێدا چوون.

بۆ تێگەیشتنی نیاز و شێوازو پیلانەکانی دیکەیش، ئەوا بەڵگەنامەکان بەسن و، لەکاتێکدا دڵەوەو بەریەری دڵسۆزیشەوە ئاواتە خوازین کە کەسی دیکە بە فرتوفێڵی جەلال فریو نەخوات و تووشی چارەنووس و رۆژی رەشی ئاوایش نەبنەوە.

بەڵگە نامەی (١)

بۆ بەڕێز مام جەلال

دوای سڵاو

بەڕێز، ئەوە چەند جارە کاک حەیدەر علی (حەیدەرە رەش) و کاک فرمان عیسی کە خەڵکی ناوچەی برادۆستن هاتوونەتە لام و ١٥ ئیو دراون، ئەوە ئەگەر بەڕێزتان ریکایان بدەی یەکەرێتەوە ناوچەی خوا کورک و دەستی بەراژگر و گوندەکان بە یەکەرەشتەوەی ریکخستن و جێگەکردن بە ناوچەکە وەک مەفرەزەی پارتی زانی می ولئامارلە ئازادی و دڵسۆزیان چونکە لەساڵی ٩٢ بەشێ بنەوە بەرخۆدانیان کردوە.

حەیدەرە رەش ئەمەیە کە بەڕێزتان بڕوسکەی بەرزیانیتە بۆ ناوەلە تەوا هجومی پارتی بۆ سەرکەیکی هەمەدانیا کە سەنگەری خۆی بەجێ نەهێشت خۆی و ٦ پیاوی تابلی ئازار چاو تەترسە، لەهێشت گەرانەوەیان سەردی چاکی دەبینە بۆ ناوچەکەو کەمتەی چاک لەکەی خەڵک چاوەڕیانە لەوی، ئێستا ئەلیان رەنجاوە لەبێ ناوبشتین اللناحی گەڕانەوە ئەکەن، داوای هەندێ چەک و پێوی ماڵ و منداڵیان ئەکەن لەوێ کە ئەوان ئەچێتەوە.

من ئەتوانم بەرێکانی رەوانەی یان وەرتی دەرباریان بکەم.

ئەمرتان لەسەر چیە

برات / عبدالله طیب

هەولێر

١٩٩٦/٦/١

هامشی جەلال تالەبانی لەسەر داواکە

کاک شێروانی بەڕێز

سلاوێکی گەرم

زۆرم پێ باشە، پەسندە بەلام گەر بتوانیی یارمەتیشیان بدەیت بۆئەوەی زیادیش بکەن و لەگەڵ خزمان، هاوکاری بکەن.

ماموستا چەتۆر ئەتوانی پەیان دابین بکات.

بەڵگەنامەی (٢)

پێویستی چەک و کەل و پەل بۆ پێشمەرگە

١ـ ٣ هاوەن

٢ـ ١ بیکەیسی

٣ـ ٢ قاریفە ژمارە ١١

٤ـ تەمسریە

٥ـ دابین کردنی ئیمکانیات بۆ عائلەی پێشمەرگە

٦ـ عەلاقات لە بەینی $PKK + PUK$

٧ـ دروست کردنی مقەڕ لە برا دۆست

٨ـ تجهیز کردنی پێشمەرگە وەکو لیشک + رمانە + ناخمە + کولەپشت + پێڵاو

٩ـ ٣ دووربین بەرچاو بۆ پێشمەرگە

١٠ ـ ١٢ کلاشینکۆف بێ خاوەن

بەڵگەنامەی (٣)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان — ژمارە:

فەرماندەیی گشتی — رۆژ: / / ١٩٩

هێزی پێشمەرگەی کوردستان

هەولێر

بۆ/ برای بەڕێزم کاک شۆڕش

سڵاوێکی گەرم

تکایە وەکو ئەوەی بە حەمە علی گوڕاو ناردمان، بەو شێوەیە بەرئەوا لەش جێ بەجێ بکەن. قسەش لەگەڵ کاک داود بکە.

خۆشیان پێویستیەکانیان نووسیوە؛

دووبارە سڵاو

برات / شێردڵ

١٩٩٦/٥/٥

بەڵگەنامەی (٤)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

مەکتەبی دارای و ئیدارەی گشتی

ئیدارەی لەشکرەکانی

هەولێر

بۆ/ کاک رەشید

لەسەر بڕیاری بەڕێز مام جەلال و فەرماندەی ٣٠٠ سێ سەد کلاشینکۆف بدەنە لەشکری سەرچیا

١٩٩٦/٨/١٤

بەڵگەنامەی (٥)

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیی و سەرکەوتنتانم داوایە

یەکەم ـ وا دیارە خزمان جەلال و برادەرەکانیان دا، دوێنێ شەو هەم کاک قادر بەگ و هەم مەلا یاسین ئاگاداریان کردم ـ هەریەکەیان لای خۆیەوە ـ کە بەڵێنەکان جێ بەجێ دەبن، بەم جۆرەی خوارەوە:

أ ـ با جەماعەتی برادۆست ئامادەبن و با کاک محسن بابیزیش ئامادەبێت، وەختی خۆی وابان دانا بوو کە:

١ـ قادر بەگ (٢٠٠ ـ ٢٥٠) برادۆستی ئامادە بکات

٢ـ کاک محسن بابیز هەمو لەشکری پشدەر ساز و ئامادەکات تاکو جوارنسی لەگەڵ قادر بەگ ئەوان بڕوات و باقیەکەشی بۆ قوڵی حاجی عومەران بێت.

٣ـ ئەوانەی خۆمان کە لەلای شێرەبوون، یان لەلای هەولێرن یان لەلای بالەکایەتین کۆبکرێنەوە لەگەڵ قادر بەگ بڕۆن. جا قەولە قسە لەگەڵ کاک محسن بابیز بکرێت وانە خزمان پێیاندەڵێ یان ئەو یەکێک بنێرێت بۆلایان تاکو هەمو هەنگی ناردنەکە بکەن؛ بۆیە تکایە ئێوە خۆتان بەو کارە هەڵسن با ئازووە سازبن و لەکاتێک دا بچن

کەلەک لەم دەرفەتە وەربگرین.

خوڵاسە، وا کاک شێردڵ هات، من و ئەو پشەکاتی خۆمم بۆ نارد، هەموویان بە (رێش) و (پێشتیا) حساب بکەن. وتیی خۆتانم بنێرن یان گەر پێویست دەکات با کاک جەباری بێتەوە ئێرە دوا بڕیاری لێ دەدەین.

هەر شاد و سەرکەوتوو بن

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

قەلا چوڵان

١٩٩٦/٨/١٤

کەلەکەکان هەرکەسێک رایەوەندکە بەگەڵ یەکبگرنەوە.

دووەم: سەدیشی هەندی شتمان بۆ دێت.

سێ یەم: سەرداری جەعفەری گوتیەتی لەم هەڵمەتەدا شتەکان جێ بەجێ دەبن.

لێرە هیوادارم هەر وەک رەفیقان رێچاو دەکەم بەچاکی کارەکان سەرپەرشتی بکەن و یەکەیەکان بکەنەوە.

هەر بژین بۆ برای دڵسۆزتان

مام جەلال

١٩٩٦/٨/١٢، ١١

بەڵگەنامەی (٦)

هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک کۆسرەت و کاک جەباری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئیمەش باشین. وا کاکە شێردڵ هات بۆلاتان، رێی خۆم بەم جۆرەی خوارەوە:

١ـ دانانی شێخ صدرالدین هەر بۆ سەرپەرشتی کردن بێ باشە.

عەبدەکەی خوی بەم زووانە بێ ساز نابێت، بۆیە پێم باشە وەک پێشوو بێت، وانە هێزەکەی پشدەر بەشێکی باشیی لە بەغلان بکەین بۆ ئەرکەکانی لای حاجی عومەران.

برادۆستیەکانیش لەگەڵ هەڤاڵانی خۆمانی لای شێرەبوور و بالەکایەتی و ئەوان بنێرنە لای خزمان، بەڵام پێویستە باشتر قادر بەگ تێ بگەیەنن.

٢ـ وا نامەی کاک مستەفا دەنێرم: باش نیی بێ ئەوە بپشێوە؛ تەمازیی گرتی بە؟

تابە سازی امیازە؛ یان سازی قەسری بە؟ تکایە لەم مەسەلەیە رووڕن بکەنەوە.

من پێم باشە کەرەوەستمان بێ کەرە واییت کە بەشێر شێرەکان دەگرین، خۆکەم هاتنە ئیمان لەمدا زۆر باشترە.

٣ـ زۆر پەلەم بێ باش نیە، دەبێ سەرکەوتن حساب بکەین، بۆیە گورینی مەرجەیدەکەش (مقدس) ئەمیە جا گەر بکرێن وەک خۆی بێتە ئەرا ئوروپاشە. ئەگینا دەبێ کاتێک بێت کە سەر دەکەوین لە لیشەکە.

٤ـ پێم وایە خزمان بەراستی یانە، پێم وایە کارەکەیان بە جیددی گرتووە، بۆیە هیوادارم

بەڵگەنامەی (٧)

١٩٩٦/٨/١٤/ نامەی دووەم

هەڤاڵانی خۆشەویستم کاک کۆسرەت و کاک جەباری بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

دوای دوانامەی شێخ صدرالدین، ئەسعەدی پێشتان بڵێم دانامیم پێ باش نیە، ئەوەی راست بێت هەر لەسەرەتاشە و دوودڵ بووم؛ ئێستەش زیاتر دوودڵم، پێم باشە وەک پێشوو دامان ناهور کاک مەهدی خۆی خزیان خۆیان بەرێت لەپێشەوە (٥٠٠) کەس ئامادە بکات. باقیەکەشی لای کاک محەممەد وەمان بێت لەبالەکایەتی حەزەدگەم سەرپەرشتی بکەن. بیار جاک بێ چاوتان هەر لەسەر اگوندەکان ئەبێت حێلێکی خۆی باش بێ گەیشتووە. من پێم باشە شێخ صدرالدینش سازدەبن برام وەک تەحتیات بۆیان ئێستە خزمانیش وەعیەی یەکەم هەر (٥٠٠) پێشمەرگە دەبەن، با ئەوانە هێنەکەی حاجی عومەران بێت (مەهدی و ئەوان) پاشان هێنەکەی برادۆست بنێرین ـ پاشان شێخ صدرالدین و ئەوانیش لەکاتی پێویست دا.

پێم باشە چاکتر و وردتر حساب بکەین.

وابیینە کارەکانەوە کە خومان بەهەبابی خومان دەیکەین. ئینجا ئەوانەی دێنە لامان (تێکەڵ دەبنەوە) بە خەسریەنە و بەناوی ئەوانەوە دەیکەین.

هەرێزی بو برای دلسوزتان

مام جەلال

دوای نیوەڕۆی

١٩٩٦/٨/١٤

بەڵگەنامەی (٨)

یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان

سکرتێری گشتی

الاتحاد الوطنی الکوردستانی

الامین العام

هەڤاڵانی تێکۆشەر کاکە شێرداڵ، کاکە محسن، کاکە عەلیلی بەرێز

سڵاوێکی گەرم

واکاکە عومەرهات بۆئەوەی سیاسەتی ئێمەتان بۆ ڕوون بکاتەوە، دەربارەی هجومێکی محدود بەرەو کەلەکین بە هێزی سوریچیەکان و وسوریچی خومان و هێزێکی باشی تر.

هیوادارین سەرکەوتوو بن

برای دڵسۆزتان

مام جەلال

قەلاچوالان

١٩٩٦/٦/١٦

[illegible]

[illegible]

هاوڕێی جەلال تاڵەبانی

کاکە شێردڵی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

[illegible]

بەڵگەنامەی (٧)


[illegible]




146



147





148



149

21

حوکمی بازی دەشتە!!

جەلال تاڵەبانی و سەرانی (ی.ن.ک) زۆر جار باس لە سەروەریی یاساو، دەسەڵاتی یاساو، شەرعییەت و ناشەرعییەت و، دەسەڵاتە وەهمییەکەیان دەکەن کە هیچ بناغەیەکی یاسایی لە سلێمانی بۆ خۆیان دایانمەزراندووە. هەندێ خەڵکی بێ کار و بێ مەسئولیەتی جەماعەت و دەستێژەکانی خۆشیان تێدا ئیستیعاب کردووە و لەژێر ناوی پیرۆزی حکومەتی کوردستانەوە، خەڵکی ئیرهاب دەکەن و سەروەت و سامانی سەڵتەت بە تاڵان دەدەن و، هەق بە ناهەق و، ناهەق بەهەق دەکەن و، رەش بە سپی و سپی دەکەن بە رەش، ئەمە نزیکەی چەند ساڵێکیشە ئەم مەهزەلەیە لە سلێمانی بەردەوامە، خەڵکێکی زۆری ئەو شارە خۆراگرو قارەمانە دەچەوسێننەوە.

پێش ئەم کارەساتەی کە ئێستا لە سلێمانی رۆژانە بەسەر خەڵکدا دێت، نزیکەی ساڵ و نیوێک زیاتر خەڵکی شەرەفمەندی هەولێری پایتەختیش تاڵاوی ئەم حوکمی قەرەقوشەیان بەدەستی جەلال و سەرانی یەنەکەوە چەشت و، خەڵکێکی زۆر لە سایەی ئەو حوکمی (بازی دەشتە)ی یەکێتیدا سەروماڵ و سامانیان لەدەست دا، یا بە خوێنخۆرایی رۆژانە کەرامەتیان دەروەشێنرا. بەڵام بە پشتیوانی خواو لەشکری پێشمەرگەی کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا رزگاریان بوو و، ئەوە چەند ساڵێکیشە لە ژێر سایەی حوکمێکی شەرعی و عادیلانەی کابینەی سێیەم و چوارەمی هەرێمدا نموونەی حوکمێکی هاوچەرخ دەبینن کە شەرعیەتەکەی لە دەسەڵاتی پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانەوە وەردەگرێ.

کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی کوردستان بەراستی سەلماندی کە ئەگەر دوژمنانی ئەم ئەزموونە لێی بگەرێن ئەوا پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزبێکی خاوەن خەبات و تێکۆشان و قوربانیی و، خاوەن ئەزموونێکی (٥٤) ساڵەی دەوڵەمەندی بە پیت و بەرەکەت، وێرای هەموو کۆسپ و ئاستەنگە سیاسی و

ئابووری و پیلانەکانیش، دەتوانێ نموونەی سیستەمی حوکمێکی هاوچەرخ و شارستانیی پراکتیک بکات و قسەی ناحەزانی ئەم ئەزموونە بە کردەوە بە درۆ بخاتەوە کە دەیان گوت کورد میللەتێک نییە بتوانێ حوکمی خۆی بکات و کاروباری خۆی بەرێوە بەرێت.

لەولاشەوە جەلال تاڵەبانی و سەرانی یەکێتی بە زەبری تۆقاندن و تیرهاب خۆیان بەسەر بەشێک لە گەلەکەمان و وڵاتەکەماندا سەپاندووە، لە پەنای دروشم و وشەی بریقەدارەوە هەوڵی ویران کردنی ئەو بەشەش دەدەن کە ئەوە ماوەیەکە لە سایەی کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی کوردستاندا هێمنی و ئارامی و گەشەکردن و ئاوەدان بوونەوەی بە خۆیەوە دیوە.

هەر هەمان ئەم جەلالیانەش بوون کە پێش ٣١ی ئابی ١٩٩٦ حوکمی سەدەکانی ناوەراستیان لە هەولێردا بەرپا کردبوو و، کەس لە ماڵ و حاڵی خۆی دڵنیا نەبوو و، ئەوەی خواو شەرع و شەرعییەت و یاسا بە خەڵکی رەوا دەبووە، سەرانی (ی.ن.ک) بە مەنهەجییەت لێیان داگیر دەکردن. تاکو کار گەیشتە ئەوەی خەڵک بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێ لە سەروماڵ و خانووی خۆیان دەردەکران و یەکێکی دیکەیان لە جێی نیشتەجێ دەکرد. ئێمە لەم بەشەدا تەنها یەک نموونە لەو هەزاران نموونانە دێنینەوە کە هەتا هەتایە دەبێتە شاهید لەسەر شێوەو شێوازی ئەو حوکمەی کە ئەگەر -خوانەخواستە- یەنەک دەسەڵات داگیر بکەن، بەرێوەی دەبەن.

لەم بەشەدا لە دوو بەڵگەنامەی بچووکە بە شێوەو رووخسار، بەڵام گەورە بە ناوەرۆک و مەدلولاتی سیاسی و ئابووری و یاسایی، نموونەیەکی راستەقینەی حوکمی سەرانی یەکێتیتان پێشکەش دەکەین.

بەپێی ئەو دوو بەڵگەنامەیە لەو پاشەگەردانییە کە دوای داگیرکردنی هەولێر لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە لە پایتەختی هەرێمدا بەرپا بوو، واتا چوار رۆژ دوای داگیرکردنی هەولێر بە تەواوەتی وادیارە (کاک جەلال) تاوێکە بۆ وەدەست هێنانی خانوویەک دەچێتە لای کۆسرەتی سەرۆک وەزیرانی کابینەی دووەم، کە لە هەمان کاتدا ئەندامی (م.س)ی یەکێتیشە.

ئەویش نامەیەکی دەداتێ بۆ بەرپرسی ئەوسای مەڵبەندی (ی.ن.ک) لە هەولێر و زۆر بە سادەیی لەسەر پارچە کاغەزێک بۆی دەنووسێ:

بەڵگەنامەی (١):

بەڕێز کاک ئەرسەلان، کاک شێران

ماڵێک بدەنە کاک جەلال... پیاوێکی قارەمانە.

کۆسرەت

١/١٩

ئەم کاک جەلال ناوەش، سا ئێستر لەسەر هەر حزبێک بوو، ئەم (عطاء)ە پڕ لە (کەرەم) و (بەخشش) رەت دەکاتەوە.

ئەوسا بەهرۆز گەڵاڵی ئاوا وەڵامی (فەرمانەکەی!) سەرۆکی کابینەی دووەم دەداتەوە:

بەڵگەنامەی (٢):

بەڕێزو خۆشەویست کاک کۆسرەت

سڵاوێکی گەرم

خانوویەک و ماڵ(!) نیشانم دان، بەڵام ئەوان دەڵێن ئامادەنین ماڵی خەڵک بدەین، تەنها پێداویستیمان هەیە ئەگەر وەک مەڵبەند شتمان بۆ دابین دەکەن، ئێمەش چیمان لا نییە لەوە زیاتر.

لەگەڵ رێزماندا

بەهرۆز

١/١٩


وەک ئافەرین، سەد بارەکەڵڵا... ئەی سەرانی یەنەک بۆ خۆتان و حوکمێک کە بە تەمابوون و، بە ئەمان بەرێوەی بەرن...!!

ئێستر سازانی بە چ رووییەکەوە فەرمیسکی تیمساحانە بۆ هەولێر هەڵدەرێژن و باس لە هەڵبژاردن دەکەن...؟!

بە چ روویەکەوە قسە لە سەروەریی یاساو دیموکراتیەت و مافەکانی مرۆڤ دەکەن؟!

یا ئێوە پێتان وایە خەڵک و مێژوو ئەم کردەوانەیان لەبیر دەچێتەوە...؟!

بەراوردی دەسکەوتەکانی کابینەی سێیەم و چوارەمیش، حوکمی (بازی دەشتە)کەی (ی.ن.ک)یش بۆ جەماوەری شەرەفمەندی کوردستان بەجێ دەهێڵین...!



بەڕێز کاک ئەرسەلان و کاک شێران

ماڵێک بدەنە کاک جەلال

پیاوێکی قارەمانە

کۆسرەت

١/١٩

21

ئاکە شتێک کە لە ژیان و لە سیاسەتی(!)جەلال تالەبانیدا زۆر بەدی دەکرێت و گومانی هەڵنەگریت، دوژمنایەتی کردنی پارتی و ڕێبازی پڕ لە سەروەریی بارزانیی نەمرە، کە جەلال تالەبانی بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو شێوازێک و لە هەموو بارودۆخێکدا درێژەی پێ دەدات و لە هەموو جارێکیشدا بە شکستی خودی جەلال و دەستەو تاقمەکەی کۆتایی دێت، چونکە لەو هەوڵە بێ هودەیەیدا تەنها دوژمنانی گەلی کورد وناحەزانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لە پشتەوەیە.

ڕووداوەکانی ئەمڕۆ و دوێنێی نزیک و دووریش هەموو ئەوە دەسەلمێنن کە جەلال لە پێناوی ئەوەی دا، کە خوراسی دوژمنانی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەیەتی، ئامادەیە گەمە بە هەموو بەهاو داب و نەریت و کەس و لایەنێک بکات، بەس بۆ ئەوەی دوژمنانی گەلی کورد لە خۆی ڕازی بکات.

وەک لە بەشەکانی پێشوودا دیتمان جەلال تالەبانی نامەیەکی لە٧/٨/١٩٩٥دا بۆ ئەنتۆنی جێنگری سەرۆکی ئەمەریکا نووسیوە و تیایدا دەڵێ:

(لەوەتی شەڕ لە کوردستانی عێراقدا هەڵگیرساوە تا ئێستاش ئێمە بە دەنگ هەموو ئەو هەوڵانەی **ئاشتییەوە** چووین کە پیاوانی ئایینیی کورد و حزبە کوردستانییەکان و(I N C)و پەرلەمانتارانی کورد و ئەمەریکا داویانە.

بەتایبەتیش بەبێ قەیدو شەرت بەدەنگ هەموو دەستپێشخەری و پێشنیارەکانی ئەمەریکاوە چووین..

هاوڕێی ئازیز..

پێم وایە لە ڕێی ئەو نێردراوە ئەمەریکییە زۆرانەوە کە ئەمساڵ هاتوونەتە کوردستان دەتوانن ئەتکید لە ڕاستیی ناوەڕۆکی ئەم نامەیەشم بکەنەوە.

بۆیە تکام وایە کە جیاوازیی لەنێوان ئەو تێکۆشەرەدا(!!) بکەن کە لە دژی

دیکتاتۆریەتی صدامەو، ئەوەشی کە دەستی لەگەڵدا تێکەڵ دەکا، هەروەها ئینساف و عەدالەتیش وا دەخوازن کە جیاوازیی لە نێوان ئەوانەدا بکەن کە بەدەنگ دەستپێشخەرییەکانی ئەمەریکاوە دێن و ئەو ڕێگە چارانە هەڵدەبژێرن کە ئەمەریکا هەڵیدەبژێرێ و، ئەوانەشی کە بەدەنگ ئەم دەستپێشخەریانەوە نایەن و ڕێگەی عێراق ـ تورکیا ـ ئێران دەگرنەبەر و بە باشتری دەزانن.)

کە ئەمە دەقی چەند بڕگەیەکیتی بە عەرەبی وەک لە ئەسڵی نامەکەدا هاتووە:

ثانيا: منذ اندلاع القتال في كردستان العراق وحتى الان فقد قبلنا جميع المبادرات السلمية التي تقدم بها رجال الدين الكرد، والاحزاب الكردستانية و(INC)والبرلمانيون الكرد **واميركا** وقسنا من جانبنا وتجاوبنا خصوصا مع جميع المبادرات والمقترحات الامريكية دون قيد او شرط.

ايها الصديق العزيز..

اعتقد بانكم تستطيعون التاكد من صحة مضمون رسالتي بالاستفسار عن البعثات الاميركية المتعددة التي زارت كردستان خلال عام؛

لذلك فالرجاء هو التمييز بين المناضل ضد دكتاتورية صدام والمتواطئ معها ومن الانصاف والعدل ايضا التمييز بين من **يستجيب للمبادرات الاميركية ويفضل الخيار الاميركي** ومن لا يستجيب لهذه المبادرات ويفضل الخيار العراقي ـ التركي ـ الايراني.

نحن نتطلع كالسابق الى تفهمكم واسنادكم الى نضال شعبنا الكردي من اجل السلام والديمقراطية والخلاص من الدكتاتورية الصدامية.

وتفضلوا بقبول احترامتي الفائقة.

قەلاچوالان ـ ١٩٩٥/٨/٧ **المخلص**

جلال طالباني

لە نامەیەکی دیکەشدا کە لە دوای تەلەفۆنێکەوە لەگەڵ پیللیترۆ دەیگۆڕ دڵتێچ، بۆ

ئەندامانی (م.س)ەکەی (ی.ن.ک) نووسیووە، جەلال تالەبانی دەڵێ بەو دوو ناوبژیوانە ئەمەریکیەی گرتووە:

(لەسەر ناوبژیوانی ئەمەریکا گرتم. **وا سالۆنیێکە دێن و دەچن، ئێمە هەرچی گوتوتانە بە بەڵێ ونیجابی وەڵامان داوەتەوە، لایەکەی تر بە پێچەوانەوە، کەچی هێشتا هەڵوێستی (U S A) دنارەوایە، ئاعادیلانەیە، موتەحەیزە..)**

کەچی لەم دیکۆمێنتەدا جەلال تالەبانی ئەم(بەدەنگەوەچوونە)ی خۆی و(ی.ن.ک) بۆ (دەستپێشخەری و، پێشنیارو، هەوڵەکانی ئاشتی) ئەمەریکا ڕیسوا دەکاو، لە کاتێکدا کە دەستپێشخەرییەکی ئاشتیانەی پارتی و، ئیحتیمالی هاتنەوەی بۆب دۆبجی ناوبژیوانی ئەمەریکی لە حوزەیرانی ١٩٩٦دا لە ئارادا بووە، جەلالیش بە هاریکاریی دۆستانی خۆی لە دەرەوەی سنووردا، خەریکی پیلانی شەوی١٦-١٧/٨/١٩٩٦بوون، جەلال تالەبانی ئەم نامەیەی سەبارەت بەو بابەتە گرنگە و چارەنووسسازانە بۆ ئەندامانی(م.س)ی یەکێتی نووسیوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی لەگەڵ وێنەیەکی دەسخەتدا، بە ئیمزای خودی جەلالەوە:

لە مام جەلالەوە:

بۆم.س /ی بەڕێز

سلاوێکی گەرم

لەسەر بلاوکراوەکەی پارتی هەندێ تێبینی خۆمتان بۆ دەنێرم

یەکەمین: ئەوە سوپادەرە نییە، نوێ ش نییە، بەڵکو کاوێژکردنەوەی ئەوامیری پارتی یە، چۆڵ کردنی هەولێر، ئنجا شتی تریش، ئەویش وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێت.

دووەمین: **نامەیە بۆ دویچ بنێرین بێتەوە، کە هاتیشەوە بەقسەو بە گیروگرفت، یەکی هاتنەکەی بخەین.**

سێیەمین: دروگیدا وەختی بەسەرچوو، لە جیاتیان با داوای ڕێککەوتننامەی پاریس، بڕیارەکانی پەرلەمان، ڕێککەوتنەکانی خۆیی(...).

چوارەم: گۆڕبوونەوە: ئێمە چوین و ئەوان نەهاتنەوە.

پێنجەم: شەوی هێرش بۆ چاوپەستەکی بەیاننیان دەرکرد.

ئیتر خۆشیتان عیلموزانیاری خۆتان

بەکاربهێنن.

هەڤاڵینە

سڵاو

دام نابوو بە بروسکە بۆتان بنێرم کە نامەی کاک د. فوئاد گەیشت بۆیە وام بۆ ناردن.

هەر بژین

ئیمزا

جەلال تالەبانی

١٩٩٦/٦/١٧

قەڵاچوالان

وەک دەبینین بە (دەنگەوەچوونی!) جەلال تالەبانی بۆ دەسپێشخەری و هەوڵ و پێشنیارەکانی ئەمەریکا بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی لە کوردستان، بەوەی کە (بۆب دۆیچ)ای نادبژیوانی ئەمەریکی بە نامەیەک بێنێتە کوردستان و، لێرە بە (قسەو گیروگرفت) پەکی بخات(!)، چ گەمەیەکی ترسناکە بە کێشەی رەوای کورد و چارەنووسی گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی..!!

وەک هەموو هاوڵاتیەکیش هەڵسانە رووی دەم لە جەلال تالەبانی بکەین و بپرسین:

ـ ئەرێ ئەم گەمە کردنە بە چارەنووسی میللەت و نیشتمان بۆ و... لە بەرژەوەندیی کێ و... بۆ رازیی کردنی کام دوژمنە..؟!

ثانياً ـ منذ اندلاع القتال في كردستان العراق وحتى الآن فقد قبلنا جميع المبادرات السلمية التي تقدم بها رجال الدين الكرد، والأحزاب الكردستانية و (INC) والبرلمانيون الكرد وأمريكا وقمنا من جانبنا وتجاوبنا خصوصاً مع جميع المبادرات والمقترحات الأمريكية دون قيد أو شرط"

أيها المصري العزيز..

اعتقد بأنكم تستطيعون التأكد من صحة مضمون رسالتي بالاستفسار من البعثة الأمريكية المتحدة التي زارت كردستان خلال عام

لذلك فالرجاء هو التمييز بين المناضل ضد دكتاتورية صدام والمتواطئ معها ومن الانصاف والعدل ايضاً التمييز بين من يستجيب للمبادرات الأمريكية ويفضل الخيار الأمريكي ومن لا يستجيب لهذه المبادرات ويفضل الخيار العراقي ـ التركي ـ الإيراني.

نحن نتطلع كالسابق الى تفهمكم ومساندتكم الى نضال شعبنا الكردي من أجل السلام والديموقراطية والخلاص من الدكتاتورية الصدامية.

وتفضلوا بقبول احتراماتي الفائقة..

المخلص

جلال طالباني

22

هەموو ساڵێک و لە ساڵیادی کارەساتەکەی زاخۆدا، دەزگاکانی راگەیاندنی (ی.ن.ک)دا فرمێسکی تیمساحانە بۆ خەڵکی بادینان هەڵدەرێژن و، باسی لە کارەساتەکەی زاخۆ دەکەن و، وانیشانی خەڵکی دەدەن کە گوایە دەستیان لەو تاوانەدا نەبووە. ئەمە لە کاتێکدا هەموو خەڵک و رێکخراو و حزب و لایەنە سیاسی و رێکخراوەکانی ناوەوەی کوردستان و، دۆستانی گەلی کوردیش لە دەرەوەی کوردستان دەزانن. کە ئەو تاوانە لە گروپەی (ی.ن.ک)دا بوو و، تاوانبارێش بە زمانی خۆی دانی بە تاوانەکەی خۆیدا هێنا و باسی لە چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکەی کردووە و، کێش لە پشت ئەنجامدانیدا بووە.

ئەم قسە و فرمێسکی درۆ هەڵوێستەی یەکێتی و دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی دیارە و بەو مەبەستە دەکرێن تا تالەبانی و سەرانی دیکەی (ی.ن.ک) لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە دەربهێنن، کە لە دژی خەڵکی بێ دیفاع و کوردی پەروەر و نیشتمانپەروەری دەڤەری بادینان کرایان، بەڵام ئەمەشیان چەشنێکە لە نیشانەکردنی ئەو خەڵکە و شارەی کە ئاگایان لە هەموو کاروکردەوەیەکی سەرانی یەکێتیە و دڵنیان لەوەی کە ئەگەر چەک و پشتیوانی و رێنمایی جەلال و پەنەک نەبوایە، یەکەکەش نەیدەتوانی ئاوێنا درێژە بەو هەموو کارە بێ پاساوانە بدات کە ئەوە ماوەیەکە لە دژی خەڵکی مەدەنی و گوندنشینەکانی ناوچەی بادینان دەکەن.

هەر بەم شێوە و شەپۆلە تەمەكاوی راگەیاندنی ی.ن.ك وای كرد كە بە دەفتەری پروسكە نهێنییەكانی جەلال تاڵەبانیدا بچینەوە. ئەم (٣) نووسراوەمان لێ هەڵبژاردن و، بۆ هەموو لایەكی بسەلمێنین كە جەلال خۆی لە هەموو كەس پتر لە بادینان و خەڵكی بادینان بەشێوە، ئەگەر بڕی بكرێ و بۆی بچێتە سەر لە هەموو كەس زیاتر سالیبراتی بەسەر ناوچەكەو خەڵكەكەیدا دێنێ. بەڵام دیارە دەستی لەو ناوچەیەدا كۆتا كراوەو توانای ئەوەی نەماوە بە دەستی خۆی ئەو كارانە ئەنجام بدات، بۆیە لایەنی تر هاندەدات كە بە وەكالەتی چەندین دوژمن و ... بە هاوكاری خودی خۆی ئەنجامی بدەن.

دوا جەلال كە پیلانگێڕی خۆی لەدەڤەری بادینانا هەبوو، ئاوا فەرمانی ویران كردنی ناوچەكەو، قەتڵوعام كردنی جەماوەری خەڵكەكەی بە مەڵبەندی بادینانی (١) جماعەتەكەی دەدا:

پروسكەی یەكەم:

بۆ/ مەڵبەندی بادینان

لە/ مام جەلال

دەبێ وەزعی سەنتیقە ئاڵۆز بكەن بە هەر رێگایەك بێت، لە (سیمێڵ) تاكو (ئیبراهیم خەلیل...).

پروسكەی دووەم:

بۆ/ مەڵبەندی بادینان ١٩٩٥/١/١٣

لە/ مام جەلال

تكایە وەزعی زاخۆ ئاڵۆز بكەن، هەندێك عەمەلیاتی عەسكەری بكەن لەناو شاری (زاخۆ) وە دەوروبەری.

پروسكەی سێیەم:

بۆ/ مەڵبەندی بادینان ١٩٩٥/١/١٤

لە/ مام جەلال

دەبێت رێگای ئیبراهیم خەلیل ئاڵۆز بكەن و شاحینەكانی توركی ئاگر تێبەردەن.

ئاكامی ئەم پروسكانەش ئەوە بوو كە:

١- رۆژێك پاش ئەم پروسكانە واتە لە ١٩٩٥/١/١٥ تاوانبارێكی سەر بە (ی.ن.ك) كەناوی (ئەنوەر)ە لەگەڵ «٦» چەكداری دیكەیاندا لە رێی زاخۆ - دهۆك رێیان بە كاروانێكی سەیارەی بارهەڵگری توركی گرت و «٦» سەیارەیان لەسەیارەكان بە بارەكانیانەوە ئاگر تێبەردا ولەو بارودۆخە ناسكەشدا رێگەی هاتوو چۆی ئازووقەش بەو بۆنەیەوە بۆ چەند رۆژێك داخرا.

٢- رۆژی ١٩٩٥/٢/٢٧، تاوانكار سەعید عەبدوڵلا دەركاری بەرپرسی عەسكەری مەڵبەندی ای.ن.ك) لە بادینان و جەماعەتەكەی، سەیارەیەكی بەرازیلی پر لە (T.N.T)یان لەبازاڕی قەرەباڵغی پارە گۆڕینەوەی زاخۆدا تەقاندەوەو بووە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی سەدان هاووڵاتیی بێ گوناهی ناوچەكەو، ژمارەیەك خەڵكی بیانیش پێوەبوون كە بە رێكەوت لەشوێنی تەقینەوەكەدا بوون.

بە واتایەكی تر لە ئەنجامی ئەم پروسكانەی جەلال تاڵەبانییەوە تەنها لە دوو عەمەلیاتی خراپكارانەدا پتر لە «١١٠» كەس لەخەڵكی بادینان شەهید بوون و پتر لە «١٦٠» كەسیش بریندار بوون و، دوای ئەمەش سەیارەیەكی تر بە «٧٧٠ كیلۆگرام T.N.T»ەوە لە دەوروبەری دهۆك گیرا و یەكێك لە تاوانكارە سەرەكییەكانی تەقینەوەكەی زاخۆیشی لەگەڵدا دەستگیر كرا. دەنا كارەساتی گەورەتریش روودەدا!!!

كەچی ئێستاش سەعید عەبدوڵلا دەركاریان هێناوەتە سلێمانی و، زۆر بێ شەرمانەش لە رادیۆكەی (یەك)ەوە چاوپێكەوتنی لە گەڵدا ساز دەكەن و بەبێ ئەوەی تۆزێك شەرم لە جەماوەری شەرەفمەندی بادینان و خەڵكی زاخۆی شەهید پەروەر بكەن، ئەو تاوانبارە كە تاوانباری ژمارە یەكی كارەساتەكەی ٢٧ی شوباتی ١٩٩٥ی

السيارات المفخخة بمادة TNT التي داخل قصبة زاخو وكانوا معهم شخصان سودانيان يجهل اسمائهما وقاموا بتهيئة السيارة الملغومة وفي صباح يوم ١٩٩٥/٢/٢٧ بتفجيرها داخل سوق الصرافين في زاخو وادى الحادث الى قتل و جرح عدد كبير من سكان مدينة زاخو اما السيارة المحملة بمادة TNT الى التي قبض عليها في كوري كاڤانا فان الادلة المتحصلة هي افادة الشهود و محضر ضبط السيارة و اعتراف المتهم حيث جاء في افادة الشهود سامي عبدالرحمن حسن و فرار محمد عبدالله و الشاهد محمد علي كلش بانهم كانوا مكلفين بواجبهم الرسمي في سيطرة شرطي في باعدري وفي صباح يوم ١٩٩٥/٣/١٨ جاءت السيارة المرقمة ٤١٢٣٣ من نوع تويوتا ٢ طن تيندري و كانوا مكلفين من قبل الجهات المختصة لالقاء القبض على سيارة تحمل نفس الرقم في سجلاتهم و عند من منهم تلك السيارة لشكوا بها وتمت القبض عليها واخذوا سنوية السيارة من صاحب السيارة و حاولوا اقتيادها الى مخفر باعدري وفي الطريق لاحظ احد الشرطة بان الرقم مغاير للرقم المدون لديهم في سجلاتهم فاخليت سبيلها وغيرت السيارة مسيرها فاتجهت الى كوري كاڤانا وهناك تم القبض عليها اما الشاهد عبدالله حجي طاهر حيث جاء في أقواله بانه يسكن كوري كاڤانا وفي اليوم الحادث وصلت السيارة بيضاء الى كوري كاڤانا وفي داخلها الشخصين سودانيين يتكلمون باللهجة السودانية و قالوا بان سيطرة باعدري سحبت سنوية السيارة و طلبا منه ايقاف السيارة امام باب داره لحين اكمال معاملة السيارة المذكورة وفي نفس اليوم ذهب الشاهد عبدالله حجي طاهر الى دهوك لغرض فاتحة احدى اقربائه وعند رجوعه الى الدار لم يشاهد سيارة المذكورة و علم بان القي القبض على السيارة وانها في مقر الحزب اما الشاهد دزوار معروف شمس الدين حيث جاء في افادته بانه يوم الحادث كان ذاهبا الى المدرسة لكونه طالب لشاهد سيارة بيضاء واقفة امام باب احدى الدور في كوري كاڤانا وعند ملاحظته رقم السيارة ومطابقتها مع الرقم المعمم من قبل مكتب كوري كاڤانا تبين بان الرقم مطابق لرقم السيارة فذهب واخبر الحزب بذلك وتم القبض على السيارة المذكورة وايد اقواله الشاهد دلوڤان موسى عبدالوهاب كونه كان مكلف بمراقبة السيارات الاتية في شارع كوري كاڤانا وانه شاهد سيارة تحمل نفس الرقم المعمم من قبل الجهات الحزبية ثم اخبر مقر الحزب وتم سحب السيارة الى مقر الحزب وعند تفتيشه تبين

بانها محملة TNT اما المتهم احمد صالح عثمان حيث جاء في افادته بانه كلف من قبل حسين رسول للذهاب الى مجمع كوري كاڤانا لمتابعة السيارة المحملة بمادة TNT و معه المتهم يوسف نعمت فذهبا الى مجمع كوري كاڤانا و هناك سأل عن دار المتهم المفرج عنه عادل وكان لم يكن في كوري كاڤانا وانما ذهب هو الى قرية كربلي فذهب الى قرية كربلي و هناك دار الحديث بين المتهم احمد صالح دار المدعو عادل حول السيارة المذكورة لعلم المتهم احمد صالح بان القي القبض على السيارة وهي موجودة في مقر الحزب في كوري كاڤانا ولم يكن بعلم المتهم احمد صالح بان السيارة المحملة بمادة TNT وانما اخبر من قبل حسين رسول بان سنوية السيارة مسحوبة في سيطرة باعدري وعندما رجع من قرية كربلي و بسيارة المتهم يوسف نعمت الى مجمع كوري كاڤانا وبذلك القي القبض عليهما واقتادوهما الى مقر الحزب. عليه لكل ماقدمناه نرى بان المتهم احمد صالح عثمان قد ارتكب جريمتين احدهما وفق المادة الثانية من قانون رقم ٨ لسنة ١٩٩٢ الصادر من المجلس الوطني الكردستاني عن اشتراكه مع المتهمين المفرقة قضيتهم سعيد عبدالله وعلي موسى و حسين رسول بتفجير السيارة المفخخة في داخل زاخو والمادة الاولى من القانون رقم ٨ لسنة ١٩٩٢ الصادر من المجلس الوطني الكردستاني عن قيامه بتعقيب سيارة المحملة بمادة TNT استرادا من قبل المتهمين المفرقة قضيتهم والتي القي القبض عليهما في مدينة كوري كاڤانا عليه و لكفاية الادلة ضده اطلب ادانته بموجب المادتين وفرض العقوبة الاشد بحقه و شكرا.

نائبة المدعي العام

كميلة علي سعيد

١٩٩٥/٧/٢٥

لائحة الدفاع عن المتهم

السادة رئيس واعضاء المحكمة جنايات دهوك المحترمون

م/لائحة الدفاع في القضية المرقمة ٤٢/ج/١٩٩٥

سادتي القضاة

احيل المتهم الماثل امام عدالتكم احمد صالح عثمان على هذه الاجراء محاكمته عن التهمة المسندة اليه وفق المادة الاولى و الثانية من القانون رقم ٨ لسنة ١٩٩٢ الصادر من البرلمان الكوردستاني.

ومن سير التحقيق و المحاكمة فقد اعترف المتهم اثناء التحقيق الابتدائي امام المحقق حاكم التحقيق و محكمة الموضوع بمرافقته للمتهمين كل من حسين علي رسول و علي موسى واربعة اشخاص اخرين من دركار عجم الى زاخو و تواجد معهم في السيارة من لاندكروز وان منفذ العملية ثلاثة اشخاص استغلوا سيارة برازيلي ذات لون احمر وان المدعو حسين على قيام برفع الباب الاساسي الايمن لسيارة الاندكروز وبهذا فقد حدث الانفجار في شارع سوق زاخو وسمع دوي الانفجار على شكل وميض برق كما اعترف المتهم في دور التحقيق بان المتهم الصادر بحقه امر القبض سعيد عبدالله قد اجتمع به مع الاخرين واخبره بموضوع احداث انفجار في عملية ارهابية تخريبية في زاخو بمادة TNT كما سلمه مبلغ الفي دولار كما افاد بانه قد اتفق الاخر لاستقبال و البحث عن سيارة تحمل مادة TNT وفي منطقة كوري كافانا.

فقد علم الجميع بان انفجار قد حدث في زاخو وتطايرت اشلاء الضحايا و الابرياء وصراخ الجرحى المظلومين و تلفت الاموال و السيارات وتم تناسي الضمير و الوجدان الاجتماعي التي بقول الفيلسوف الرازي بان النفس الانسانية اشرف النفوس في العالم ام وان البدن الانساني هي اشرف الاجسام في هذا العالم.

واريد ان اوضح لفاصكم ما يلي:

اولاً: منذ اللحظة الاولى للجريمة تحرك حاكم التحقيق مع ضابط الشرطة واجرى كشف وذكر فيها تفاصيل الحادث و الاضرار و الاثار للسيارة المتفجرة و الحفرة المحلة و الاضرار المادية للسيارات و الدكاكين وردت سيارة (كانت تحوي على

مايقارب (١٠٠) كيلو غرام من مادة TNT الشديدة الانفجار وكان على المحكمة او محكمة التحقيق ان ينظم كشف فني من قبل خبراء المتفجرات على السيارة المذكورة لمعرفة نوع المادة المتفجرة و كميتها و مصدرها واسلوب تفجيرها و معرفة الجهاز الخاص بالتفجير واسلوبه و بالتالي معرفة مصدر هذا الجهد الارهابي! لمن المعلوم ان انفجارا كهذا لاشك يحتاج الى خبراء اتمرو عنهم اعلاه حيث ان القضية خالية من تقرير الفني عملي).

ثانيا: جاء بقرار قاضي التحقيق المؤرخ ١٩٩٥/٣/٢٩ بانه قد انتقل الساعة الى الخامسة و النصف في صباح اليوم المذكور اجريت كشف لمحل الحادث بدلالة المتهم اعلاه) ويقصد المتهم احمد صالح عثمان فاذا كان القصد الكشف لمحل الحادث فقد اجري الكشف حسبما ورد في الاضبارة بتاريخ ١٩٩٥/٢/٢٨ اي نفس يوم الحادث واذا كان القصد كشف الدلالة فانه قد اجري بتاريخ ١٩٩٥/٤/٣ وليس يوم ١٩٩٥/٣/٢٩ ان هذه النقطة تستدعي الايضاح

ثالثا: لم يجر تحقيق جدي حول موضوع الرخصة المدعاة بارسالها واذا كان هناك قانونا لمشكل على القضاء و الوزير.

و التعمق لمعرفة مدى صحة هذا الموضوع و الوقوف على صحة الاعتراض.

رابعاً: جاء اثناء التحقيق الابتدائي امام المحقق و الحاكم بانه قد استلم مبلغ الفي دينار من سعيد عبدالله بينما في المحاكمة ادعى بانه استلم المبلغ من علي موسى وهذا تناقض في الافادة واضح فان على المحكمة دراسة شخصية و نفسية و الاحوال الاجتماعية للمتهم و كيفية معيشته وهل ان استلامه للمبلغ ادى ايجابيا على وضعه المعاشي و لمعرفة صحة الاعتراف المذكور.

خامسا: تناقض واضح في افادته حيث ذكر بانه تحرك رفع الباب من قبل احد المتهمين قد حدث الانفجار امام المحكمة فقد ذكر ان بيده كان جهاز بعثه.

سادتي الحكام

فيما يتعلق بالجريمة وهي تفجيرات السيارة المفخخة فان الدور الذي قام به المتهم ان صح اعترافه واخذ بهذا الاعتراف المتناقض هو بحجم النقطة على ظهر الثور! وان صدر امر القبض بحق الاخرين فان العدالة لاتطالهم الان وان كان مخططا لهم

بعيد عن يد العدالة وتبين ان دور

١- احمد صالح عثمان دور هامشي (مجرد مرافقة للمتهمين المنفذين) ولو لم يكن معهم لحدثت الجريمة ايضاً.

٢- انه لم يكن القائم بالتفجير بل الاخرين.

٣- ان مادة TNTلم تكن بحوزة المتهم الحاضر ولم يقم بوضعها في السيارة البرازيلي المتفجرة ولم يساهم بهذا الفعل.

سادتي الحكام

ماذكرته حول وجوب وجود تقرير فني علمي حول المادة المتفجرة اورده ايضا على السيارة المضبوطة وفيها مادة بحوالي ٧٠٠ كيلوغرام TNT في منطقة كوري كافانا وهي المرقمة ٤١٢٣٣ بثبوت بيك اب ٢ طن

لوصح هذا الاعتراف فان المتهم قليل الادراك و شخص امي وقروي وان سهوله الاعتراف ادى الى الكشف على الجريمة. مع تمسكي بكل المقدمة و الطعن بعدم صحة الاعتراف و اطلب الافراج عن المتهم او تكييف المادة وفق الفقرة الاولى وبند الثانية من القانون رقم ٨ لسنة ١٩٩٢ بالنسبة لجريمة زاخو.

ام بالنسبة لجريمة حيازة المتفجرات في كوري كافانا بـ(سيارة اللاندكروز) فان دوره معدوم ولم يحصل اتفاق جنائي له مع احد وانه قد علم بموضوع ارسال السيارة لوصلح ذلك بعد وصولها الى (كوري كافانا) ولم يخطط لذلك كما انه لم يستلم السيارة ولم يرافقها فقد ضبطت واخذت الى مقر منظمة برايتي في زاويته قبل القبض على المتهم احمد صالح عثمان ولو كانت لديه نية سيئة فان القانون لايعاقب على النيات. واكثر الحالات تشديداً له فاني التكييف لايتعدى المادة ٢٤٨ في قانون العقوبات العراقي واطلب الافراج عنه او تبديل المادة القانونية حول موضوع السيارة المحملة بمادة TNT ولكم جزيل الشكر و الاحترام.

المحامي المنتدب

محمد امين سليمان براوري

١٩٩٥/٧/٥

محكمة جنايات دهوك

٤٢/ج/١٩٩٥

١٩٩٥/٧/٥

اخر اقوال المتهم احمد صالح عثمان

انني اكرر اقوالي وانني نادم على فعلي هذه واطلب الرأفة والرحمة وليست لدي اقوال وانني رجل غبي وشخص امي ساذج واطلب الرحمة وهذه اخر قولي.

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة العدل

محكمة جنايات دهوك

التاريخ ١٩٩٥/٧/٥

رقم الدعوى ٤٢/ج/٩٩٥

رقم الصفحة١

افادة المتهم

١- اسم المتهم وابيه وجده و لقبه: احمد صالح عثمان

٢- تولد: ١٩٦٩- ٢٦ سنة

٣- مهنة: يقوم بتجارة الاسلحة و العملات الاجنبية

٤- محل اقامته: زاخو- العباسية

٥- جنسيته: عراقي

انني كنت اقوم باعمال تجارة الاسلحة و العملات الاجنبية في زاخو وفي احد الايام ذهبت انا و المتهم المفرج عنه يوسف نعمت الى بيت علي موسى و حسين رسول ولهم اقرباء سعيد عبو لغرض استحصال بعض المبالغ التي هي بذمته بعد ذلك ذهبنا الى دار سعيد عبدالله الكائن في دركار عجم و طلب مني علي موسى ان احظر في اليوم الثاني وفي اليوم الثاني ذهبت بسيارتي ثم استدركه قال ذهبت

توجهنا ثم ركبت مع علي موسى في سيارة لاندكروز من دوكان الى زاخو وكانت هناك سيارة برازيلي لم اشاهد من كان فيها وتكلم معهم علي موسى ثم تحولت سيارة اللاندكروز في السوق وانفجرت في مكان الانفجار وان سيارة البرازيلي التي حدثت الانفجار وكان في سيارة اللاندكروز علي موسى و حسين رسول وشخص اخر لا اعرفه وان علي موسى و حسين رسول فتح السيارة وحينما فتح حسين رسول السيارة وكان بيده جهاز و ضغط على احد الازرار ثم حدث الانفجار واني لم اشاهد كيفية الانفجار وان علي موسى كان قد اخبرني قبل الحادث وفي يوم الحادث بانهم سوف يذهبون الى مهمة بتفجير سيارة مفخخة في زاخو وكان مع المتهم علي موسى ثلاثة اشخاص اخر لااعرفهم وتبين بانهم من منطقة سوران حيث تبين ذلك من مظاهر السنتهم واني نزلت من السيارة بعد الانفجار من سيارة البرازيلي حيث قمت بنقل احد المصابين الى المستشفى كما تضررت سيارتي و شاهدت بانها قد تعرضت الى اضرار واني ليست لدي معلومات عن كيفية وضع المتفجرات و تفخيخ السيارة و تفجيرها الا اني علمت بان علي موسى و حسين رسول هما اللذان قاما بتنظيم و حسب المعلومات الذين قالوا لي علي موسى و حسين رسول بان السيارة المفخخة قد جلبت من اربيل من قبل احد المسؤولين من الاتحاد الوطني وهو كسرت رسول و حسن [illegible] واني لم اطلع على بعض الاوراق و التي كان يحملها علي موسى و حسين رسول و قبل حدوث الانفجار كنت من المستقلين لم انتسب الى حزب الاتحاد الوطني وان المتهم الهارب علي موسى قد اعطاني مبلغ الفي دولار لاشتراك معهم في هذه العملية بتفجير السيارة واني تصرفت بقسم من تلك الدولارات وبقي القسم الاخر لدى علي موسى واني استلمت تلك المبالغ لقاء دوري في تفجير السيارة كما طلب مني المتهمان علي موسى و حسين رسول بان لا افشي السر لاحد و بخلافه سوف يقومون بقتلي وانه لم [illegible] الى الاتصال بالمسؤولين في زاخو واخبارهم بالسيارة الملغومة قبل تفجيرها وان الاشخاص الذين اجتمعوا في دار علي موسى وهم كل من حسين رسول و سليم عبدالله و سعيد عبدالله وعلي موسى و اربعة اشخاص غرباء اخرين انهم خططوا لهذا الموضوع في دار سعيد عبدالله وهو المسؤول العسكري لاتحاد الوطني في دوكان [illegible] ذلك علمت بالاتفاق الذي حصل و قرارهم على تفجير السيارة الملغومة.

س: جاء بافادتك امام حاكم تحقيق اسايش دهوك بانه في يوم ١٩٩٥/٢/٢٧ وفي حوالي الساعة الثامنة و عشرين دقيقة وفي دار سعيد استقر الرأي على

تفجير السيارة في مكان مزدحم بالسكان في محلة كيسته اي في سوق الكيسته وانك ادعيت بانه لم يكن لك علم بكيفية المؤامرة في تفجير السيارة الا في الساعة تحريك السيارة؟

ج: واني لا اتذكر الافادتي التي ادليت بها امام حاكم التحقيق ان الاتفاق الذي اشرت اليه في افادتي غير صحيحة لانها كانت في قبل يوم الانفجار بيوم واحد.

س: من الاعضاء [illegible] سعيد عبدالله كان مسؤول عسكري في المكتب العسكري هل وردتك برقيات من جهة اخرى بتفجير السيارة الملغومة؟

ج: لم يبق لي سعيد عبدالله بيننا الا وردتهم برقية حول تفجير قنبلة واني بعد ان شاهدت الانفجار ذهبت الى السيارة الاخرى اللاندكروز الى جهة اخرى لااعرف [illegible] ٧٥ [illegible] في كوري كافانا [illegible] بتاريخ ١٩٩٥/٣/١٨ كان المتهم علي موسى قد جاء الى داري وطلب من اهلي ان [illegible] و [illegible] يوسف [illegible] الى داره لطلب بعض الديون و هناك شاهدت ثلاثة اشخاص و كان هناك [illegible] حسين رسول و علي موسى و [illegible] عبدالله و ثلاثة اشخاص اخرين من القرية و شخص اخر غريب من منطقة (السوران) لم اعرف اسمه [illegible] علي موسى [illegible] في اليوم الثاني وقال لي علي موسى بان هناك سيارة [illegible] في اليوم الثاني [illegible] الى سوق زاخو [illegible] حسين رسول [illegible] الى كوري كافانا [illegible] ١٩٩٥/٣/٢٨ [illegible] حسين رسول بان هناك سيارة [illegible] TNT [illegible] السيارة و [illegible] السيارة [illegible] كوري كافانا [illegible] السيارة [illegible] المتفجرات [illegible] المتفجرات [illegible] امام حاكم التحقيق [illegible] في تفجير السيارة [illegible] المتفجرات [illegible] العدد الكبير من الابرياء

واني نادم على فعلي هذه واني متزوج ولي ثلاثة اطفال وان المتهم علي موسى كان قد اخبرني قبل ضبط السيارة في كوري كافانا بان فيها كمية كبيرة من المتفجرات وكانت النية تفخيخ ثلاثة سيارات و تفجيرها في دهوك ولااعلم الجهات التي يفجرها في دهوك وان حالتي المالية قبل الحادثة حالة متوسطة واني شعرت بالندم الشديد بعد الانفجار لان بعض اقربائي كانوا ضحية الحادث واني غير محكوم سابقا.

س: (من وكيل المتهم) كم من المبلغ الذي استلمته من علي موسى دفعتها لزوجتك؟

ج: لم ادفع اي مبلغ لزوجتي من المبالغ التي استلمتها وهذه افادتي.

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة العدل

٩٥/ج/٤٢

٩٥/٧/٥

التهمة الاولى

محكمة جنايات دهوك

١- توجيه التهمة

اني محمد علي نوري البريفكاني رئيس محكمة جنايات دهوك اتهمك بان احمد صالح عثمان

بانك في يوم ١٩٩٥/٢/٢٧ وفي الساعة ٨,٤٠ صباحا جلبت بالاشتراك مع المتهمين الهاربين المفرقة قضيتهم كل من سعيد عبدالله جانكير و سليم عبدالله جانكير و علي موسى علي واربعة اشخاص سورانيين اخرين مجهولي الاسماء، سيارة برازيلي مفخخة بالمتفجرات و قمتم بتفجيرها في سوق زاخو بالقرب من السوق العلوه وادى ذلك الى مقتل ٩٤ شخص واصابة ١٨٥ اخرين والحاق اضرار

بليغة بالاموال و المحلات وتدعي انت بانكم قمتم بذلك العمل بناء على طلب بعض المسؤولين من حزب الاتحاد الوطني الكردستاني واستلمت لقاء ذلك مبلغ الفي دولار من المتهم المفرق قضية سليم عبدالله وبذلك تكون قد راتكبت جرما يستلزم العقاب المفروض في المادة الثانية من القانون رقم ١٩٩٢/٨ قانون معاقبة حيازة وصنع واستعمال المتفجرات و المفرقعات بدلالة مواد الاشتراك ٤٧، ٤٨، ٤٩ عقوبات.

واني بموجب هذا آمر باجراء محاكمتك بناء على التهمة المذكورة.

الرئيس/ القاضي

٢- الجواب على التهمة

هل انت

مذنب ام برىء

مذنب

الرئيس/ القاضي

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية

وزارة العدل

٤٢/ج/ ٩٥

١٩٩٥/٧/٥

التهمة الثانية

محكمة جنايات دهوك

